ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
٣٧
جۆزەردانی ١٣٩٢
june 2013




بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن

ئاسەواری تەڵاق لەسەر منداڵان

وتووێژی رۆژنامەی "دوارۆژ" لەگەڵ حەلیمە رەسووڵی

لیبراڵ فێمینیزم، بزووتنەوەیەک بۆ ژمارەیەک ژن

پێویستە هاوپێوەندی و یەکدەنگیمان بپارێزین و بیکەینە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## لە پێوەندی لە گەڵ سووکایەتی کردن بە جلوبەرگی ژنان

## لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری مەریوان

رۆژی دووشەمە رێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ لە شاری مەریوان هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سزادانی پیاوێکی بە قسەی خۆیان تاوانبار جلی کوردیی ژنانیان دەبەر کردو بە شوێنە گشتیەکانی شاردا گێڕایان . ئێمە وەک ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان ئەو کردەوەیەمان بە توندی مەحکوم کردو پێمان وایە کە ئەم کارە سووکایەتیە بە پێگەی ژنی کورد.

هەر لەم پێوەندیەداو لە درێژەی مەحکوومکردنی ئەو حوکمەی حاکمی شاری مەریوانداو بە نیشانەی رێزگرتن لە کەسایەتیی ژنی کورد، کۆمەڵێکی بەرچاو لە پیاوانی هەڵسووڕی بوارە جوراوجۆرەکانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لە حەرەکەتێکی سەمبولیکداو بە دەبەرکردنی جلوبەرگی رازاوە ژنی کوردو بە دیفاع لە پێگەی ژنی کوردو کەسایەتیەکەی، بێزاریی خۆیان لەم کردەوەیەی دەزگای بە ناو قەزایی رێژیم دەربڕی. لەم پێوەندیەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی ئەم کۆمەڵە لە پیاوانی کورد بەرز دەنرخێنێو پێزانینی خۆی لەم پێوەندی یەدا دەردەبرێ.

ژنانی کوردستان دەمێک ساڵە سەلماندوویانە کە خاوەنی شوناسو پێگەی ڕاستەقینەنو لە زۆر بواردا رۆڵو بوونیان کاریگەرەو جلی ژنانی کوردیش یەکێکە لە هێما پیرۆزەکانی ژنی کورد . ئەگەرچی لە ڕێژیمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ. بەو هۆیە کە لە چوار چێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام ژن وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر کراوە . جارێکی دیکە ئەو کردەوەیە مەحکووم دەکەینو دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی سەرجەم چالاکا نی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان .

یەکیەتیی ژنانی

دیموکڕاتی کوردستان

٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢ با ژنان دەنگ نەدەن بە پیاوانێک کە یاسایان لە دژی دادەڕێژن
٣ پێویستە هاوپێوەندیو یەکدەنگیمان بپارێزینو بیکەینە دەسمایە بۆحەرەکەتەکانی داهاتوومان
٥ بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن
٧ سووکایەتی بە ژن یان خستنە ژێرپرسیاری پیاوێتی کورد؟
٩ وتووویژی ڕۆژنامەی دوارۆژ لە گەڵ حەلیمە ڕەسوولی سەرنووسەری گۆڤاری ژنان
١٠ جیابوونەوەی دەروونی ژنو مێرد
١٢ ئاغای یەزدی! ئێران وڵاتی ژنانیشە!
١٣ ئاسەواری تەڵاق لە سەر منداڵان
١٥ مۆدێرنیتە و رزگاریی ژن
١٧ گەمژەیی بەمجۆرە بەرهەم دێ
١٨ دڵەراوکێکانی ژیان دوای تەڵاق
١٩ نە ئەمن پیاوم نە ئەتو ژن
٢٠ زمانی ژنان ئۆسکار مان
٢١ لیبراڵ فێمینیزم، بزووتنەوەیەک بۆ ژمارەیەک ژن
٢٣ ئەری ژن بوون تاوانە؟!
٢٥ بەشداری سیاسی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا
٢٦ سوقراتی بریندار
٣١ ژن ئەستێرە
٣٢ هەڵدانەوەی لاپەڕی ژیانی ژنێک
٣٤ کلاویک بۆ بەهار شانۆ نامە
٣٦ جەستەو رۆح وەک هێمایەک بۆ ژنو پیاو
٣٧ بەسەرهاتی کچێکی ١٢ ساڵانە
٣٨ بەشی ئەدەبی
٤٥ زانستی
٥٢ هەواڵوچالاکی
٥٩ فارسی
٦٠ ئینگلیزی



سەرنووسەر: حەلیمە ڕەسووڵی
دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی، رۆژە عەزیزی
هاوکاران، مەندانە حەبیبزادە، شەونم هەمزەیی، بێگەرد عەلیپوورو سۆهەیلا قادری


وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە




بۆ پێوەندی گرتن بە گۆڤاری ژنانەوە
سەردانی فەیسبووکی سەرنووسەر بکەن:
www.facebook.com/helime.rasuli
ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:
00964-7702103121



دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد
دیزاینی ناوەوە: مینا سوڵتانزادە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# با ژنان دەنگ نەدەن بە پیاوانێک کە یاسایان لە دژی دادەڕێژن



حەلیمە ڕەسوولی

ئەگەرچی ئەمساڵ و لە بەرەبەری یازدەیەمین خولی هەلبژاردنی سەرۆککۆماری دا جۆریک بێدەنگی لە لایەن چالاکانی بزووتنەوەی ژنانەوە هەست پێدەکرێت بەڵام ئەم بێدەنگییە رەنگە لە ناوەڕۆکی خۆیدا ڕەخنەیەکی گەورەبێت لە یەکدەست بوونی کاندیداکان و یەک جنسی بوونی ئەوان ژنان لە ئێران لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆککۆماری مەحموودی ئەحمەدی نیژاددا زۆر یاسایان لە دژی پەسند کراو کە ئەم یاسایانە بە کردەوەش کاریان پێکرا. ئەمساڵیش کاندیداکانی ئەم پۆستە لە پروپاگەندەکانییاندا بەردەوام نەقشی دایکی چاک و هاوسەری باش و ماڵدارێکی بە ئیمان لە ژنان وێنا دەکەن و چەمکێکی وەک فیمینیسم بە بیرۆکەیەکی رۆژئاوایی وەسف دەکەن کە بۆ کۆمەڵگای ئێران نەشیاوە کەوابوو هیچ بەرنامەیەکی دڵخۆشکەر بۆ ژن لە ڕیزی بەرنامەکانی دەوڵەتی داهاتوودا نابینرێ . ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە لە برگەو مادەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی دەبینیین کە لە ئەسڵی ١١٥ یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا وشەی رجل بە واتای پیاو وەک کەسایەتی سیاسی هاتووە کە بە پێی ئەو مادەیە سەروک کۆمار دەبێ پیاوبێ، پیاوێکی سیاسەتمەدار و باوەڕمەند بە مەزهەبی رەسمیی وڵات کە شیعەی دوازە ئیمامییە خاتوو ئەعزەمی تاڵەقانی سکرتێری کۆمەڵگای ژنانی کۆماری ئیسلامی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بۆ ئەوەی کە روونی بکاتەوە کە پێناسەی ئەو وشەیە لەو بەندەی یاسادا بە چ واتایەکە خۆی بۆ سەروک کۆماری پاڵاوت، بەڵام لە جیدا لە لایەن شوڕای نیگەهبانەوە ڕەدی سەڵاحییەت کرا . لە هەڵبژاردنی ساڵی١٣٨٤ یشدا بۆ جارێکی دیکە ئەو خانمە لەگەڵ ٨٩ ژنی دیکە خۆیان کاندید کرد کە هەموویان دیسان ڕەدی سەڵاحییەت کرانەوە. هەرچەندە ئەوان لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیدا لە بەر دەرکەی دەفتەری سەروککۆماری دا کۆبوونەوەیەکی ڕەخنەییان ڕێک خست، بەڵام هیچ وەڵامێکیان پێ نەدرایەوە.

ئەم ساڵیش لە بەربەری هەڵبژاردنی یازدەیەمین خۆلی هەڵبژاردنی سەروک کۆماریدا ١٢ ژن بۆ خۆپاڵاوتن ناونووسی‌یان کرد. بەڵام ئەمجارەیان تەنانەت لەلایەن شوورای نیگابانەوە هەر رەدی سەلاحییەت نەکران، بگرە سووکایەتیشیان پێ کرا.

ئایە تولا محەممەد یەزدی، سەرۆکی پێشووی دەزگای قەزاییو ئەندامی ئێستای شوڕای نیگابان، لەم پێوەندیەدا رایگەیاند ئەم ژنانەی کە بەربژێری سەرکۆمارین وەک ئەو کەسانە دەچن کە لە ئاوایی رایاننناگرن، بەڵام لە ماڵی کوێخا دەپرسن.

ناوبراوگوتبووی یەکێک لەم ژنانە گوتوویەتی ئەگەر من ببمە سەرکۆمار، نیوەی کابینەکەم لە خانمانو نیوەکەی دیکەش لە پیاوان پێک دێنم. ئەوە لە حاڵێک دایە کە قانوون رێگە بە ژنان نادا ببنە سەرکۆمار، ئی‌دی ئەم کەسە لەئێستاوە چۆن پێکهاتەی کابینەکەشی دیاری کردووە؟

لە وڵاتێک دا کە حکومەتێکی دێموکڕات دەسەڵاتدار بێت بێ گومان نەقشی ژن و پێگەی ژن و رۆڵی ژن لە هەمووشتێک دا بەرچاو دەکەوێت و لە پرسێکی چارەنووس سازی وەک هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریشدا ژنان دەوریان دەبێ و بەم جۆرە کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دیموکڕاسی و دابین بوونی مافی بەرابەر دەبەن . بەلام لە ئێران دا کە ژنان لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا شان بە شانی پیاوان بەشداریان کرد بە و هیوایەی کە وڵاتێکی ئاوەدان تر بە مافی زیاترەوە ساز بکەن تا ئێستاس لە زۆر بوواردا و یەک لەوان پرسی بوون بە سەروەککۆمار هیچیان پێنەبڕاوەو ، ژنانێک کە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکاندا هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە ، پێگەیان لە کوێی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و بە چەندە دەسەڵاتەوە ؟ لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی دا تا بە ئێستا کە باروودۆخێکی گونجاو بۆ ژنان لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەخولڵقاوە و، وپرسیار ئەوەیە کە هێلی هز رو ئەندێشەی ژنی ئێرانی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زوڵم و نابەرابەری لە کوێ و چەند سالی دیکە بۆ ئەوە دەبێ کەلکی لێوەربگیردرێت . دەنگ دان و هەڵبژێردران دوو مەسەلەی تەواو لێک جیاوازن لە ئیران ژنان مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام مافی خۆ پاڵاوتنیان بۆ پۆستێکی سەرەکی وەک سەرۆککۆماری نییە کە ئەمە لە ناوەڕۆکی خۆیدا بێ ڕیزییەکی یەکجار گەورەیە بە ژنان و ژنی ئێرانی دەبێ هەستی پێ بکات و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم یاسایەو هەموو یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەیەکی تۆکمەو گشتگیر وەڕی بخات و بەردەوام لە حالّی خەباتدابێ و چیتر لە فانتازیای دیموکڕاسی لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی و کلتووری ئەم نیزامەدا قەتیس نەمێنن . کۆماری ئیسلامی دواکەوتوویی خۆی بۆ هەموان وێنا کردووە و هیچ شتیکی شاراوەی نییە، کەوابوو دەنگی ژنان هیچ گۆڕانێک بە قازانجی ویسەکانیانی تێدا نییە و تەنیا و تەنیا ڕەوایی پێدانە بە دەسەڵاتی ناعادیلانەی ڕژێم و درێژ کردنەوە ی تەمەنی ئەو رژێمە دیکتاتۆرە .

ژنی ئێرانی دەبێ بیسەلمێنێ کە لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی بڕیارداندا و لە پۆستە سەرەکی و چارەنووس سازە کانداده تووانێ رۆڵی هەبێت و بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگ دان نیشانی بدەن کە ئەوان تەنیا ئەبزار و کەرەسەیەک نیین بۆ پڕ کردنەوەی سندوقەکان و بەڵکوو شایستەی ئەوە بوون کە هەڵبژێردرێن و هەڵیان بژێرن و بەم جۆرەی نایەکی دیکە بڵێن بە نیزامی کۆماری ئیسلامی و چی دیکە پیاوانێک هەڵنەبژێرن کە دواتر یاسای دژی ژن گەڵاڵە دەکات و دایدەبەزێنی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێویسته هاوپێوەندیو یەکدەنگیمان بپارێزینو بیکەینە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان



**کویستان فتووحی**

ئەو ڕووداوەی لە مەریوان ڕووی دا، هیچ حاشای لێناکرێ سووکایەتییەکی ئاشکرای دەسەڵاتو سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی بە ژنان بوو. لەبیرمان بێ ئەو حوکمەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، لە مەریوان دراو بەڕێوە برا، لە ڕووی بیروباوەڕەوە بوو. لە باوەڕی کاربەدەستانو بڕیاردەرانی ئەو سیستمەدا ژن مرۆڤێکی سووکە. بۆیە دێن لیباسی ژنان دەکەنە بەر پیاوێکی تۆمەتبار بۆ تەمبێ کردنی!

بە دوای ئەم سووکایەتییەدا، حەرەکەتێکی ناڕەزاییدەربڕین لە شاری مەریوان وەڕێ خرا کە پێشەنگەکەی، ژنان بوون. پاشانیش کەمپەینێک لە ژێر ناوی «ژنبوون کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتیو سزادانی هیچکەسێک»دا بەڕێوە چوو، دەتوانم بڵێم پیاوانی یەکسانیخوازو دیموکراتو بوێر لەم کەمپەینەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو.

## پێش هەموو شتێک ئەو حەرەکەتە دەبێ وەک چالاکییەکی شوێندانەری مەدەنی چاو لێبکەین

چالاکییەک کە هەم لە کورتخایەندا، دەسکەوتی هەبوو، هەم کاریگەریی لە سەر حەرەکەتەکانی داهاتووی ژنان لە کوردستاندا دەبێ. ڕاستە چەخماخەی ئەم حەرەکەتە ژنانی مەریوان لێیان دا، بەڵام بە پشتیوانیی ژنانو پیاوانی بوێرو ڕچەشکێن لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، توانی بگاتە ئەو جێگایە.

## با هەڵوێستەیەک لە سەر چەند لایەنێکی ئەم حەرەکەتە بکەین

لە پێشدا با لە سەر پاڵنەرو زەمینەکانی وەڕێکەوتنی ئەو کەمپەینە بوەستین کە دوای حەرەکەتی وشیارانەی ژنانی مەریوان دەستی پێکرد. کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەریوان لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانەیان وەک سزایەک بۆ پیاویکی تۆمەتبار دیاری کردو بەنێو شاردا گێڕایان، دەبوو نەک هەر لە مەریوان بەڵکوو لە هەمووکوردستانو ئێران ئێعتراز بەو حوکمە بکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەدیترا.

ئەوەندەی پێوەندیی بە پیاوانەوە هەیە: سووکایەتیکردن بە ژن، سووکایەتیکردنە بە مرۆڤایەتی، هەر پیاوێک باوەڕی بە مرۆڤبوونی ژنو یەکسانیی ژنو پیاو هەبێ، ناتوانی لە ئاست سووکایەتی بە ژن، بێدەنگ و بێهەڵوێست بێ. ئەوە کە کۆمەڵێک پیاو بە نیشانەی پشتیوانی لە چالاکانی ژن لە مەریوانو ئێعتراز بەم حوکمە پڕلەسووکایەتییە هاتن جلوبەرگی ژنانیان دەبەر کرد بۆ ئەوە بوو بە کۆماری ئیسلامی بڵێن: «ئەگەر ئەتۆ ژنبوون بە سووکایەتی دەزانیو دەتەوێ بە دەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە سووکایەتی بە کەسیک لە ڕەگەزی نێرینە بکەی، ئێمەی پیاو، دژی ئەم ڕوانینە دواکەوتووانەیەت دەوەستنیەوەو بۆ نیشاندانو سەلماندنی باوەڕمان بە شەئنو ئینسانبوونی ژن، ئامادەین جلوبەرگی ئەوان لە بەر بکەین! هەربۆیە ئەم حەرەکەتەی پیاوان بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرەڕوانینو بیرکردنەوە پڕ شوورەییەیەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوو.»

ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی حەرەکەتێکی سەمبولیک بوو، بوو بە هۆی ئەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ئینترنێتو سایتو کاناڵەکانی ڕاگەیەنندا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبێ،و ببیتە هۆی وەڕێکەوتنی پشتیوانییەکی باش بۆ ناڕەزایەتیی ژنانی چالاک لە مەریوان.

بەڵام با کەموکوڕییەکانیش نەشارینەوە، لە مەریوان کاتێک ئەم سووکایەتیکردنە ڕووی دا، خەڵک زۆر ئاسایی چاویان لە قەتاری ماشێنی هێزە ئینتیزامییەکان دەکرد! بەبێئەوەی داچڵەکینێک ڕوو بدا. ڕۆژی دواتر کە دەنگی نارەزایەتی بە دژی ئەم سووکایەتییە بەرز کرایەوەو خەڵک هاتنە سەرشەقام ئەو حەرەکەتەیان وەڕێ خست، ژمارەیەکی کەم لە چالاکانی مەدەنی بوون. فیلمو وێنەکان ئەوەمان پێنیشان دەدەن....

## بەڵام گەورەبوونەوەکەی:

چەند چالاکێکی ژن لە فەیسبووکدا ڕوویان لە پیاوان کردو پێیانگوتن «ئەگەر دەتانەوێ پشتیوانی ئەم حەرەکەتە بن بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەبارەی بەسووکسەیرکردنی ژنانەوە، لیباسی ژنان دەبەر بکەن». بە خۆشییەوە ئەو کارە لە لایەن کۆمەڵێک لە پیاوانەوە دەستی پێکردو لە لاپەڕەی فیسبووکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. ڕەنگە ئەگەر پیاوان ئەو حەرەکەتەیان نەکردایە، بەو جۆرەی ئێستا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوایە.

بەڵام با ئەوەش نەشارینەوە کە لە نێو بەشێک لەو پیاوانەدا خەریکە ئەسڵی مەسەلەکە کە سووکایەتی بە ژنانە، دەخریتە پەراوێزەوە. چونکە ئەوەی بە لایانەوە گرنگە، کوردیبوونی جلوبەرگێکە کە دەبەر پیاوە تۆمەتبارەکە کراوە نەک ژنانەبوونی جلوبەرگەکە!! هەر بۆیە لە جیاتی سەیرکردنی کردەوەکە وەک سووکایەتی بە ژن، وەک تەوهین بە کوردو کوردایەتی باسی دەکەن.

حاشا لەوە ناکرێ کە دوژمنانی نەتەوەی کورد لەمێژە بە شێوەی جۆراوجۆر سووکایەتی بەم نەتەوەیە دەکەن. بەڵام لەوەی مەریواندا کێشەکە شتێکی دیکە بوو. سووکایەتیی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤی ژن بوو. بەبڕوای من لەو مەسەلەیەشدا خەریکە کێشە ئەسڵییەکە



دەخرێتە پەراوێز. جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین،کە لەنێو هەربزووتنەوەیەکی کوردا، پرسی یەکسانیخوازی و کێشەکانی ژنان، کەوتۆتە پەراوێز! بەڵام ئەوحەرەکەتە کە پیاوان بە دوای ئەم سووکایەتی‌یەدا، دستیان پێ‌کردوە گوتارو پەیامی ئینسانی‌و یەکسانی‌خوازانەی هەیە. با نەهێڵین ئەم لایەنە درەوشاوەی حەرەکەتەکە بە ناوی داکۆکی لە کوردایەتی‌و نەتەوەپەروەری، کەمڕەنگ بکرێتەوە.

## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆچی لە کوردستان ئەو کارە دەکا؟

خۆمان باش دەناسین، ئایا کۆماری ئیسلامی لە دابونەریتی کوردستان‌ڕا دەبینێ بۆیە دەوێرێ کارێکی لەم شێوە بکا؟ دابونەریتی کوردستان تا ئەمڕۆش بیری بەسووک چاولەژن‌کردنی بەسەردا زاڵە. کێتان ئەم وشانەتان بە گوێ ئاشنا نین: پیاو نەبم کە تۆڵە نەستێنم! دەرپێی ژنانم لەبەر بێ کە فلان کارەی نەکەم!

بەڵام لەهەرحاڵدا ئەوحەرەکەتە پاشەکشەیەکی بە کۆماری ئیسلامی کرد. ڕێژیم ترسی ڕێ‌نیشت کە مەسەلەکە گەورە بێتەوەو شارەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی نەی‌دەتوانی دیفاع لەوکارە شەرماوی‌یەی دەمڕاستو کاربەدەستانی خۆی بکا، چونکە نە لە قانوون‌دا هەیەو نە لە ئایینی ئیسلام‌دا ڕێگە دراوە ئینسانێکی خەتاکار بەم‌شێوەیە سزا بدرێ.

ناوەندی کاروباری ژنان‌و بنەماڵە کە ناوەندێکی سەربە دەزگای سەرکۆماریی رژێمی ئیسلامیی ئێرانە، لە راگەیەندراوێک‌دا رای‌گەیاند کە گێڕانی پیاوێک بە لیباسی ژنانەوە لە مەریوان، کارێکی ناشایستەو ئەوان مـەحکوومی دەکەن‌و داوایان لە پۆلیس کردوە بەهۆی ئەو کارەیان ڕوون‌کردنەوە بدەن. ئەم کارەی پۆلیسی مەریوان هەروەها لە لایەن ١٧ نوێنەری مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌یەوە مەحکووم کرا. ئەو ناوەندە لە راگەیەندراوەکەی‌دا دەڵێ: ئەو کارەی هێزی ئینتیزامیی مەریوان نیشانەیەکی روونە لە تێگەیشتنی هەڵە لە جینسی ژن‌و نەناسینی ژنان. لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا هاتوە: ویژدانە نەنووستووەکان دەزانن کە ئەو جۆرە کردارە گەوجانەیە، بەرهەمی روانگەو سەلیقەی تاقەکەسی‌یەو لە روانگەی ‹› نیزامی کۆماری ئیسلامی›› دوورە. ئەو جۆرە لێدوان‌و روون‌کردنەوانە، چ بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە بن‌و چ بۆ پێشگیری لە دووپات‌بوونەوەی کردەوەی لەم چەشنە، یەک ڕاستی دەگەیەنن کە حەرەکەتی ئەم دوایانە، کاریگەریی خۆی هەبووە.

## قسەی کۆتایی:

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی پاشەکشەیەکی کردوە، بەڵام ئێمە هیچ چاوڕوانی‌یەکمان لەو دەسەڵاتو سیستمە لە ئێران‌دا نیە، ڕوانینی بەرانبەر بە ژن بگۆڕێ. بەڵام ئایا دەبەرکردنی جلوبەرگی ژنان لە لایەن پیاوانەوە دەکرێ ئاڵوگۆڕێکی فکری لە ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ ژنان‌دا پێک بێنێ؟ بەدڵنیایی‌یەوە کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەو پیاوسالاری لەنێو هەستو نەستی هەرتاکی ئەو کۆمەلگەیەدا بە ژن‌و پیاوەوە هەیە، بەڵام دیسانیش ئەو جۆرە حەرەکەتانە نیشانەی ئەوەن کە ئاڵوگۆڕێک لە ڕوانینەکان‌دا پێکهاتوەو نیشانەی ئەوەیە بیری پیاوسالاری خەریکە کەم‌کەم جێگەی خۆی دەدا بە یەکسانیخوازی و مرۆڤتەوەری. با لێرەوە داوا لە هەموو ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان بکەین کە پیویستە ئەم هاوپێوەندی‌و یەکدەنگی‌یەمان بپارێزین‌و بیکەین بە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە بیانووی حوکمی دادوەری مەریوان و پێگەی ژن



عومەر باڵەکی

ماوەیەک لەوە پێش لە شاری مەریوان تۆمەتبارێک لە لایەن دادگای ئەو شارەوە بە پۆشینی جلی کوردیی ژنانو گێرانی بە نێو شار دا مەحکووم کراو لە لایەن هێزی بە ناو ئینتزامیی ئەو شارە حوکمەکە ئیجرا کراو ئیجراکردنی ئەو حوکمە بەو شێوەیە ئیعترازو نارەزایەتیی ژنانی مەریوانی لێکەوتەوەو لە ماوەی چەند ڕۆژدا نارەزایەتی بەو حوکمە شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو تەنانەت دەرەوەی کوردستانی گرتەوەو داکۆکیکارانی مافی ژنان بە وەرێخستنی کەمپەینی ئیعترازی پشتگیریان لە ژنانی مەریوان کرد.

لەو نووسینەدا ناچینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کە ئایا ئەو کەسە کە سزا دراوە بە پۆشینی جلی ژنان تاوانبارە یان نا؟ ئەوەی لەو بابەتەدا جێگای سەرنجو تێڕامانە ئەو حوکمەیە کە لە لایەن دادوەری دادگای مەریوانەوە دەرچووەو لە لایەن هێزی بەناو ئینتزامی شاری مەریوانەوە ئیجرا کراوەو تاوانباریان بە جلی ژنانەوە بە سواری ماشێن بە نێو شاردا خولاندۆتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند لایەنی کۆمەڵایەتیو یاساییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو حوکمە بکەین. بەڵام پێویستە لە پێشدا ئیشارە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە بزانین سزا بۆچی دیاری کراوەو ئەو سزایە کە دادوەری شاری مەریوان بۆ ئەو تاوانبارەی دیاری کردوە دەچێتە خانەی ئەو پێناسانەی کە لە بواری یاساییدا لە سزا کراوە.

سزا بە پێناسەیەکی کورت: «قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەیە کە بە هۆی تاوانێکەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا یان تاکێک کەوتووە نەزمی نێو کۆمەڵگەی تێکداوەو لە ڕێگای سزادانی تاوانبارەوە هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێتەوە» یان بەواتایەکی دیکە بە سزادانی تاوانبارەهەم قەرەبووی مادی‌و مەعنەویی تاوان لێکراوەکە بکرێتەوەو هەم دەرسێک بێ بۆ کەسانی دیکە کە تاوانی لەو چەشنە ئەنجام نەدەن دەنا تووشی لێپێچانەوەی قانوونی دەبن‌و سزا دەدرێن.

لە ژێر ڕووناکایی ئەو پێناسەیەدا کە لە سزا کراو ئەو حوکمەی داوەری شاری مەریوان وەک سزا بەسەر تاوانباردا سەپاندوویەتی، دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئەو سزایە قەرەبووی ئەو زیانەی کردۆتەوە کە بەهۆی تاوانی تاوانکار لە کۆمەڵگا بە گشتی یان تاک بە تایبەتی کەوتوە؟

ئایا لە برگە قانوونی‌یەکانی سزادانی گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوە کە جلوبەرگی ژنان وەک سزایەک دەبەر پیاوان بکرێ‌و یان بە پێچەوانەوە جلوبەرگی پیاوان وەک سزا لەبەر ژنان بکرێ؟ وەڵامی هەر دوو پرسیار بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە لە هیچ برگەیەکی سزادانی کۆماری ئیسلامی‌دا سزای لەو بابەتە نابینرێ‌و ئەو سزایە نەی‌توانیوە ئەو هاوسەنگی‌یەک لە کۆمەڵگەدا دروست بکاتەوە کە بە هۆی تاوانی، تاوانکار تێک چووە. لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەی چۆنە دادوەری شاری مەریوان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە حوکمی لەو شێوەیە بەسەر تاوانباردا بسەپێنێ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەر لە هیچ برگەیەکی سزادانی گشتیی ئێراندا ئیشارە بە سزای لەو چەشنە نەکراوە، بەڵام نابێ شکو گومانمان هەبێ کە دەرکردنی حوکمی لەو بابەتەو بەکارهێنانی جلوبەرگی ژنان وەک کەرەسەی سزا لە بیرو ئەندێشەی کۆماری ئیسلامی لەبارەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ماددەو برگەکانی «قانون مجازات اسلامی»دا بگێڕین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە نزیک بە تەواوی ئەو برگەو مادده قانوونی‌یانەی کە لەو قانوونەدا هاتوون جێگەو پێگەی ژن لە پلەی دووهەم‌و بە دوای پیاودا دانراوە. واتە کاتێک ژن دەبێتە لایەنێکی داوایەکی قانوونی لە مافو حەقدا نیوەی پیاوی پێ‌دەدرێ، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە تاوانباری دەرەکییش بێ. بۆ نموونە:

مادده ٢٠٩: لە «قانون مجازات اسلامی» لە بەشی «قصاص»دا دەڵێ:

«هەر کاتێک پیاوێکی موسڵمان ژنێکی موسڵمان بکوژێ مەحکووم بە قەساس دەبێ، بەڵام دەبێ کەسوکاری ژنە کوژراوەکە پێش لە بەڕێوەچوونی قەساسی بکوژ، نیوەی خوێنبایی بدەن بە پیاوە قاتڵەکە».

مادده ٢٥٨: «هەر کاتێک پیاوێک ژنێکی کوشت «خوێنگر» مافی قەساسی بکوژی هەیە بە دانی نیوەی «خوێنبایی» بە قاتڵو هەرلەوکاتەدا قاتڵ دەتوانێ بەڕادەی کەمتر یان زیاتری «خوێنبایی» لەگەڵیان پێک بێ.

مادده ٤٨٧: خوێنبایی لەبەربردنی کۆرپەڵە «دیە سقط جنین» لە خاڵی ٦ی ئەو ماددەیە دا دەڵێ: «ئەو کۆرپەڵەیە کە لە منداڵدانی دایکدا ڕووحی وەبەرهاتوە ئەگەر کوڕ بێ خوێنبایی تەواو وەردەگرێ‌و ئەگەر کچ بێ نیوەی خوێنبایی کوڕەکە وەردەگرێ...»

لێرەدا تەنیا بە هێنانەوەی ئەو چەند برگەیە لە قانوونی «مجازات اسلامی» بەس دەکەین‌و پێویستە هەڵوێستەیەک لە سەر تێڕوانینی قانووندانەرو بەڕێوەبەرو حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژن‌و جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا بکەین. ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر ئەو سێ برگە قانوونی‌یەدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ژن لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا مرۆڤی پلە دووەو تەنانەت لە هێندێک بواری خاوەنداریەتیی ماف لە قانووندا وەک کوێلە چاوی لێ‌دەکرێ‌و پیاو لە هەموو بوارێکدا بە





ئەرشەدو خاوەنی ژن دیاری کراوەو ئەو کاتەش کە پیاو ژن دەکوژێو گیانی لێدەستێنێ، پیاوەکە لە بەرامبەر مەحکەمەو قانووندا رێپێدراوە کە نیوەی خوێنبایی لە کەسوکاری ژنەکە وەربگرێ جا ئەو کات سزای بۆ دیاری بکرێ لە حاڵێکدا ژنو پیاو وەک مرۆڤ لە سروشتداو بە پێی ئایینە ئاسمانییەکانیش مافی وەک یەکی ژیانیان هەیەو هیچیان مافی ئەوەیان نیە گیان لەوی دیکە بستێنێ. بەڵام قانووندانەری کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو راستییە سروشتییە خۆی گێل دەکاو تەنانەت بە دانانی جیاوازی حوکم لە سەر ئەو کۆرپەڵەیەش دەدا کە هێشتا نەهاتۆتە سەر دنیاو هەست بە بوونی خۆی لە باری جسمیو جنسییەوە ناکاو تەنانەت کۆرپەڵەکە خۆی لە دیاریکردنی جنسی خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە هەتا لە دواییدا قانوونە دەستکردەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانو هاوشێوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەسەریدا بسەپێو ملکەچیان بێ.

هەر ئەو روانگەیەی کۆماری ئیسلامییە کە دادوەری شاری مەریوانی هێناوەتە سەر ئەو باوەرە کە پێگەی ژن لە پێگەی پیاو نزمترەو تاوانباری پیاو بەو پێگە نزمە سزا دەدا لە حاڵێکدا دادوەر بە تەواوی لە هەڵەدایە، رەنگە ئەو روانگەیەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژن لە هێندیک ناوچەی ئێراندا بەستێنی خۆی هەبێ بەڵام جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە زۆر لایەنەوە جیاوازیی لەگەڵ ناوچەکانیدیکەی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەری هەیە. هەر بۆیە دادوەری مەریوان لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا بە هەڵە چووە. چونکە هەم فەرهەنگو هەم مێژووی نووسراوی کورد کە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری بە دەستی بێگانەکان نووسراوە زۆر بە حورمەتو شایستەوە باس لە ژنی کوردو جێگەوپێگەی لە نێو کۆمەڵدا دەکەن.

ئەوەتا مینۆرسکی لە کتێبی «کوردو تێبینیو وردبوونەوە» لە لاپەرەی ١٥٩ چاپی کوردیدا بەو شێوەیە باس لە ئازادیی ژنی کورد دەکا. «ئافرەتیان بێپەچەن، بە ئازاییو بە بێ شەرمکردن لە نێو کۆڕو کۆمەڵدا دادەنیشنو زۆر جاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشیی پیاوان دەکەن...».

لە لاپەرەی ١٦٢ی ئەو کتێبەدا مینۆرسکی لەبارەی کەسایەتیی ژنانەوە ئاوا دەنوسێ: «گومانی تێدا نیە کە ئافرەت لە نێو کوردەکاندا شەخسییەتی هەیە، هیچ سەیریش نیە ئەگەر ببینین ناویان بخرێتە سەر ناوی کورەکانیان...»

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە کە لە زمانی مینۆرسکییەوە باسمان کردن کە مێژووی نووسینیان بۆ ١٠٠ ساڵ پێش دەگەرێتەوە دەرخەری ئەو راستییەن کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ژن جێگەوپێگەی خۆی هەبووەو هەیەو هەرلەو کاتەدا بەو رادەیە کە ژن حورمەتی هەبووە جلوبەرگو هەموو ئەو شتانەی تایبەت بەو بوونو هەن جێگای رێزو حورمەتنو هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنبوون نەک کەمایەسی نیە بەڵکوو بەرادەی پیاوبوون شانازیخوڵقێنەو دەبێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتبێ کە بێحورمەتیکردن بە جلی کوردیی ژنان یان هەر کەرەسەیەکی دیکە کە مۆرکی نەتەوەیی کوردی پێوە بێ ناتوانرێ بە سووکو سانا چاوپۆشیی لێبکرێ.

سەرچاوە:
قانون مجازات اسلامی چاپ ٨٩
کتێبی کورد نووسینی مینۆرسکی ١٩١٤
لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی «کوردستان»دا بلاو بۆتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سووکایەتی بە ژن یان خستنە ژێرپرسیاری پیاوێتی کورد؟

## تێبینیو پرسیارێک دەربارەی ڕووداوەکەی مەریوان



شەماڵ کاوە

بڕیاری دادگای مەریوانو سەپاندنی پۆشینی جلوبەرگی ژنانە وەک سزا بۆ پیاوێک بە هەق شەپۆلێک لە نارزایەتیو پرۆتێستای ساز کرد. لەم ماوە کورتەدا، دەیان وتارو سەدان کامێنت لەملاو لەولا نووسراوەو تەنانەت کەمپێنێکیش ساز بووە کە پیاوان بە دەبەرکردنی بەرگی «ژنانە» ئەم کردارەی کۆماری ئیسلامی ڕیسوا دەکەن. لەمبارەیەوە بابەت زۆرنو زۆر لایەن ئەم کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی‌یان وەک سووکایەتی بە ژنو بەتایبەت بە ژنی کورد لە قاو داوەو دەربارەیان نووسیوە. ئەمن نامەوێ زیاتر لەسەر ئەم ڕەهەندانە بڕۆم کە کەسانی دیکە زووترو باشتر باسیان کردووەو نووسیویانە، بەڵکوو پێم خۆشە لێرە ئاوڕ لە ڕەهەندێکی دیکەی ئەم دیاردەیە بدەمەوە کە کەمتر ئاماژەی پێ دراوە. لێرەشدا بە پلەی یەکەم مەبەستم ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوە لە لای پیاوانی کوردە نەک لای چالاکانی ژن.

لە مەحکوومکردنی بڕیاری دادگای مەریواندا، زۆر لایەن ئەم کردەوە بڕیارەیان وەک سووکایەتی بە ژنو بەتایبەتی ژنی کورد هەڵسەنگاندوە. ئەمەش لە ڕوویەکەوە ڕاستەو ئەمن ناتەباییم لە گەڵ ئەم خوێندنەوەیەدا نیە. بەڵام ئەم خوێندنەوەیە تەنیا یەک ڕوو و ڕەهەندی ئەم دیاردەیە دەردەخاتو هەرلەو کاتەدا، ڕێگە بە خۆدزینەوەو شانلەبەرلادانی ئێمە لە پرسەکە دەدا. ئەمە تەنیا یەک ڕەهەند دەگرێتەوە ئەوە دەرناخا کە ڕەنگە بەشێک لە کاردانەوەی ئەم دیاردەیە لای ئێمە کەمتر پەیوەندیی بە سووکایەتی‌کردنی کۆماری ئیسلامی بە خودی ژن هەبێ‌و، لەوانەیە زیاتر سووکایەتی بە کوردی تێدا بەرجەستە بێ‌و بۆیەش ئەم کاردانەوەیە ساز بووە. ئەمە لەم ڕووەوە گرنگە کە ئێمە بزانین کە ئایا کاردانەوەی ئەم ڕووداوە لای ئێمە لە پلەی یەکەم‌دا لە هەستی فێمینیستیی ئێمەو هۆگریمان بۆ یەکسانیی جنسیەتی سەرچاوەی گرتوە یان ڕیشەی لە ناسیۆنالیزمی کوردی‌دایەو هەر بۆیەش داکۆکی لە هێمایەکی پیاوانەوە هەیە. ئەم دووانە لەوانەیە پەیوەندی‌یان بەیەکەوە هەبێ، بەڵام یەک شت نین.

ئەمن پێم‌وایە ئێمە دەبێ لە پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە وەک سووکایەتی بە ژن وشیار بین. بۆ؟ چونکە بە خستنی ئەم بڕیارە لە خانەی سووکایەتیداو وەک کردەوەیەکی کۆماری ئیسلامی، مەترسیی ئەوە هەیە کە ئێمە هاوکات نکوولی لە بەربڵاوی و بنەما ساختاری‌یەکانی ستەم‌و زەبروزەنگی هێمایی بکەین کە تەنیا کۆماری ئیسلامی ناگرێتەوە، بەڵکوو لای ئێمەو لە سەرتاپای کۆمەڵگای ئێمەدا برەوی هەیەو سەرخانی بیرو فکری ئێمەو کۆڵەکەیەکی جووڵانەوەی نەتەوەیی پێک دێنێ. ئێمە لە نووسینەکان‌دا زۆر بە سانایی ئەم سووکایەتی‌یە وەک شتێکی ڕیزپەڕێن دەبینین، لە حاڵێکدا هەموومان دەزانین کە سووکایەتی بە ژن لە کۆماری ئیسلامی‌دا کۆڵەکەیەکی سەرەکیو سەرخانی ئەم حکوومەتەی پێکهێناوە. کە وایە ڕەنگە ئەمە خودی سووکایەتی‌یەکەو کێشەی ژن نەبێ کە بەر لە هەموو شت هەستمان دەورووژێنێ بەڵکوو کێشەی سەرەکی پێناسەکردنی کوردایەتی وەک ژنانەیی بێ کە بریندارمان دەکا.

کەوایە، پرسیارێک کە ئێمە دەبێ لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: چۆنە کە ئێمە لە پڕ بە کردەوەیەکی وا هەستو نەستمان جووڵاوەو بە دەیان شێوە دەنگی ڕقو بێزاریمان بەرز کردۆتەوەو تا ئێستا دەیانو سەدان پیاو، «بوێرانە» بە جلوبەرگی «ژنانە»وە وێنەیان خستۆتە سەر فەیسبووکو زۆر ژن سوپاسی بوێریی پیاوان دەکەن، بەڵام کوشتنی سەدان ژنی کورد لە لایەن مێردو کەس‌وکارو پیاوە کوردەکانەوە نەبووە بە هۆی کەمپەینێکی ئاوا؟ بۆ مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئەو لایەنە سیاسی‌یانەی باسی یەکسانی دەکەن بەڵام لە کردەوەدا بەردەوام ژنان دەخەنە پەراوێزەوە، نابێتە هۆی پرۆتێست؟ بۆ ئێمە کەمپەینی فەیسبووکی بۆ وێنە بۆ ئەو ژنانە ساز ناکەین کە لە کوردستان بەردەوام لە لایەن پیاوی کوردەوە دەستدرێژی‌یان‌دەکرێتە سەرو بێ‌حورمەتی‌یان پێ‌دەکرێ؟

بە واتایەکی دیکە ئێمە دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئایا ئەم کاردانەوەیە لە ئەسڵدا بەرگری لە ژنی کوردە یان بەرگری لە سیمای پیاوانەی کۆمەڵگای کوردی‌و پیاوانەبوونی جووڵانەوەی کورد؟ ئایا بە دەبەرکردنی جلوبەرگی «ژنانە» ئێمە دەمانەوێ بڵێین کە جیاوازی‌یەک لە نێوان ژنو پیاودا نیە یان دەمانەوێ بڵێین ژنانی ئێمە چی‌یان لە پیاوان کەمتر نیەو زۆریش «پیاون»و بەم چەشنە خەسڵەتی فێمینینیو «ژنانە» لەم جلوبەرگە بشۆینەوە؟ ئایا «بوێری»ی پیاوی کورد لە پۆشینی جلی «ژنان»دا، خۆی لە خۆی‌دا جەختکردنی دووبارە لە بوێری وەک خاسڵەتێکی پیاوانە نیە ؟

سووکایەتی بە ژن واتە بێ‌نرخکردنی ژن. ئەمەش بەداخەوە بە پێچەوانەی هەندێ لەم نووسراوانە کە دەیانەوێ شانازیی فەرهەنگی ڕێزو ئیحترام بخەنە پاڵ فەرهەنگی کوردی‌و ئەم کارە تەنیا وەک کردارێکی ناپەسندو دژی ژنانەی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەن، تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو هەموو کەلێنو قوژبنی کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوەتەوەو بەشێک بووەو بەشێکە لە ڕووخانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد. ژنانەبوونو ژنیەتی لای ئێمەو لە جووڵانەوەی ئێمەشدا قەدرو ڕێزێکی ئەوتۆی نیە. بۆیەش ئەوە گرنگە کە هاوکات لە گەڵ ئیدانەو ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەم بەخۆداچوونەوەو ئەم ڕەخنەلەخۆگرتنەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**هەربۆیەش ئەمن سەرەڕای ئەوەی ئەم هەنگاوەی ئەو پیاوە کوردانەم پێ بەنرخە بەڵام هەرلەو کاتەدا حەز دەکەم هەمووشمان ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئایا بەم چەشنەو بە نیشاندانی ئەم «بوێرییە» ئایا ئێمە دووبارە هەولی ئەوە نادەین کە «ژنیەتی» لە سیمای پیاوی کورد بسڕینەوەو تا رادەیەکیش بە دەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە، بە ئاگایی یان بە نائاگایی، ژنیەتیی ئەم جلوبەرگە بشۆینەوەو هێمایەکی پیاوانەی پێ بدەین؟**

لە یاد بێ. بۆیە ئەمن وای بۆ دەچم کە هۆیەکی ئەم کاردانەوەیە تا رادەیەک ئەوە بێ کە لای ئێمە پۆشینی جلوبەرگی «ژنانە» وەک سزا بۆ پیاوێکی تۆمەتبار تەنیا سووکایەتی بە ژن نیە، بەڵکوو سووکایەتی بە پیاویشە. ئەگەر ئەم سزایە تەنانەت بەسەر شۆڕشگێڕێکیشدا سەپابایە، ئێمە بەم کارە تێکدەچووین چونکو ئەم چەشنە سزایە، بە سووکایەتی‌یەک بە پیاو دەزانین. ئەمە بە شێوەیەکو بە خستنەژێرپرسیاری «جەوهەری» پیاوەتیی پیاوی کورد بریندارمان دەکا نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە ئەم شێوە سزایە بێ‌ڕێزیو سووکایەتی بە ژنە.

هەربۆیەش ئەمن سەرەڕای ئەوەی ئەم هەنگاوەی ئەو پیاوە کوردانەم پێ بەنرخە بەڵام هەرلەو کاتەدا حەز دەکەم هەمووشمان ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئایا بەم چەشنەو بە نیشاندانی ئەم «بوێرییە» ئایا ئێمە دووبارە هەولی ئەوە نادەین کە «ژنیەتی» لە سیمای پیاوی کورد بسڕینەوەو تا رادەیەکیش بە دەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە، بە ئاگایی یان بە نائاگایی، ژنیەتیی ئەم جلوبەرگە بشۆینەوەو هێمایەکی پیاوانەی پێ بدەین؟ ئەمە بەمانای بێ‌بایەخکردنی ئەم هەنگاوە نیە، بەڵکوو زیاتر جەختکردنێکە لە سەر ئەو راستی‌یە کە بوونی دوژمنێکی وەک کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بە سانایی ویژدانی ئێمە رازی بکا بە بێ ئەوەی ئێمە هەرلەو کاتەدا، دژێوی رەفتارو سیاسەتی رۆژانەی خۆمان لە بەرانبەر ژنانو پرسی یەکسانی‌دا بەبیرخۆمان بێنینەوە. ئەمە خستنەژێرپرسیاری کردەوەی تاک تاکی ئەم پیاوانە نیە کە بەشداری ئەم کەمپەینە بوون، بەڵکوو پرسیارێکە کە ڕووی لە ساختارو پێکهاتەیەکە کە تا ئێستا خودی پیاوی کوردو حیزبە کوردی‌یەکانی تێدا ئەسیرن. پێکهاتەیەک کە رۆژانە بەردەوام ئەم چەشنە سووکایەتی‌یە بەرهەم دێنێو بەرهەم دێنێتەوەو کەم جاریش پیاوەکان بە کۆیی دەنگیان هەڵدەبڕن. ئەم پرسیارە هاوکات، پرسیارێکە دەربارەی پێناسەکردنی نێوەرۆکی جوولانەوەی کوردو خەسڵەتی پیاوانەی ئەم جووڵانەوەیە. چونکو کاردانەوەی ئێمە لە بەرانبەر ئەم سووکایەتی‌یەدا تا رادەیەک داکۆکی‌یە لە پیاوەتیو پیاوانەبوونی جووڵانەوەیەک، نەک بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ساختارو پێکهاتەیەکی نایەکسانو ستەمگەر.

با ئەوەش لە کۆتایی‌دا بڵێم کە ئەوەی ئەم رەفتارەی کۆماری ئیسلامی زەق دەکاتەوە خودی سووکایەتی‌یەکە نیە، خۆ ئەم سووکایەتی‌یە لە قانوونو لە هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەرچاوو هەر لەسەرەتاوەش بەرجەستە بوونو هەن. ئەوەی لێرەدا نوێ‌یە، ئەوەیە کە ژنیەتی نەک وەک جنسی دووەم بەڵکوو وەک سزایەکی قانوونی زەق دەبێتەوە. ژن لە ئێرانو لە کۆماری ئیسلامی‌دا هەمیشەو بە فەرمی وەک جنسی دووەمو وەک زرە هاونیشتمان بیناروە. بەڵام تا ئێستا ژنیەتی بە دەگمەن وەک سزای قانوونی مامەڵەی لەگەڵ دا کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەربارەی پرسی ژنی کورد لە ئێرانو لێکدانەوەی خەباتی ئەوان

## لە وتووێژی ڕۆژنامەی دواڕۆژ لە گەڵ حەلیمە ڕەسووڵی سەرنووسەری گۆڤاری ژنان



**پ: لە ڕوانگەی ئێوەوە بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە چ ئاستێکدایەو تا چەند توانیویە وەک بزاڤێکی ئەکتیڤ لە گۆڕەپانی ئێراندا حوزوری هەبێت؟**

و: یاساکانی کۆماری ئیسلامیو ڕوانگەکانو ڕەفتاری کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە وایان کردوە کە زۆربەی ژنانی ئێران بە کوردو لایەنەکانی دیکەوە لەو سیستەمە ناڕازی بنو بەپێی دەرفەت دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە. بە داخەوە لە ئێراندا هێچ بزووتنەوەیەکی مافخوازانە بۆی نیە کە ئاشکرا لە گۆرەپانەکەدا حوزووری هەبێ، دیارە ئەو دیاردەیە بۆ ژنان لەبەر ئەوەی ژنن بەرچاوتریشە. لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەو نیزامە لە ئێراندا بارودۆخی ژنان لە رووی یاسایییەوە بارودۆخێکی دژوارە، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو ڕژێمەوە یاساگەلیکی زۆرتوند بە دژی ژنان پەسند کران. بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە حیجابی زۆرەملێ بکەم کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا حوزووری ژنان لە ئیدارەی کەلانی سیاسی، قانوونیو ئایینیدا زۆر کەمەو تەنانەت مافی ئەوەیان نیە بۆ هەندێک پۆست خۆشیان کاندید بکەن، بۆ وێنە سەرکۆماری. لە سەریەک لە لایەک ئازادیی پێویست نیەو لە لایەکی دیکەش یاساکان بەربەستن لە بەر دەم چالاکیو حوزووری ژناندا. لەگەڵ ئەوەی ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا مەجالیان پێنادرێ بە ئازادی خۆیان سازمان بدەنو داخوازە سینفییەکانی ژنان بێننە گۆڕێ، بەڵام دیسانیش لەو دەرفەتانەدا کە بۆیان ڕەخساون نیشانیان داوە کە شعورو تێگەشتنی ژنانی ئێرانو عەقڵییەتی بزووتنەوەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**تا چەند ڕێگە نەدان بە ژنان بۆ ئەوەی خاوەن ڕێکخراوو کۆمەڵی سەربەخۆ بن، کاریگەریی نێگەتیڤی لە سەر چالاکیو خەباتی ئەوان بۆ مسۆگەربوونی مافەکانیان هەبووە؟**

ئەگەر ژنان دەرفەتی ئەوەیان هەبێ کۆڕوکۆمەڵو ڕێکخراوی خۆیان دروست بکەن، زۆر ئاساییە کە زەمینەو بەستێنیش دروست دەبێت بۆ ئەوەی فەرهەنگسازی بکەن بۆ داخوازەکانیان لە کۆمەڵگادا. ئێران وڵاتێکی بەربەرینو فرەئایینو فرەنەتەوەیەو ژنانیش بە سەر ئەو فرەچەشنییەدا دابەش بوونو هەر بەشە جیاواز لەوەی کە وەک ژن شتی هاوبەشیان هەیە، بێگومان خوێندنەوەی سیاسیی خۆشیان لە داهاتووی ئێران هەیە. بۆیە لە نەبوونی ئازادیی سیاسیو کاری بە کۆمەڵو بە یەکەوەدا، پردی پێوەندی ژنانی ئێرانی لە گەڵ یەکتر لاوازەو ئەوەش شوێنەواری نێگەتیڤی لە سەر چالاکیو خەباتی هاوبەشی ژنان هەیە.

**ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەڕەرای لەئارادابوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو بەشداریی ژنان لەم بزوتنەوەیەدا، چەندە توانیویانە بە قازانجی بزوتنەوەی ژنان هەنگاو هەڵبگرن؟**

بە گشتی وەزعی ژنانی کوردستان لە نێوخۆی وڵات باشتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران نیەو ژن لەگەڵ دەیان بەربەستو کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوویە. بەڵام سەرەڕای کۆمەڵێک گیروگرفت، ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر لە بزووتنەوی میللیو سیاسیی کوردستاندا بەشدارنو چالاکییان هەیە. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە هەیە ژنان لە ئاستی ڕێبەریی حیزبو ڕیکخراوی یەکیەتیی ژنانو بوارەکانی دیکەی حیزب وەک ڕاگەیاندن، تەشکیلات، دیپلۆماسیو کۆمەڵایەتیدا لێرەو لە دەرەوەی کوردستان چالاکنو لە ڕادەی توانای خۆیاندا دەوری بەرچاو دەگێڕن. بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان باشتریش بتوانن بە قازانجی ئەو بزووتنەوەیە کار بکەن دەبێ تێبکۆشن هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان جیاواز لە گرێدراویی حیزبی بە یەکەوە کار بکەنو کۆدەنگیی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێز بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دیموکرات هەوڵی خۆمان داوەو لە داهاتووشدا کاری بۆ دەکەین. بە خۆشییەوە ئێستا یەکگرتوویییەکی باش لە نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە سەر بە حیزبە سیاسییەکانن دروست بووەو لە زۆر بواریشدا هاوکاریو هەماهەنگیمان هەیە.

**دەورو ڕۆڵی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە پرسی ژن چۆن هەڵدەسەنگێن؟**

بێمافیو پرسی ژن کێشەیەکی لە مێژینەی کۆمەڵایەتییە کە پێویستیی بە گۆڕانی بەرچاوی فەرهەنگیو قانونیو خێزانی کۆمەڵگای ئێمە هەیە. بێگومان حیزبەکان دەتوانن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاندەرو دەستپێشخەری ئەو گۆڕانو پڕۆسەیە بن. بەخۆشی‌یەوە ماوەی چەند ساڵێکە کە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پتر لە ڕابردوو گرنگی بە پرسی ژنان دەدەن ، کە ئەمەش

**ئەگەر ژنان دەرفەتی ئەوەیان هەبێ کۆڕوکۆمەڵو ڕێکخراوی خۆیان دروست بکەن، زۆر ئاسایی‌یە کە زەمینەو بەستێنیش دروست دەبێت بۆ ئەوەی فەرهەنگسازی بکەن بۆ داخوازەکانیان لە کۆمەڵگادا. ئێران وڵاتێکی بەربەرینو فرەئایینو فرەنەتەوەیەو ژنانیش بە سەر ئەو فرەچەشنی‌یەدا دابەش بوونو هەر بەشە جیاواز لەوەی کە وەک ژن شتی هاوبەشیان هەیە، بێگومان خوێندنەوەی سیاسیی خۆشیان لە داهاتووی ئێران هەیە**

دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستی‌یە کە حیزبەکان تێگەیشتوونو دەرکیان کردوە کە خەباتکردن بە بێ ڕۆڵو حزووری ژنان کامڵ نابێو تەواو گەشە ناکا. حیزبەکان دەبێ تێبکۆشن کە فەرهەنگسازیی پێویست بکەنو زەمینەی لەبار بۆ کارو چالاکیی ژنان بڕەخسێننو بەوجۆرە ژنو پیاو بێ‌جیاوازیو هەڵاواردن بە یەکەوە کار بکەن. ژنانیش دەبێ پتر مایە لە خۆیان دابنێنو ئەرکو بەرپرسایەتی قەبووڵ بکەن. لە سەر یەک ئەمن زۆر گەش‌بینمو پێموایە بە هەوڵو تێکۆشانی ژنانو پیاوان بە یەکەوە دەتوانین کۆمەڵگای خۆمان لە پێناو یەکسانیی ژنو پیاودا بگۆڕین.

ئەم وتوویژە لە ژمارە ٦٦ ی ڕۆژنامەی دوارۆژدا بلاو بۆتەوە www.com/dwaroj/ ٦٦_docs/dwaroj

# جیابوونەوەی دەروونی ژنو مێرد



گەلاوێژ پەیرەوان

جیابوونەوەی ژنو مێرد لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیەو تا ڕادەیەک ئاساییە. بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهاندا.

کاتێک ژنو مێرد کێشە دەکەوێتە بەینیانەوەو ناتوانن بە خۆشیو بەتەبایی بە یەکەوە لە چوارچێوەی ماڵێکدا کە بە یەکەوە زەحمەتو ماندوو بوونی هەردووکیان پێکیانەوەناوە، بژینو درێژە بە ژیانی هاوبەشیان بدەن، ئەوە جیابوونەوەیان لا باشترو پەسەندترە لەوەی کە لە ژێر سێبەری ماڵێکی پڕ لە ئازارو کەشێکی نائارامدا بژین. بەڵام با بزانین داخوا جیابوونەوەی ژنو مێرد تەنها بەوە پێناسە دەکرێ کە ژنو مێرد بە جەستە لە یەکتر گیادەبنەوە بە عیبارەتێکی تر (تەڵاق) دەکەوێتە نێوانیان؟ بێگومان نەخێر: چونکە جیابوونەوەی ژنو میرد جۆرو شێوەی تری هەیەو زۆر لەوە بەر فرواوانترە کە ئێمە دەیبینینو دەیبیسین.

بۆ نموونە جۆرێک جیابوونەوە ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە کە بە دڵنیاییەوە زۆر لە لە جیابوونەوەی جەستەیی خراپترە.

ئەوەی من مەبەستمە لەم نووسینەدا باسی بکەم جیابوونەوەی دەروونییە.

مەبەست لە جیابوونەوەی دەروونی ئەوەیە کە ژنو مێرد بە جەستە لە یەکتر جیا نابنەوە، بەڵکوو پێکەوەو بە یەکەوە هەستانو دانیشتن دەکەن. بەڵام ئەم یەکتر بینینو هەڵستانو دانیشتنە تەنها جەستەیی ڕۆتینیەو دوورە لە هەر چەشنە سۆزو خۆشەویستیەکو کارتێکردنێکی کۆمەڵایەتی کە ژنو میرد بە شێوەیەکی هەستێک لە ناخیاندا دروست





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەبێتو ڕاستەوخۆ بۆ لای یەکیان ڕادەکێشێ.

ئەم جۆرە ژنو میردانە لە شکڵی دوو جەستەی بێ گیان پێکەوە دەژینو ڕۆژانە بە بەرچاوی یەکەوە دێنو دەچن، بێ ئەوەی لە لایەنی سایکۆلۆجیەوە هیچ شتێک کۆیان بکاتەوە.

وەک دوو کەس کە هیچ بەرژەوەندیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا نەبێت، هەرکەس هۆشو بیری بۆ لایەک ڕۆیشتووەو دنیایەکی خەیاڵاوی بۆخۆی دروست کردووە.هەر یەکێکیان بیر لە شتێک دەکاتەوە کەسیان ئاگایان لەوی‌تر نیە، تەنیا جەستەی ساردو بێ سۆزو خۆشەویستی یان لە نزیک یەکداو هیچیتر، بەڵام ئایا ئەو جۆرە جیابوونەوەانە هەروا لە خۆڕاو بە بێ هۆکار ڕوو دەدەن؟

بێگومان ئەم جیابوونەوەیش هەر وەک جیابوونەوەی‌تر، بێ هۆکار نیەو فاکتەرو پاڵنەری خۆی هەیە.

لەوانەش: بە زۆر بەشوودانی کچ و بە زۆر ژن پێهێنانی کوڕە، گەورە بە بەچوکە، جیاوازی تەمەن، پشت گوێ خستنی یەکتر واتە ژنو مێرد، لیک تێنەگەیشتن، قەناعەت نەکردنو سەرەنجام زۆر کێشەو مەشاکیلی نێو خێزان کە زۆربەیان بە بڕوای من لە ئەنجامی ئەو نایەکسانیەوە سەرچاوە دەگرێ لە بەینی ئەو دوو ڕەگەزە هەیە.

درێژەکێشانی ئەم جۆرە جیابوونەوەیانو چارەسەر نەکردنی کێشەکانی نێوان ژنو مێرد، ئەو کێشانە زۆریش بچووکو کەم بایەخیش بن ئەوا لە جێگەی خۆیاندا زیانی گەورەو کاریگەر بە جێگەو پێگەی ئەو خێزانانە دەگەیەنێ، کە خەسارو زیانی ئەگەر لە تەڵاقو لێک ترازای واقیعی زیاترو گەورەتر نەبێ، بە دڵنیاییەوە کەمتر نیە.

چونکە هیچ چەشنە سۆزو خۆشەویستیو ئارامییەک لەو نەوعە ماڵانەدا بەدی ناکرێت، هەرچەندە ژنو مێرد لەوەها کەشو هەوایەکدا تووشی خەمو خەفەتو نائارامی دەروونی دەبن. بەڵام یەکەم زیانو گەورەترین زیان زەربەی ڕووحیو جەستەیی وە منداڵەکانیان دەکەوێت، بەو هۆیە منداڵ لەم جۆرە ماڵانەدا لە هەموو پێداویستیە ڕۆحیو دەروونیەکان بێ بەش دەبێ،

ئەم شێوە دابڕانەی نێوان ژنو مێرد پچڕانی پەیوەندی سۆزداری یان مانەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان بە بێ چارەسەر، ژینگەی ناو خێزان لە خێزانێکی شادو بەختەوەر دەگۆڕدرێ بۆ دۆزەخیکی بەتین.

هەر وەکو باسمان کرد ئەم جۆرە کێشانەی نیوان ژنو مێرد کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر منداڵەکانیانو ئەوان تووشی خەمو پەژارەو نائارامی دەروونی دەکات. چونکە منداڵ پێویستی بە کەشو هەوای ئارام هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکاتو چالاکی ئەنجام بدات.

هەر بۆیە دوای ماوەیەک هەست بەوە دەکرێ کە منداڵی ئەو جۆرە دایکو باوکانە تووشی ناهومێدیو گۆشەگیری بوونو زیان بە پەوەردەو خوێندن گەیشتوەو کاریگەی نێگەتیڤی کردۆتە سەر کارو چالاکیو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان. هەر بۆیە ئەرکی هەموو دایکو باوکێکە، خۆ بپارێزن لەم جۆرە دابڕانەو تێکچوونی شیرازەی خێزان. وە یان ئەگەریش تووشی وەها حاڵەتێک هاتن، هەوڵ بدەن بە زووترین کاتو

بە باشترین ڕێگا،چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە. لە هەمان کاتیشدا نەهێڵن منداڵەکنیان بە زەقی هەست پێ بکەنو بۆشایی درووست بێ.

باشترین ڕێگەو خێراترین ڕێگەیش بۆ چارەسەری ئەو دابڕانە بە یەکەوە دانیشنو گفتگۆ کردنە لە نێوانیاندا. واتە پیویستە ئەم ژنو مێردانە هەرچی لە دڵو ناخیاندا بۆ یەکتری هەڵبڕێژنو باسو خواسی لەسەر بکەن، لە هەمان کاتیشدا گوێ بۆ یەکتر بگرن، بۆ تێگەیشتن لە داخوازییو دەردی دڵی یەکتر بە دڵنیاییەوەداواو گلەییەکانی هەر کامێکیان دەبێتە هۆی خاڵی کردنەوەی ناخیانو کەم کردنەوەی فشارە دەروونیەکان لە سەر ناخو جەستەیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی زانینی حەزو ئارەزووی هاوسەریەتی و دەرکەوتنی هۆکاری ئەو گرفتو ناکۆکیانە ژیانیانی هەراسان کردوە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەکانیان کە زۆر جار شتی بچوکو وردن، بەڵام بە هۆی باس نەکردنو دەرنەبڕینیان دەبنە هۆی کێشەی گەورەو ئاڵۆز، کە دواجار گران چارەسەر دەکرێن.

لە کۆتاییدا بەو دەرەنجامە دەگەین کە باسکردنو دەربڕینی خەمو پەژارەو نیازەکانی ژنو مێرد بۆ یەکتری، زامنی لێک جاڵی بوونیانە بۆ بنیادنانی بناغەی ژیانێکی گەرمو گەڕو پڕ لە خۆشەویشتیو چی تریش منداڵەکامیان تووشی نارەحەتیو گۆشەگیری نابن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە باوەشی پڕ لە مێهرو خۆشەویستی ئەواندا بە دەروونێکی تەندرووست گەورە دەبن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاغای یەزدی! ئێران وڵاتی ژنانیشە!

وەرگێڕان بۆ کوردی: مینا

ژنانی وڵاتی ئێران لە کۆمەڵگەکەیاندا چیرۆکێکی سەیریان هەیە، هێندێک جار سەروەرن‌و تاجی سەر، هێندێک جاریش عەقڵیان سەقەتەو زەعیفەن، لە جێیەکدا دەڵێن پیاوان لە داوێنی ژنەوە دەچنە پەرستگەو هێندێک جاریش هەرچی سیفەتی خراپو ناشیرینە پێیانەوە گرێ دەدرێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە کایە سیاسی‌یەکانی ئەو سی‌و چوارساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا لە کاتی هەڵبژاردنەکان کە پێویستی‌یان بە دەنگی ژنان هەیە هانیان دەدەن لە هەڵبژاردندا بەشدار بن تاکوو بە دەنگی نیوەی کۆمەڵگە شەرعیەتی خۆیان وەدەست بێنن.

محەممەدی یەزدی یەکێک لە ئەندامانی شووڕای نیگابان شمشیری لە دژی ژنان هەڵکێشاوەو لەبارەی ئەو ژنانەی بۆ خۆیان بۆ پۆستی سەرکۆماری کاندید کردوە دەڵێ: «دە دوازدە ژن خۆیان پاڵاوتوەو یەکێک لەو ژنانە بەڵێنی ئەوەی داوە ئەگەر ببێتە سەرکۆمار نیوەی کابینەکەی لە ژنان پێک بێنێ‌و نیوەکەی دیکەشی پیاو بێ، وەک ئەو بەسەرهاتەی لێ‌هات کە دەڵێن: کەسێک دەچووە گوندێک ڕێگەیان پێ‌نەدەدا بچێتە نێو گوندەکە کەچی داوای دەکرد ڕێگەی ماڵی کوێخای نیشان بدەن، قانوون ئیزنی ئەوەیان پێ‌نادا خۆیان کاندید بکەن کەچی ئەو ژنە لە ئێستاوە پێکهاتەی کابینەکەشی دیاری کردوە».

ئەو لە حاڵێکدا باسی دە دوازدە ژنی دەکرد کە خۆپاڵاوتنی ٣٠ ژنە ڕاگەیەندرابوو. ئەوەی بیر لەو قسانەی یەزدی بکاتەوە لەوە تێدەگا کە ئەوە سووکایەتی بە ژنەو یانی ژن هەر هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ.

دەبێ ئەو پرسیارە لە یەزدی بکرێ بۆچی ژنان مافی ئەوەیان نیە وەک سەرکۆمار هەڵبژێردرێن لە حاڵێکدا ئەوە مافی سەرەکیی هەر هاونیشتمانێکە.

ئێستا ئیدی یەزدی‌و هاوبیرەکانی کە بە دەنگی ژنان بەو پۆستە گەیشتوون دەبێ لەوە تێ‌گەیشتبن کە ئێران موڵکی باوکیان نیەو بە پێ‌خۆشبوونی ئەوان نیە ڕێگە بە ژنان بدەن یان نەدەن و ژنان زوو یان درەنگ ئەو مافەی خۆیان وەردەگرنەوەو نەک هەر قسە پڕو پووچەکانی یەزدی لە مێژووی وڵاتەکەیان‌و مێشکی خەڵکەکەی‌دا دەمێنێتەوە بەڵکوو ژنان لەو سووکایەتی‌یە گەورەیە خۆش نابن‌و بەهێزتر لە جاران بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی‌و دێموکراسی هەنگاو دەنێن.

ئاغای یەزدی دەبێ ئەوە بزانی ئێران هی ژنانیشە، چ پێی خۆش بێ،چ پێی ناخۆش بێ.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاسەواری تەڵاق لە سەر منداڵان



ڕۆژە عەزیزی

یەکێک لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ژیانی مرۆڤ بریتییە لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشو بنیاتنانی بنەماڵەو خێزانێکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا. بەڵام یەکێک لە ڕووداوە ناخۆشو دژوارەکانی ئەو ژیانە هاوبەشە ئەو کاتەیە کە ئەو ژیانە هاوبەشە دوای ماوەیەک کۆتایی پێدێو ئەو بنەمایانەی ڕۆژێک ئەو خێزانەیان لە سەر پێکهاتوە هەڵدەوەشێنەوە. لێکجیابوونەوەی هاوسەران یان (تەڵاق) دیاردەیەکی بە ئازارو پڕ لە کێشە بۆ هەردووکی هاوسەرەکانە. بەڵام کێشەی زۆر گەورەترو تراژیکتر ڕەنگە دەگەڕێتەوە بۆ منداڵانی ئەو خێزانە، منداڵانێک کە تا ئەو ڕۆژەی دایکو باوکیان لە یەکتری جیا نەبوونەوە ژیانێکی خۆشیان هەبووە. بەداخەوە دوای ڕوودانی تەڵاق دەبێ ژیانێکی زۆر جیاواز دەست پێبکەن، کە ئەویش ژیانی خێزانێکی لێک هەڵوەشاوەیەو دەبێ خۆیان لە سەر ئەو ژیانە دژوارو تازەیە ڕابێنن.

هەرچەند زۆر ڕێگەی دیکە هەن کە ژنو مێرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی هاوبەشیان دەتوانن بیانگرنە بەر، بەڵام دەبینین کە وەک خۆیان دەڵێن دوا ڕێگەی چارەسەری کێشەکانیان تەڵاق یان لێک ترازانی ژیانی هاوبەشیانە. منداڵانی ئەوجۆرەخێزانانە زۆر جار بە هۆی لێک جیابونەوەی دایکو لێکهەڵوەشانی بنەماڵەکەیان بە داخەوە تووشی زۆر کێشەو گیروگرفت دەبنو ئەمە قۆناغێکی دژواری ژیانیانە بۆ ڕاهاتن دەگەڵ ئەو ڕووداوەی بەسەر خێزانەکەیان هاتوە.

کاتێک ژیانی هاوبەشی ژنومێردێک بەرەو جیابوونەوە دەڕوا، ئەوە منداڵانن کە لە باری دەروونیو جەستەییەوە زیانیان لێ دەدرێو ڕووبەڕووی تەنیاییو ترسو دڵەڕاوکێ دەبنەوە، چونکە دەبێ خۆیان بۆ ژیانێکی جیاوازو دژوار ئامادە بکەن.

بە ڕوودانی ئەم جیابوونەوەیە زۆربەی منداڵانی تەڵاق دەبینن کە خێزانەکەیان ئیدی ئەو ئاشتیو ئارامییەی تێدا بەدی ناکرێ، یان نەبوونی دایکو باوک لە چوارچێوەی ماڵێکداو دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر هەستی تەنیاییو بێ متمانەیی دەبەخشێتە منداڵان. بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەرکی دایکانو باوکانە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی تەڵاق، بارودۆخی ژیانی دوای تەڵاق بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو هۆکارەکانی لێکجیابونەوەی دایکو باوکەکەیان بە پێی تەمەنی منداڵەکان بۆ ڕوون بکەنەوە، چونکە تا منداڵەکان تەمەنیان لە سەرەوەتر بێ زیاتر بۆیان گرنگە کە هۆکارەکانی جیابونەوەکە بزانن. هەروەها بەخشینی هەستی بڕوابەخۆبوون بە منداڵەکانو بەردەوامبوون لە سەر شێوەو ڕێگەکانی پەروەردە کردنی منداڵ کە پێش لێکهەڵوەشانی ژیانە هاوبەشەکە هەردوو هاوسەرەکە گرتبوویانە بەر، چونکە ئەگەر ڕێگەی بەزەییو نازپێدان بگیرێتە بەر ئەوە زۆر کێشە بۆ هەردوو هاوسەرەکە دروست دەکاو شێوەی پەروەدەی منداڵ بەرەو قۆناغێکی خراپ دەچێ. هەروەها پەیڕەوکردنی ئەو شێوازانەی کە بۆ تەشویقو سزای منداڵەکان دەگیرانە بەر، هەر ئاڵوگۆڕێک لە سیستمی پەروەردەی منداڵەکان ڕوویدا، ئەوە دواجار ئاسەواری خۆی لە سەر منداڵەکان دادەنێ.

بێگومان منداڵان لە چوارچێوەی شوێنی ژیانیاندا، پێویستیان بە کەشو هەوایەکی ئارامو دوور لە شەڕوشۆڕە. کاتێک دایکو باوک لە بەرچاوی منداڵەکان شەڕو دەمەقاڵەیان دەبێ، ڕاستەوخۆ ئەو ڕەفتارە کاریگەریی لە سەر باری دەروونیی منداڵەکان دەبێ. هەر بۆیە پێویستە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دایکانو باوکان گرنگی بەم لایەنە بدەنو لە ماوەی پێش کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکەو دوای پرۆسەی تەڵاقەکە ئەم لایەنەیان لە بەرچاو بێ. هەندێک جار دوای کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکە بەشێک لە دایکو باوکەکان رێگری لە منداڵەکانیان دەکەن بۆ بینینی دایک یان باوکیان، یان هەندێک بیرۆکەی خراپ بەرانبەر دایکەکە یان باوکەکە لە مێشکی منداڵەکانیان دروست دەکەنو دەیانکەنە هۆکارێک بۆ چاندنی هەستی رقو قین بەرانبەر هاوسەرە کۆنەکەیان، ئەم کردارانە زۆر نادروستنو بۆ داهاتووی ئەو منداڵە ئاسەواری خراپ لە سەر باری دەروونی دادەنێ. منداڵ پێویستیی بە دایکو باوکەو هەرلەو کاتەدا چونکە هیچ کام لە دایک یان لە باوک ناتوانێ سۆزو خۆشەویستیی ئەوی دیکە قەرەبوو بکاتەوە، پێویستە بەردەوام هەستی سۆزو خۆشەویستی لە ناخی منداڵدا بنیات بنرێ.

یەکی دیکە لەو لایەنانە کە دەبێ دایکانو باوکان گرنگیی پێبدەن، چۆنیەتیی رەفتارکردن دوای پرۆسەی تەڵاق لە گەڵ منداڵەکانە، چونکە دوای جیابوونەوەی هاوسەرەکان منداڵەکان بەرامبەر بەرووداوەکان زۆر هەستیار دەبن، دەبێ گرنگیەکی تایبەت بە بارودۆخی دەروونیی منداڵەکان بدرێ. گرنگیی تایبەت بە پێداویستییەکانی منداڵەکان بدەن، چونکە بە بچووکترین ئاڵوگۆر لە سیستمی ژیانی خۆیاندا هەست بە تەنیایی دەکەن. پێویستە سەردانو چاوپێکەوتنەکانی دایکو باوک لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێو ئەوەندەی بۆیان دەگونجێ لەکاتی چاو پێکەوتنو سەردانەکاندا کەشێکی ئارامیان بۆ بخوڵقێ، چونکە منداڵان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دی بەرامبەر بەم کێشەیە جیاوازن. تا تەمەنیان گەورەتر بێ زیاتر هەوڵ دەدەن لە بارەی کێشەکانی نێوان دایکو باوکیانەوە بزانن‌و هەلومەرجی کۆتایی ژیانە هاوبەشەکە لای خۆیان هەڵدەسەنگێنن.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتوە کە منداڵانی تەڵاق زیاتر لە منداڵانی ئاسایی تووشی کێشە دەبن، بە تایبەت لە خوێندنگەکاندا زیاتر هەستی پێدەکرێ. منداڵانی تەڵاق لە چوارچێوەی خوێندنگەکاندا ئاسەواری هەست بە تەنیاییو دڵەراوکێیان پێوە دیارە. هەرچەندە مەرج نیە کە هەموو منداڵانی تەڵاق ئەو ئاسەوارانەیان هەبێ، بەڵام رێژەیەکی بەرچاو تووشی کێشە دەبنەوە. هەندێک لەو منداڵانە کێشەکانیان زۆر گەورەیەو بە روونی دیارەو پێویستە دایکانو باوکان گرنگی بە بارودۆخی ئەو منداڵانە بدەن. زۆر جار ئەو کێشەیە تا کۆتایی تەمەنی مێرمنداڵی درێژەی هەیەو بەشێکیشیان رەنگە تا تەمەنی لاویەتی ئاسەواری بمێنێ، چونکە ئەم رووداوە رەنگە کاتێکی زۆری پێویست بێ تا منداڵەکان خۆیان لە سەر ژیانی دووریی دایک یان باوکیان. رادەهێنن

یەکێک لە رێگە دروستەکان کە پێویستە دایکانو باوکان بیگرنە بەر گرنگیدان بە باری دەروونیی خۆیانەو دەبێ بە هیچ شێوەیەک رێگە نەدەن کێشەی دەروونی بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش، چونکە هەر گیروگرفتێک بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش راستەوخۆ ئاسەواری خراپ لە سەر منداڵەکانو باری دەروونییانو هەستیان دروست دەکا. هەر بۆیە دەبێ لەسەر هاتوچۆو سەردانە کۆمەڵایەتییەکانیان لە گەڵ دۆستو ناسیاوانیان بەردەوام بنو بە هیچ شێوەیەک رێگەی تەنیاییو دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە نەگیرێتە بەر، چونکە منداڵان بچووکترین ئاڵوگۆڕ هەست پێدەکەن. هەوڵ بدرێ کاتەکانی ژیان زیاتر بە کۆبوونەوە لە گەڵ دۆستانو چوونە دەرەوەو تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆمەڵگە بەرنە سەر.

یەکی دیکە لە کێشەکان کە رەنگە زۆر لە منداڵانی تەڵاق روبەرووی ببنەوە، ئەوەیە کە دایک یان باوک لە گەڵ ژنێک یان پیاوێکی دیکە ئاشنا دەبێو بۆ جارێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێک دەهێننەوە. لەم حاڵەتەدا زۆر لە منداڵان هەستێکی ناخۆشیان هەیەو رەنگە بەشێکیان هەستی رقو قینیان بەرانبەر هاوسەری دووەمی دایک یان باوکیان هەبێو وا هەست بکەن کە ئەوان زیاتر گرنگی بە ژیانە نوێیەکەیان دەدەن. بۆیە ئەو منداڵانە هەستی تەنیایی لایان دروست دەبێ. هەندێکیشیان رقیان لە منداڵانی ئەو ژیانە هاوبەشە نوێیە دەبێتەوە. لەم بارودۆخەدا پێویستە دایکو باوکەکان زۆر بە روونی ئاڵوگۆڕەکانی ژیانیان بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو ئەوەندەی بتوانن گرنگی بە بواری سۆزو خۆشەویستیی منداڵەکە بدەن. هەستی متمانە بەخۆبوون لای منداڵەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامادەیان بکەن بۆ ئەو گۆڕانەی لە ژیانیاندا دێتە پێش.

بەو هیوایە کە هیچ خێزانێک تووشی گیروگرفتی تەڵاقو هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەش نەبێو هەوڵ بدرێ خێزانێکی تەندروست لە سەر بنەمای ئاشتیو خۆشەویستی بنیات بنرێ، تا هیچ کات بینەرو بیسەری رووداوە دڵتەزێنەکانی ژیانی منداڵانی تەڵاق نەبین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# مۆدێڕنیتە و ڕزگاریی ژن



عیسمەت نستانی

ئەگەر مۆدێرنیتە بە گۆڕانێکی فرەرەهەند کە هەموو بەستێنە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگییەکان دەکاتە ئامانج و لە ئەنجامدا شێوازێکی نوێ لە ژیان و بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتە ئاراوە، پێناسە بکەین، ئەگەر بروامان بەوە هەبێ کە تاکایەتی (فردیت) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی مۆدێرنیتە و تا ئەو کاتەی تاک نەتوانێ هێز و توانا و ئیرادەی خۆی بە سەر جیهانی دەوروبەری دا فەرز بکا، مۆدێرنیتە ناتەواو و سەقەتە، ئەوا دەتوانین ئیددیعا بکەین کە باشترین دەرفەت بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژن، دەستەبەربوونی مۆدێرنیتەیە لە کۆمەڵگادا. بە دەربڕینێکی دیکە ژن ناتوانێ خۆی لەو داب و نەریتانە ڕزگار بکات کە لێوانلێون لە چەوسانەوەو لە مرۆڤ داماڵینی ژن، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا قۆناغەکانی مۆدێرنیتە نەبڕێ. لە کۆمەڵگای پێش مۆدێرن دا تاک لە کۆمەڵ دا شوناس پەیدا دەکا و تاک وەک خۆی لە ئیرادە و سەربەخۆ بوون دادەماڵدرێ و دەبێتە پاشکۆی چەمکێکی بەرینتر بە ناوی کۆمەڵ. لێرەدا کۆمەڵگاش پێک نایە و پێکەوە ژیانی تاکەکان زیاتر ڕەهەندی فیزیکی هەیە تا ئۆرگانیکی، واتە ئەرکەکانی کۆمەڵ دابەش نەکراون. بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرندا تاکایەتی و کەسایەتیی سەربەخۆ، بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. گەشەی تاکایەتی لە پیاواندا هاوکات نەبوو لەگەڵ گۆڕانکاری لە کاراکتەری کۆمەڵایەتیاندا، بەڵام لە ژناندا گەشەی تاکایەتی، ئەوانی لە چنگ ئەو نەخش و کارکردە پەراوێزییانەی کە کۆمەڵ و کولتووری پیاوسالار پێی بەخشیبوون- وەک دایک و ژن و خوشک و مرۆڤی پلە دوو- ڕزگار کرد.

کۆمەڵگای کوردستان وەک زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ شەپۆلەکانی مۆدێرنیتە بەرەوروو بۆتەوە، بەڵام عەقڵانییەتی هزری وەک گرینگترین دەرکەوتەکانی ئەو دیاردەیە بە لاوازی گەیشتۆتە لای ئێمە و نەتوانراوە جیهانبینی و شێوە ڕوانینی مرۆڤی کورد بگۆڕێ بەڵکوو زیاتر عەقڵانییەتی ئامێری واتە ئامرازەکانی مۆدێرنیتەمان وەرگرتوە واتە بەر لەوەی ژێرخانی فکری بۆ ئەو پرۆسەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادە بێ، ڕووکارەکانمان قۆستۆتەوە. هەر بۆیە کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە لە قۆناغی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتەدا گیری خواردوە. هەنگاوێکی بەرەو مۆدێرنیتە ناوەو پێیەکیشی لە سوننەتدا چەقیوە. تێپەڕین لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنیتە بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەن عەقڵانیەتی هزری نین تێچوویەکی زۆری دەوێ، هێزێکی کۆنەپارێز و چەقبەستوو لە بەرامبەر نوێگەریدا دەوەستێتەوە کە زۆرینەی ئامرازەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوە بە چنگ و ددان بەرگری لە باوەڕەکانی دەکا و هەر چەشنە ڕوانینێکی دژەباو بە مەترسی بۆ سەر بنەماکانی هەژمونیی خۆی دەزانێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی ٢٠دا کە چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لە ئیمپراتۆری عوسمانی داگەشەیان کرد، حەوتوونامەی «دونیای ژن» (کە سەرنووسەرەکەی ژنە کوردێک بوو بە ناوی اولیویە رفعت) بڵاو کرایەوە و ٢٠٠ ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەو ڕووداوە نەک تەنیا لە مێژووی خەباتی ژنی کورددا زۆر گرینگ بوو بەڵکوو قەڵەمبازێکی گەورەش بوو لە بەپیلەوە چوونی کۆمەڵگای کوردی بۆ مۆدێرنیتە. پێش بڵاوبوونەوەی چاپەمەنییە کوردییەکان لە عوسمانی، پرسی مۆدێرنیتە لە کوردستان لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی ئەو پرۆسەیە لە ئیمپراتۆری عوسمانی دا دەهاتە بەر باس، واتە مۆدێرنیتەی کوردی پاشکۆی مۆدێرنیتەی عوسمانی بوو. هەر ئەوەش وای کردبوو کە ئیرادەی ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازی لە نێو کوردان دا لەوپەڕی لاوازی دابێ. بەڵام دوای ئەوەی چەمکی مۆدێرنی وەک دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و مافی دیاریکردنی چارەنووسلە بڵاوکراوە کوردییەکاندا ئاماژەی پێکرا، پێگەو جێگەی ژنیش وەک یەک لە توخمە گرینگەکانی مۆدێرنیتە هاتە بەر باس. لێرەدا بوو کە نوخبەی کوردی بەو ئەنجامە گەیشت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی لە هێزێکی سەرەکیی کۆمەڵگا بێبەش کردوە کە هەمان ژنان بن. لەو ساڵانەدا واتە لە ساڵی ١٩١٩دا بوو کە ڕێکخراوێکی ژنان بە ناوی «کۆمەڵەی تەرەقی ژنان» لە شاری ئیستانبوڵ دامەزراو دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «ژن»، کە هەوڵی دەدا وشیاری ژنان بەرێتە سەر و باسی پێگە و مەقامی ژنی کورد بکا.

ئێلیتی کورد هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە باش لەوە تێگەیشتبوو کە بە بێ وەگەڕخستنی هەموو تواناکان ناکرێ پرۆسەی ڕزگاریی نەتەوەیی دەستەبەر بێ و هەر بۆیە لەو ساڵانە بەملاوە گرینگییەکی تایبەتی بە پرسی ژن داوە. بۆ وێنە پرسی زۆر گرینگی وەک مافی خاوەندارێتیی ژنان لە لایەن «عەبدوڵڵا جەودەت» سیاسەتوانی کورد لە باکووری کوردستان داکۆکی لێکراوە، هەر ئەو پیاوە ڕۆشنبیرە کوردە بوو کە لەگەڵ «ئیسحاق سکووتی»، قوتابخانەی تێکەڵاوی کوڕان و کچانی لە شاری «خارپوت»ی باکووری کوردستان بنیات نا و بەم شێوەیە بەرەورووی ڕوانگە دواکەوتووەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردی بووەوە. ئەو هەنگاوە لە چەند لایەنەوە گرینگ بوو، لە لایەک قوتابخانە، خۆی لە دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتەیەو خوێندنی کچان و چوونەسەری وشیاریی کۆمەڵایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و ئاشنابوونیان بە مافەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بازدانە بە سەر سوننەتدا. لە لایەکی دیکەوە تێکەڵاوی خوێندکارانی کوڕ و کچ، دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەیە لە گەڵ بایەخە سوننەتی و ئایینییەکان، بەم شێوەیە دەتوانین لەوە بگەین کە ئەو هەنگاوەی ئەوکاتی رووناکبیرانی کورد چەندە پڕبایەخ بووە.

هەرچەند گەراکانی مۆدێرنیتە سەرەتا لە ئیستانبولەوە و لە رێگەی ئەو کوردە ئەدیب و رووناکبیر و سیاسەتوانانەی کە لەوێ دەژیان و یان هاتوچۆی بەردەوامیان بۆ ئەو شارە هەبوو، گەیشتە کوردان و چەمکە مۆدێرنەکانی وەک ناسیۆنالیزم و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لەوێوە ئاوێتەی راپەرینە رزگاریخوازەکانی گەلی کورد بوون و هەر لەوێشەوە بوو ژنانی کورد هەوڵی ئەوەیان دا بوونی خۆیان و کاریگەریان بە سەر بزووتنەوەی گەلەکەیان بسەلمێنن، بەڵام دواتر ئەو رەوتە و ئەو بەشدارییە چالاکە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا رەنگی دایەوە. لە باشووری کوردستان و لە کۆتایی دەیەی بیست و سەرەتای دەیەی ٣٠ی سەدەی بیستەمدا، ئەو کاتەی شێخ مەحموود دەسەڵاتی بە سەر بەشێک لە باشووری کوردستان دا هەبوو، ژنە تێکۆشەری کورد «حەپسە خانی نەقیب» پارتێکی ژنانی دامەزراند و هەوڵی دا ژنی کورد وەک کاراکتەرێکی چالاک و کارا لە بزووتنەوەی نیشتمانی دا بەشدار بێ. هەر چەند یەکسانی رەگەزی و پرسی بەرابەریی ژن و پیاو لە دامەزرانی ئەو رێکخراوەیەدا بایەخێکی وەهای پێنەدرابوو و بنەمای دامەزرانی رێکخراوەکە بەشداریی ژنی کورد بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو بەشە لە کوردستان و بە جۆرێک پاڵپشتی بوو لە دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود، بەو حاڵەشەوە ئەم هەنگاوە بوێرانەیە کاریگەری زۆری لە سەر پرسی ژن بە تایبەت لە شاری سلێمانی و دەوروبەری وەک ناوەندی دەسەڵاتی شێخ مەحموود دانا و ئەو کاریگەرییە تا سەردەمی ئێستاش درێژ بۆتەوە.

ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە دەستپێشخەریی کەسایەتیی رووناکبیری کەم وێنەی کورد، پێشەوا قازی محەممەد رووی دا، هەر چەند لە باری مێژووییەوە دەکەوێتە پاش ئەو هەوڵانەی لە باکووری کوردستان درا، بەڵام لە هەمان کاتدا لە روانینێکی زۆر پێشکەوتنخوازانەتر لە پێشوو سەرچاوەی گرتبوو کە رەگەزی ناسنامەخوازیی ژنی کوردی زیاتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تێدا بەدی دەکرا. لەو سەردەمەدا بوو کە هەوڵێکی پلانمەند و ریشەیی بۆ دۆزینەوەی کەسایەتیی راستەقینەی ژن درا. بۆ یەکەم جار لە سایەی کۆماری کوردستاندا رۆژی جیهانیی ژن لە شاری مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی بە هەوڵ و کۆششی مینا خانمی ژنی سەرکۆماری کوردستان رێزی لێ گیرا.

گرینگیی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمەدا و سەرەنجام رۆڵ و پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگادا و جیاوازیی لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشووتری کورد لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ یەکەم جار بوو توخمی شارستانی بوون و مەدەنی بوون بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردەوە زۆر بەرچاوو دیار بوو. بۆ یەکەم جار بوو پرسی کرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو رووی ژن لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسیی مۆدێرن و مەدەنی دەهاتە ئاراوە و دام و دەزگاکانی دەسەڵات دەستپێشخەر بوون بۆ هاندانی ژنان بەرەو چالاکیی رێکخراوەیی وفراوان کردنی سنوورەکانی ئازادیی ژنی کورد. دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک کیانێکی سیاسیی مۆدێرن و دامەزراوەیی، دەرفەتێکی کەم وێنەی بۆ ژنان رەخساند تا لە سایەی سەرهەڵدان و دەستەبەر بوونی چەمکە مۆدێرنەکان، هەوڵی دەرباز بوون لە نۆرم و بایەخە باوەکان بدەن کە تا سەر ئێسقان تێکەڵ بە کولتوور و ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگای عەشیرەیی و پیاوسالاری ئەوکاتی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەمژەیی بەمجۆرە بەرهەم دێ



وەرگێڕانی: سامان سیوەیلی

چەند زانایەک تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر پێنج مەیموون ئەنجام دا ، تاقیکردنەوەکە بەمجۆرە بوو: هەر پێنج مەیموونەکە لە قەفەسێکی گەورەدا دانران، لەنێوەڕاستی قەفەسەکەدا پەیژەیەک دانرابوو، لەسەر بەرزترین پلەی پەیژەکە چەند مۆزێک دانرابوون، هەر کاتێک مەیموونێک بەپەیژەکەدا سەر بکەوتایە بۆ دەستکەوتنی مۆز، ئەوا زاناکان ئاوی گەرمیان بەجەستەی چوار مەیموونەکەی دیکەدا دەکرد ، پاش چەند هەوڵێکی مەیموونەکان بەشێوەی تاک تاک بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەداو بەهۆی ئەوەی لەهەر جارێکدا ئاوی گەرم بەجەستەی مەیمونەکانی دیکەدا دەکرا ، ئیدی مەیموونەکان خۆیان ڕێگەیان لەهەر مەیموونێک دەگرت بیویستایە بەسەر پەیژەکەدا سەربکەوێو بەچوار مەیمونەکەی دیکە لێیان دەدا، ئەمەش لەترسی ئەوەی ئاوی گەرم بەجەستەیاندا بکرێ. پاش ماوەیەکی کورت هیچ مەیموونێک نەیدەوێرا بەسەر پەیژەکەدا سەربکەوێ. پاشتر زاناکان یەکێک لەو پێنج مەیموونەیان هێنایە دەرەوەی قەفەسەکەو مەیموونێکی دیکەیان خستە جێی، کاتێک مەیموونە تازەکە خرایە نێو قەفەسەکەوە یەکەم هەنگاو کە ئەنجامی دا سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەدا بوو ، بەڵام هەرزوو لەلایەن چوار مەیموونەکەی دیکەوە ڕێگەی لێگیراو هێنایانە خوارەوەو لێیان دا. پاش چەند هەوڵێکی مەیموونە تازەکە بۆ سەرکەوتنی پەیژەکەو خواردنی لێدان بەدەستی چوار مەیموونەکەی دیکە ئیدی دەستبەرداری سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەدا بوو بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەیدا لێدەگرن. پاش ماوەیەکی کەم زاناکان مەیموونێکی دیکەشیان گۆڕی بە مەیموونێکی تازە، هەربەو شێوەیە هەر چوار مەیموونەکە (بەمەیمونە گۆڕاوەکەی یەکەمیشەوە) دەکەوتنە لێدانو ڕێگرتن لەو مەیموونە تازەیە، هەر کاتێک هەوڵی سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەیدا بدایە ، بەمجۆرە زاناکان بەردەوام بوون لەسەر گۆڕینی هەر سێ مەیمونە کۆنەکەی سەرەتای تاقیکردنەوەکە، هەربەوشێوەیە دیمەنەکە دووپاتە بووەوە، بەجۆرێک ئەم پێنج مەیموونە تازەیە بێ ئەوەی بزانن بۆچی دەبێ ڕێگە لەسەرکەوتنی هەر مەیمونێکی تازە بگرن کە بیەوێ بچێتە سەر پەیژەکەو بێ ئەوەی بزانن بۆچی دەبێ لێیبدەن ئەو ڕەفتارانەیان ئەنجام دەدا.

ئەگەر بکرایە پرسیارمان لەو مەیموونانە بکردایە بۆچی ڕێگری لەو مەیموونانە دەکەنکە بەسەر پەیژەکەدا سەرکەون ، ئەوا بێگومان بەمشێوەیە وەڵامیان دەدایەوە: (ئێمەش نازانین بۆچی، بەڵام باووباپیرانمان وایان دەکرد، ئێمەش لەوانەوە فێربووین)، ئەمەش پرۆسەی دروستکردنی گەمژەیییە.



# دڵەڕاوکێکانی ژیان دوای تەڵاق

وەرگێران: دایکی سۆژین

زۆربەی ئەو کەسانەی تەڵاق وەردەگرن، ڕەنگە لای خۆیان بیر بکەنەوە کە کێشەکانی ژیانی پێشوویان لە نێو چوون‌و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی. وەدەستهێنانی هاوسەرێکی باش، باشبوونی باری ئابووری ، سەربەستی لە بەدواداچوونی ئامانجی تاکەکەسی‌داو دەستکەوتنی هەلومەرجی لەبار بۆ بڕیاردانی سەربەخۆ. بەڵام زۆربەی کات ئەو خەیاڵانە بەئەنجام ناگەن‌و دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گیروگرفتەکان. تەنانەت ئەو کاتەی ئاڵوگۆری باش بۆ تاک دێتە پێش ، ئەو ڕووداوانە بێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراو نابن، لێرەدا لەگەڵ هەندێک ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی تەڵاق ئاشنا دەبین:

ئەگەر ژن بێ‌و تەڵاقت وەرگرتبێ، باری ئابووری‌و گوزەرانی ژیان یەکێک لە نیگەرانی‌یەکانت دەبێ. «لیونور ویتزمن»، کۆمەڵناسی ئەمریکایی کە لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی لەبارەی تەڵاقەوە کردوە، لە کتێبەکەی خۆی بە نێوی «شۆڕشی تەڵاق»دا لەو بارەیەوە دەنووسێ: «یەک ساڵ دوای تەڵاق لە ئەمریکا، ستانداردی گوزەرانی ژنان ٧٣٪ دادەبەزێ، لە حاڵێکدا ئەو ڕێژەیە لە پیاواندا ٤٢٪ زۆر دەبێ. وەرگرتنی نەفەقە لە پیاوان کارێکی ئاسان نیەو ژنان زۆر بە کەمی دەتوانن وەری‌بگرن. بە پێی نووسینەکانی ناوبراو بۆ زۆربەی ژنان‌و منداڵان، تەڵاق بە مانای دابەزینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌یە، بەڵام بەداخەوە لە نێوان زۆربەی ئەو کاریگەری‌یانەکە تەڵاق لە سەر ژیانی تاک دایان‌دەنێ، هەلومەرجی ئابووری لەبەرچاو ناگیرێ.

هاوسەری شیاو لە کوێیە؟

ژنێک کە تازە تەڵاقی وەرگرتوە لەگەڵ زۆر دڵەڕاوکەی دیکە بەرەورووبە. ئامارەکان نیشان دەدەن کە ژنێک کە تەڵاقی وەرگرتوە بە ئیحتمالێکی کەمترەوە لە چاو پیاوان کە تەڵاقیان وەرگرتوە دووبارە ژیانی هاوسەری پێک دێنن. ٤٠٪ ئەو ژنانەی دوای تەمەنی



٣٠ ساڵی تەڵاقیان وەرگرتوە، دووبارە ژیانی هاوسەری پێک ناهێنن. ئەگەرچی هێندێک لەو ژنانە بە خواستی خۆیان نایانەوێ دیسان ژیانی هاوسەری پێک بێنن، لە حاڵێکدا زۆربەی کارناسانی ئەو بوارە دەڵێن ڕێژەی ئەو پیاوانەی لەگەڵ ئەو ژنانە پێک دێن ڕوو لە کەمبوونەوەیە. بە ڕای هەندێک زۆربەی پیاوانی هاوتەمەنی ئەو ژنانە بە ژیان لەگەڵ ژنانی کەمتەمەنتر عەلاقە نیشان دەدەن. بێننە بەر چاوتان چەندە بۆ ژنێک کە تەڵاق وەردەگرێ، کارەساتبارە کە بە جێی پەیداکردنی هاوسەری باش‌و شیاوی خۆی، خۆی لە نێو تەنیاییدا دەبینێتەوە. «هەستکردن بە تەنیایی» یەکێک لەو کێشانەیە کە ژنان زۆر گلەیی و گازەندەیان لێی هەیە.

کێشەکانی ژیان دوای تەڵاق

زۆر وا هەیە دوای تەڵاق، هەست بە ڕزگاری بکەن بەڵام زۆر لەو کەسانەی کە ژیانی تەنیایی‌یان تەجروبە کردوە دەڵێن کە ژیانی تاکەکەسی کێشەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ترس لە سووکایەتی پێکرانەوە بگرە تا هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی دووبارەو فێربوون‌و سازان لەگەڵ ئەخلاق‌و هەڵسوکەوتی هاوسەری دواتر. هەمووی ئەوانە لەوانەیە ژیانی تاکەکەسی بکێشنە نێو قەیرانەوە.

زۆربەی ئەو کەسانە پێیان وایە کە دوای جیابوونەوە لە هاوسەری ئێستایان‌و بە تەڵاق وەرگرتن هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە هەست بە تەنیایی دەکەن‌و تەنانەت تووشی کێشەی دەروونی دەبنەوە، لێکۆڵینەوەکانی «جودیت والرشن» لە بارەی هاوسەرانی تەڵاق وەرگرتوو نیشان دەدەن کە وا هەیە ١٠ ساڵ دوای تەڵاق، زۆربەی ئەو کەسانە نەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان. والرشن دەنووسێ: «بە بوونی ئەو بیروبۆچوونەی هەمانە، ئەوە کە زەمان ئەو



برینانە سارێژ دەکاتەوەو زەمان، لەخۆوە هەستو بیرەوەری‌یەکان کەم دەکاتەوە؛ ئەوە کە بە سەر کێشە دەروونی‌یەکان زاڵ دەبین، یان حەسوودی‌و تووڕەیی‌و کینە لە نێو دەچێ. بەڵام بە پێی ئەو تەجروبانە ١٠ ساڵ دواتریش هەربەو ڕێژەیە ژان‌و ئازاری هەیە. هێندێک بیرەوەری تا کۆتایی ژیان لە گەڵمان دێن‌و هیچ کات لە بیر ناچنەوە. ئەو کەسانە بە ژیانی خۆیان درێژە دەدەن بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە ئەوان کێشەی دەروونی‌یان نەمابێ».

بە دڵنیایی‌یەوە ئەو کەسانەی کە داواکاری تەڵاق بوون، زۆربەیان لەبارەی پێوەندی‌یەکی ناکامەوە هەست بە پەژیوانی دەکەن ، بە تایبەت ئەو ژن‌و مێردانە کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە ژیابن. چاولێکردنی وێنەکانی ئەو کاتانەی پێکەوە بوون یان خوێندنەوەی ئەو نامانەی کاتی خۆشەویستی بۆ یەکتریان دەنووسی، یان چاوپێکەوتنی ئەو شتانەی بە یادگاری بە جێ ماون، هەمووی ئەمانە دەبنە هۆی بیرکردنەوەو خەمخواردن. زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەورەی تەڵاق‌دان‌و زۆریش لە سەر بڕیاری خۆیان سوورو پێ‌داگرن وەبیرهێنانەوەی ئەو بیرەوەری‌یانە ڕق‌و کینەکەیان تا ڕادەیەک دەنیشێنێتەوەو ئارامیان دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەگەر لە فکری تەڵاقوەرگرتندان، دووبارەو چەندبارە بە جوانی بیری لێ‌بکەنەوەو کەمێک دەستی لێڕابگرن، چوون لەوانەیە ڕێگاچارەی پێویست هەبێ بۆ حەلکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی ئێوە.

سەرچاوە: www.salamat.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نە ئەمن پیاوم نە ئەتۆ ژن





محەمەد زێوەیی

مرۆڤایەتی ئینکارکردنی ژن واتە ئینکارکردنی مرۆڤایەتی، ئینکاری دایکو ئینکاری ژیان.

هەتا ژن ئازاد نەبێ کۆمەڵگا ئازاد نابێ، ئازادی لە منداڵییەوە دەست پێ دەکا، با منداڵەکانمان بە بیرێکی کراوەو ئازاد بار بێنینو چۆن ژن واتە دایک هەموو فاکتەکانی مرۆڤبوونمان لەوەوە فێربووین.

کۆمەڵێک لە پیاوانی بێمێشکی نەفامو دڵڕەقو درندەی هیچ نەزانو تێنەگەیشتوو زۆر خەراپ لە کەسایەتیو جێگەوپێگەی ژن تێگەیشتوونو ژن بە کارکەرو دابەستەی نێو ماڵو کەرەسەی سێکسو دەزگای بەرهەمهێنانو بەخێوکردنی منداڵ دەزانن، ئەو کۆمەڵە پیاوە لە ڕاستیدا لەگومانو لەخۆباییبوونو لووتبەرزیدا دەژینو هێشتا کەسایەتیی ژنیان وەک خۆی نەناسیوە. ژنو پیاو تەنیا کەمێک لە بواری جەستەییدا جیاوازن و هەردووکیان زادەی مرۆڤنو توانا هزریو هەستەوەرەکانیان وەک یەکنو تەنانەت ژن لە زۆر بواردا لە پیاو بەهێزترو وردبینترو جوانترو هەڵسووڕترە، کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەرهەمی گەشەسەندنو پێشکەوتنو شارستانیەتی خۆیان لە ئازادیی ژنو کەسایەتیی ژندا دەبیننەوەو باوەڕمەندن بەوەی کە هەرکات ژن پێشەنگ بێ کۆمەڵگا دەتوانێ لە زۆر بواردا گەشە بکا. لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و ئازادەکاندا مافی مرۆڤ تارادەیەکی زۆر دەستەبەر کراوە دەکرێ، لەو کەشە کراوە گونجاوانەدا ژن لە ڕیزی هەرە پێشەوەی دەسەڵاتو ئیداراتو بنیاتو ڕێکخراوو کۆڕوکۆمەڵەکاندایەو بەواتایەک ژن لە زۆر کاروباری ئیداریو حکومەتی لە لایەنە سیاسیو ئابووریو زانستییەکاندا دەستپێشخەرە و ژنان لەو کەشە ئازادەدا توانیویانە تا ئاستی سەرکۆماریی وڵاتو سەفەرکردن بۆ دەرەوەی گەردوون بچنە پێش کە ئەوەش بە دەستکەوتێکی گرنگی ئەو وڵاتانە هەژمار دەکرێ.

جیاوازیی کۆمەڵگاکان لەوەدایە کە لە زۆربەی کۆمەڵگا خێڵەکیو عەشیرەیی و ئایینییەکان و تەنانەت لە ڕژێمە تۆتالیتێرو دیکتاتۆرە توندڕەوو بەستراوەو قەتیسماوو داخراوەکاندا ژن کەرەسەی ساتوسەوداو خۆشگوزەرانیی پیاوە، ژن لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیو ئیداریو حکومەتیی نیەو تەنانەت دابەستەی نێوماڵەو ژن بە نامووسی پیاو دەخەملێندرێ، واتە ژن بە ئابڕووی پیاو پێناسە کراوە کە ئەوەش زەبرێکی قورسی لە کەسایەتیی ژنداوەو تووشی دیاردەی وەک نەخۆشیو خەمۆکیو شێتیو خۆکوشتنی کردوە.

گیرو گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگا دواکەتووەکاندا گەلێک زۆرنو دەتوانین بڵێین کە ژن بە کۆیلەو بەردەستی پیاو پێناسە کراوەو ئەوەش وای کردوە کە پیاوان ژنان بە کەم ببینو تەنانەت ئیزنی ژیانکردنو کارکردنیشی وەک کەسێک ئاسایی نییە، ژن ناتوانێ بە مەیلی خۆی هاوسەری هەڵبژێرێو بەزۆر بەشوو دەدرێو دوارۆژی تاریکو پڕ لە کێشە ئەنجامەکەیەتی، هەروەها ژن ناتوانی خۆشەویستی بکاو ئەو مافەشی پێنادرێو لە کۆتاییدا کارەساتی گەورەو مەترسیداری بەدواوە دەبێ، ژن توانایی بڕیاردانی تەنانەت لە ئاستی بنەماڵەشدا نیەو بەردەوام بە کەمو بێکەڵکو نەزان سەیر دەکرێو ئەقڵی ژن بە نیوەی ئەقڵی پیاو لێکدانەوەی لە سەر دەکرێ.

ژن ژیانە+ژن دایکە= ژن مرۆڤایەتییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زمانی ژنان ئۆسکار مان



هێدی

بەیتەکان رادەیەکی زۆر زاراوە (ئیدیۆم) و دەربڕینی تایبەتی‌یان تێدایە کە دابونەریت دەگرنەوە. لە وەرگێڕاندا دەبێ بۆ ئەو دەربڕینانە بەرامبەرێکی پڕبە پێست ببینرێتەوە هەتا ئەو مانایەی وشەکان لە رابردوودا هەیانبووە، وێڕای مەبەستەکان، بە باشی بگوێزرێنەوە. ئەوەش زۆر جاران بە زەحمەت دەگونجێ. دیارە گیروگرفتی وا لە کاتی وەرگێڕانی هەر زمانێکی بێگانە دا دێتە گۆرێ. ئەو گیروگرفتانەش، لە شوێنێکی وادا، زۆرجار بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە، چونکە نە سەرچاوەیەکی کۆنی ئەدەبیی لە گۆرێدایەو نە زانیاری‌یەکی ئەوتۆ لە سەر قۆناغەکانی زمان لەبەر دەستە. تەنانەت ئاشنایەتیمان دەگەڵ کەلتوری ئەو گەلەش کە پێوەی خەریکین، لە کاتی وادا، بۆ وەڵامی ئەو چەشنە پرسیارانەمان یاریدەمان نادا.

زۆر جار کە بۆ روونبوونەوەی دەربڕینێک پرسیارم لە خەڵک کردوە لە وەڵامدا پێیان‌گوتووم «ئەوە زمانی ژنانە». بە پێی لێوردبوونەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوتوە کە بە تایبەت لەو بەشەی رۆژهەڵات کە موسوڵمانن، ژنان پارێزەری دابونەریتی کۆنی گەلن، چونکە زۆر کەمتر لە پیاوان دەکەونە ژێر تەئسیری دەرەوە.

ئەمن پێم‌وایە ئەو شێوە دەربڕینانەی خەڵک تێکستەکان زۆر بەنرختر دەکەن، چونکە بە باشی بۆمان دەردەخەن کە بیری خەڵک چۆن لە پێکهاتنی زماندا دەور دەگێرێ. هەرچەند بە پێوانەی ئێمە زۆرجار شێوازی گێڕانەوەی خەڵک نیازمان دابین ناکا، بەڵام ئەگەر هێندێک شوێنی تێکستەکان دەگەڵ شوێنی دیکەی هاوچەشن پێک بگرین لە باری ماناوە هێندێک گیروگرفتمان بۆ چارەسەر دەکرێن. ئەمن چونکە ئەوەم بۆ گرنگ بوو کە بەرهەمە کۆکراوەکان، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، زوو بکەونە بەر دەستان ناچار بووم بەو شی‌کردنەوانە رازی بم کە کوردەکان دەسبەجێ لەوێ بۆیان دەردەبریم. دیارە لەبەر نەبوونی سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر هەمیشە شی‌کردنەوەو وەرگێردراوەکانم بە وردی هەڵسەنگاندوون. سەرەڕای ئەوەش جاری وا بووە لە ناچاری‌یان وەرگێڕانێکی وام هەڵبژاردوە کە بۆخۆشم زۆرم پێ پڕبە پێست نەبووە. زۆر جار کە مانای شوێنێکی ناڕوونم دە بەیتەکاندا لە خەڵک دەپرسی لە وەڵامدا پێیان‌دەگوتم «ئەوەی ئەو بەیتبێژە پێی‌گوتووی بێ مانایە». جاری واش بووە بەختم هێناویەتیو توانیومە ئەوەی ناڕوون بووە روونی بکەمەوە. بەڵام دیسان زۆر جێ بە ناڕوونی دەمانەوەو لە بێ دەرەتانی‌یان ناچار دەبووم، بە نابەدڵییش بووبێ، شی‌کردنەوەی بەیتبێژەکە قەبووڵ بکەم. بەشکەم لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ناوچەدا دەری‌بخا کە بەیتبێژەکە باشی بۆچووە. دەمەوێ باسی ئەوەش بکەم کە ناسینەوەی گیانلەبەران، بە تایبەت ناسینی ئەو باڵندانەی ناویان دە بەیتەکاندا هاتوە، زۆر زەحمەت بوو. زۆرجار خەڵکەکە بۆخۆیان نەیان‌دەزانیو دەیانگوت «گیانلەبەری وامان قەت نەدیوە». کە هەوڵیشیان دەدا هەر بە قسە تێم‌بگەیەنن چۆنە، سەرنەدەکەوتن. گیاوگوڵەکان باشتر دەدیترانەوە. ئەوەش کاتێک دەگونجا کە خەڵکت بردبایە دەرەوەو داوات لێ‌کردبان ئەو گیاوگوڵانەی ناویان هاتوە و نازانین چۆنن بۆمان ببیننەوە و نیشانمان بدەن.

سەرچاوەوێبلاگی

جەعفەری حوسێنپوور(هێدی)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لیبراڵ فێمینیزم، بزووتنەوەیەک بۆ ژمارەیەک ژن

وەرگێڕان لە فارسییەوە: سەلاح مەحمود

لیبراڵ فێمینیزم مەکتەبێکی فێمینیستی‌یە کە پێداگری لەسەر ئازادیی ژن دەکاو باوەڕی وایە کە ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگا دەبێتە هۆی سڕینەوەی چەوسانەوەی ژنان، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە ئازادی چۆاتایەکی هەیە، لیبراڵ فێمینیستەکان لەگەڵ یەکتر هاوڕا نین. دەتوانین لیبراڵ فێمینیستەکان بە دوو باڵ دابەش بکەین:

١. لیبراڵە کلاسیکەکان یان فێمینیستە ئازادی‌خوازەکان.

٢. فێمینیستە لیبراڵو یەکسانی‌خوازەکان.

تێگەیشتنی لیبراڵ کلاسیکەکان لە ئازادی سڕینەوەی زوڵمی پیاوان لە سەر ژنانە، بەو واتایە کە ژنانیش وەک پیاوان مافی ژیانی تایبەت، پێوەندی رەگەزی، زەماوەندی ئازادانەو هتدیان هەیە. هێزی دەوڵەتیش کاتێک رەوایە کە بەرگری لە مافو ئازادی‌یەکان بکا. ئەم فێمینیستانە باوەڕیان وایە کە لە وڵاتانێکی وەک ئەمریکا، دەوڵەت سەرەکیترین هۆکاری چەوسانەوەی ژنان لە باری ئەخلاقەوەیە، بۆیە پێویستە ژنان رێگە بەو قانوونانە نەدەن کە بەتایبەت ئازادیی ژنان پێشێل دەکەنو ئەو قانوونانە رەت بکرێنەوە کە ئیمتیازی تایبەت بە هەندێک ژن دەدەن.

باڵی دووەم واتا فێمینیستە لیبراڵ و یەکسانی‌خوازەکان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئازادیی ژن هەیە. ئەم فێمینیستانە باوەڕیان وایە کە ژنان دەبێ هاوکاریی یەکتری بکەنو کەسایەتیی خۆیان بونیاد بنێنو بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژی‌یەکی راست بۆ سەرکەوتن پێویستە کەڵک لە هەلە جیاوازەکان وەربگرن.

ئەم باڵە موحافیزەکارە، دەوڵەت بە لەمپەڕ لەبەردەم ئازادی نازانێ، بەڵکوو دەڵێ ئەوە نەریتەکانن کە بەرامبەر دەوڵەت سەنگەریان گرتووەو ئازادیی ژنان بەرتەسک دەکەنەوە.

فێمینیزمی لیبراڵ فەرهەنگیش باوەڕی وایە کە ئەوەی دەبێتە هۆکاری چەوسانەوەی ژنان، فەرهەنگی پیاوسالاری‌یە کە هاوتەریبی دەوڵەت ژنان سەرکوت دەکا، بزووتنەوەی ژنان بۆ رێگری‌کردن لە توندوتیژییش وەک بەدیل بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدا.

فێمینیستە لیبراڵەکان ئازادیو یەکسانی لە ئازادیی تاک، هەڵبژاردنی ژیانی ئازادو بەشداری لە داهاتووی سیاسی دەوڵەتدا دەبینن. باوەڕیان وایە کە ئازادیی ژنان پێویستیی بە دۆخێکە کە ئێستا بە گوێرەی پێویست لەئارادا نیە، رێکخستنە کۆمەڵایەتی‌یەکان تا رادەیەکی زۆر لەبەرانبەر ئازادیی تاکەکەسیو پێگەیاندنی ژناندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. پێداویستی‌یەکانی ژنان لەم دۆخەدا بەرادەیەکی کەم دێنە دیو ئەم دۆخەش زۆر نارەوایە، چونکە نوێنەرایەتیی ئازادیی تاکەکەسیی ژنان ناکا.

لە گۆشەنیگای ئەم مەکتەبە فێمینیستی‌یەوە نەبوونی ئازادیی تاکەکەسیی ژنان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی رەگەزی، پاشایەتیی باوک، فەرهەنگو پێکهاتە باوکسالاری‌یەکانو بە ئەرکی بزووتنەوەی ژنانی دەزانێ کە ئەم کەموکوڕی‌یانە دەستنیشان بکاو چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە. لیبراڵە یەکسانی‌خوازەکان پشتگیری لە گەشەکردنی ئازادیی تاکەکەسیی ژنان بە ئەرکی دەوڵەت دەزانن.

مەکتەبی لیبراڵ فێمینیستی ناهوشیاریی ژنانیش بە یەکێک لە هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنان ئەژمار دەکاو پێداگری لەسەر بەرزکردنەوەی رادەی خوێندەواری دەکەنەوە، هەروەها دەڵێن ئەگەر قانوونەکانی بەرگریکار لە مافی ژنان لە پەرلەمان پەسەند بکرێن، ئەوە کار دەکەنە سەر مافی ژنانو فەرهەنگ، بەم شێوەیە کۆمەڵگا گۆڕان بەخۆوە دەبینێ. ئامانجیان ئەوەیە کە پێگەی ژنو پیاو یەکسان بێو لە رووی مافو قانوونەوە جیاوازی لە نێوان ژنو پیاودا نەمێنێ. داخوازی فێمێنیستە لیبراڵەکان لە چەند رستەدا بەم شێوەیەن: ئازادیی بیروراو ئازادیی لەبەربردنی کۆرپە، پشتیوانیی قانوونی دژی توندوتیژیی رەگەزیو هەڕەشەکردن، مافی دەنگدان، مافی خوێندن، یەکسانبوونی دەسترەنجی ژنو پیاو لە کاردا، کارئاسانی لە گەورەکردنی منداڵدا،و هەروەها ئاشکراکردنی ئەو توندوتیژی‌یانەی لە ماڵەوە پیاوان بەرامبەر ژنانی دەکەن.

گەرچی هەموو داخوازەکانی فێمینیستەکانی لیبراڵ بە هەر دوو باڵەکەیانەوە رەوانو دەبوو لە چوارچێوەیقانوونە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا دەستەبەر بکرێن، بەڵام فێمینیستە لیبراڵەکان لە نیوەی رێگادا دەست لە تێکۆشانی ئازادیخوازی بەردەدەن، لەبەر ئەوەی لووتکەی داخوازەکانیان رەگی لە سیستەمی ئابووریو ئایدیۆلۆژیی سەردەستدا هەیە، بە گوێرەی پێویست لە بەدەستهێنانی داخوازەکانیاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێننو لە وەدیهێنانی ماف بۆ ژنانی هەژاردا شکست دێننو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بەرامبەر سیستەمی ناعەدالەتیو داگیرکەریی سەرمایەداری‌دا تێکۆشان ناکەن، بەڵکوو خوازیارن لەم سیستەمەدا ژنان مافی ئازادیو خاوەنداری‌یان وەک پیاوان هەبێ، ئەگەریش بوونە کرێکاری سیستەمەکە با دەسترەنجیان بەرامبەر هی پیاوان بێ.

هەرچەند هۆکاری چەوسانەوەی ژنان لە سیستەمی پاشایەتیو کۆمەڵگا باوکسالارەکاندا دەبینن، بەڵام پێوەندیی چڕوپڕی نێوان سیستەمی پاشایەتیو کۆمەڵگای چینایەتی لەبەر چاو ناگرن، هەر بۆیەشە تا ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## مەکتەبی لیبراڵ فێمینیستی ناهوشیاریی ژنانیش بە یەکێک لە هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنان ئەژمار دەکاو پێداگری لەسەر بەرزکردنەوەی ڕادەی خوێندەواری دەکەنەوە

ژنانی کرێکارو فەرمانبەر دەستڕەنجی تەواویان پێنەدراوەو لە ڕوانگەی سەرمایەدارییش ژن هەروەک هێزی کاری هەرزان سەیر دەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە لیبراڵ فێمینیستەکان لە بەرامبەر کاری ماڵەوەی ژناندا داوای کرێ ناکەنو ئەمەش بە قازانجی سیستمی سەرمایەداریو بە زەرەری ژنان تەواو دەبێ. ژنان دەبنە دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی هێزی هاوسەرەکانیانو لە بەیانی تا شەو بێبەرامبەر کار دەکەنو ژیانیان سووڕانەوەیە بە دەوری مەتبەخێکدا، بەم شێوەیە سیستمی سەرمایەداری ژنان وابەستە بە پیاوان دەکا.

لە لایەکی دیکە لیبراڵ فێمینیستەکان ژنان هان دەدەن تا لە بازاڕی کاردا کار بکەن تا لە کۆیلایەتی ڕزگاریان بێ، هەرچەندە کە پێویستە ژنان لە دەرەوەی ماڵ کار بکەنو تێکۆشانی کۆمەڵایەتی‌یان هەبێ تا سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بێنن، بەڵام تا کاتێک سیستمی ئابووریی سەرمایەداری چارەنووسی ژنانی کرێکارو فەرمانبەر دیاری بکا، کاری دەرەوە بۆ ژنان نابێتە چارەسەر و ڕزگاریی واقعی نیە، ئەو کات هەم دەبێ بە کرێی کەمتر کار بکەنو هەم بێ بەرامبەریش کارەکانی ماڵەوە ڕاپەڕێنن.

گومانی تێدا نیە کە پێداگری لەسەر ئازادیو تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ماف، گرنگترین ئەرکی تێکۆشانی ژنانە، بەڵام وەدەستهێنانی ئازادی لە هەموو بوارەکاندا نەک تەنیا لە بواری یاسایی، سیاسیو کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لە بواری کارو بەرهەمهێنانیشدا زۆر گرنگە.

لیبرڕاڵەکان چاوپۆشی لە داگیرکاریو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکەن، سەرەڕای ئەم چاوپۆشینەش باس لە هاوسەنگیی ئابووری دەکەنو داوای کرێی یەکسان بۆ ژنو پیاو دەکەن، ئەوە ڕاست داگیرکردنی ژنو پیاوە لە سیستمی سەرمایەداریدایە. ئەم داخوازانە زۆربەی مەکتەبە فێمینیستیەکان دەگرێتەوە، جگە لە فێمینیستە سۆسیالیستەکان.

پێویستە داخوازەکانی بزووتنەوەی ژنان، داخوازی تێکڕای ژنان لەخۆ بگرن، ئەگەر وا نەبێ ئەوا بزووتنەوەی ژنان دەبێتە "بزووتنەوەی ژمارەیەک لە ژنان"، ئەوە کە فێمینیستی لیبرالیش داخوازەکانی ژنانی بورژوا دەکاتە ئامانجی خۆی، دەکرێ وەک "بزووتنەوەی ژنانی بورژوا" لێک بدرێتەوە، — پێشتریش هەر بەم شێوەیە لێک دراوەتەوە- چونکە لە کۆتاییدا هەر ژنانی بورژوا دەگەنە ئەو داخوازانە نەک ژنان بە گشتی.

نەسیم ڕەوشنایی

لە وارڤینەوە وەرگیراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەرێ ژن بوون تاوانە؟!



ئامادەکردنی مینا سوڵتانزادە

لە رابردووی عەرەبستان دا کچیان زیندەبەگۆڕ دەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی کچن و بە هۆی بیری کۆن و دواکەوتوویی کە کچ دەبێتە هۆی بێ ئابڕوویی و سووک کردنی بنەماڵە لە کۆمەڵگەدا و ناتوانن لە نێو خێڵ و عەشیرەکانیان دا سەریان بەرز رابگرن، بەڵام کاتێک کوڕیان دەبوو دەیانکردە شایی و خۆشی، بێ ئەوە بیر لەوە بکەنەوە، ئەو دایکەی ئەو کوڕ و کچەی هێناوەتە سەر دنیا خۆی کچۆڵەیەک بووە کە توانیویەتی لە دەست کردەوەی بێ بەزییانە و ناماقووڵانەی زیندەبەگۆڕ رزگاری بێ و ببێتە دایک.

## هەڵاواردنی نێوان ژن و پیاو:

خودا ژن و پیاوی وەک یەک خەلق کردوەو هەردووکیانی وەک مرۆڤ هێناوەتە سەر دنیا. تەنیا لەباری رەگەزییەوە جیاوازن نەک لەباری حەق و حقووق و ژیانەوە. ئەگەر پیاو لە باری جەستەییەوە بە هێزە ژنیش هێندێک کاری لە توانا دا هەیە کە پیاو ناتوانێ ئەنجامی بدا نموونەی سەرەکی توانای دایکایەتی یەکێکە لەو کارانە.

لە نێو ژن و پیاودا مامۆستا شاعیر، دوکتور، داهێنەرو... هەیە و هەر وەک پیاوی سەرکەوتوو هەیە ژنی سەرکەوتووش هەیە، بە سەدان نموونەش دەبینرێ، بۆیە ژن و پیاو یەکسانن و ژن هیچی لە پیاو کەمتر نییە پیاوان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بەراستی چییان لە ژنان زیاترەو کێ ئەو حەقەی پێداون کە وا بیر بکەنەوە.

لە شەقام و شوێنە گشتییەکان پێکەنین بە دەنگی بەرز بۆ پیاوان عەیب نیە و نیشانەی شادی و خۆشحاڵی ئەوانە بەڵام پێکەنینێکی ئاسایی بۆ ژنان دەبێتە هۆی عەیبە و بە خراپ چاو لێکردنیان و بێ ئەدەبی ئەوان. ئەرێ بە راستی ئەوە بێ عەدالەتی نیە؟

ئەگەر پیاوێک بە جلێکی خاوێن و موی سەرێکی رێک و پێک دەرکەوێ نیشانەی پاک و خاوێنی ئەوە، بەڵام هەر ژنی ئەو پیاوە بە خاوێنی بگەڕێ تاوانی کردوە و دەبێتە هۆی ئینحراف بۆ کۆمەڵگە.

ئەگەر کچەکەت کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبێ تۆ بۆ چارەسەری کێشەکەی سەردانی دادگات کردوەو لەوێ دەڵێی زاواکەم ئیزنی کچەکەم نادا سەردانی ئێمە بکا، کاری دەرێ بکا، بچێتە میوانی،





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**له نێو ژن و پیاودا مامۆستا شاعیر، دوکتور، داهێنەرو... هەیە و هەر وەک پیاوی سەرکەوتوو هەیە ژنی سەرکەوتووش هەیە، بە سەدان نموونەش دەبینرێ، بۆیە ژن و پیاو یەکسانن و ژن هیچی لە پیاو کەمتر نییە پیاوان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بەراستی چییان لە ژنان زیاترەو کێ ئەو حەقەی پێداون کە وا بیر بکەنەوە**

بۆخۆی پێداویستیەکانی خۆی دابین بکا، جەنابی قازی دەڵێ دەی جا ئەوە حەقی ئەو پیاوەیەو دەبێ ژن گوێ رایەڵی مێردەکەی بێ و لێرەدایە کە دەڵێین ئەوە چ یاسایەکە!! بەڵێ ئەوە یاسایە و ئێمە قبوڵمان کردوە و ئێستا کە بە قازانجی ئێمە نیە دژایەتی لەگەڵ دەکەین.

کاتێک کچ مێرد دەکا بۆ قایم کردنی بنەمای ژیان و داهاتووی، داوای مارەییەکی زۆر قورس دەکەین و بە جێی ئەو مارەییە داوای ئەوە ناکەن ئەگەر سبەی کچە کێشەی هەبوو بتوانێ داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکا چونکە پێمان وایە عەیبەو دەبێتە هۆی ئابڕووچوون و سووک کردنی بنەماڵە.

بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە ئەو کچە لە ژێر فشاری روحی دایەو بۆ رزگاربوونی مارەییەکەی دەبەخشێ و تەنانەت ئەو کاتەش بە هەزار پاڕانەوەو لاڵانەوە رزگاری دەبێ.

ئەو هەڵاواردنانەی لە نێوان ژن و پیاو دا هەیە:

## ژیانی هاوبەش:

کچان ژیانی هاوبەش پێک دێنن کە لە ئارامی و ئاسایش دا ژیان بە سەر بەرن بەڵام بەداخەوە جاری وایە ئەو ژیانە بۆیان دەبێتە دۆزەخێک و ناچارن هەتا هەتایە بەو ژیانەوە بسوتێن و بسازێن.

یەکەم هەنگاو بۆ ژیانی هاوبەشی کچێک ئیزنی باوکیەتی و زۆربەیان ئەوە وەک رێزێک بۆ باوک دادەنێن بەڵام ئەوە ئیجبارێکە لەسەر کچان، دەنا بۆ کوران ناچار نین ئەو رێزە لەبەر چاو بگرن، ئەدی ئەو رێزە بۆ بۆ دایک دانانرێ و لەو نێوەدا دایک هیچ جێگەیەکی نیە، تەنانەت یاسا ئەو ئیزنەی بە باوک داوە کچێکی ١٣ ساڵە لە پیاوێکی ٧٠ ساڵە مارە بکاو ژیان و داهاتووی لە نێو بەرێ.

ژنی ئێرانی بە بێ ئیزنی ئەنجومەنی وڵات ناتوانێ لەگەڵ پیاوێکی خاریجی ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، بەڵام پیاوەکە پێویستی بەو ئیزنە نیە.

## حەقی تەڵاق:

بە پێی یاسا تەڵاق حەقی بێ ئەم لاو ئەولای پیاوانەو تەنیا پیاو دەتوانێ هەر کاتێک بیهەوێ ژنەکەی تەڵاق بداو تەنیا کاتێک ئەو داوایە لەلایەن ژنەکەوە رەوایە کە مێردەکەی نەفەقەی پێ نەدا، ماددەی هۆشبەر بە کار بێنێ، لە ژنەکەی بدا، زیندانی بێ و یان کێشەی دەروونی هەبێ.

حەقی ویلایەت و سەرپەرستی منداڵ:

بە پێی یاسای مەدەنی ئێران دایک هیچ کات ناتوانێ سەرپەرستی منداڵەکەی وەستۆ بگرێ تەنانەت ئەگەر باوک و باپیریشی نەبێ، تەنیا دەتوانێ وەک خزمێکی ئەو منداڵە بێ.

کاتێک منداڵ پێویستی بە نەشتەرگەری دەبێ ئەوە باوکە دەبێ ئیزنی ئەو نەشتەرگەرییە بداو دایک هیچ دەسەڵاتێکی نیە.

یاسای چەند هاوسەری:

یەکێکی دیکە لەو نابەرابەریانە چەند هاوسەری پیاوانە بە شێوەیەک کە پیاو دەتوانێ تا ٤ ژنی مارەکراوی هەبێ و هەرچەندی سیغە بکا دەتوانێ. زۆربەی ژنان پێیان وایە کە هاوسەرەکانیان ئەو کارانە ناکەن بەڵام ئەگەر سەر لە دادگاکانی بنەماڵە بدەین دەیان بینین ئەو پیاوانە چۆن کەڵک لە حەقە ناعادڵانەیە وەردەگرن.

## تەمەنی بەرپرسایەتی تاوان:

تەمەنی بەرپرسایەتی تاوان بۆ کچان ٩ ساڵی قەمەرییە و بۆ کوران ١٥ ساڵ. بە شێوەیەک ئەگەر کچێکی ٩ ساڵ تاوانێک بکا یاسا وەک مرۆڤێکی گەورە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا. هەموو سزایەکی بۆ لەبەر چاو دەگرێ تەنانەت لە سێدارەدان، تەنیا جیاوازییەک کە هەیە ئەوەیە ئەو منداڵە لە شوێنێکی دیکە رادەگرن تا تەمەنی ١٨ ساڵ و حوکمەکەی بەرێوە دەبەن. دەبێ ئەو پرسیارە لەو یاسا دانەرانە بکرێ، ئایا ئەو منداڵە کە تەنیا ٩ ساڵی تەمەنە ئەوەندە تێگەیشتنی هەیە لە بەرانبەر ئەو تاوانە گیان و ژیانی لێ بستێنرێ.

## دیە:

دیە ئەو برە پووڵەیە لەلایەن بکوژەوە یان تاوانبارەوە دەدرێ بە کەسی زیان دیتو، بە پێی یاسای ئێرانی گیانی ژن نیوەی گیانی پیاو لەبەرچاو دەگیرێ بۆ نموونە ئەگەر خوشک و برایەک لە شەقام توشی رووداوێکی هاتوچۆ بن و هەردووکیان لاقیان بشکێ ئەو پووڵەی وەک خەسارەت دەدرێتەوە بە کورەکە نیوەی ئەو دەدرێتەوە بە کچەکە. ئەوە لە دابەش کردنی میرات و شاهیدی دان دا هەر دوو ژن وەک پیاوێک دادەنێن.

هەڵاواردن و جیاوازییەکان زۆر لەوانە زیاترن. ژنان وەک مرۆڤێکی تەواو سەربەخۆ لەبەرچاو نەگیراون، ژن ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار. حیجابی زۆرە ملی و زۆر یاسای دیکە کە بە دژی ژنان بە کاری دەهێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی سیاسی ژنان
# لە ناوەندەکانی بڕیاردا

بەکر فەیسەڵ کاکەشین

لە ژمارە ٣٦ی ساڵی ١٣٩١ لە گۆڤاری ژنان لەلاپەرە ١٨ بابەتێکی خاتوو (شەونم هەمزەیی) لەژێر ناونیشانی (هۆکارەکانی بەشداری نەبوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی دا) بڵاو کراوەتەوە بەپێویستم زانی وەکو سەرنج و بۆچۆنی خۆمان ئێمەش لەم بارەوە کەمێک بدوێین وێرایی دەست خۆشیم لە خاتونی ناوبرا و ئومێدی سەرکەوتنم بۆ بەرێزیان لەگەڵ بابەتەکەی ئەودا کۆک و تەباین تەنها دەمانەوێت درێژە بەباسەکەی بەرێزیان بدەین کە لە کۆتایی بابەتەکەی چەند پرس و مەسەلەیەکی گرنگی خستۆتەروو کە جێگەی چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیە لەم بوارەدا ئێمەش هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی لەبارەیانەوە بدوێین...

(ویستن) گومانی تێدا نیە مرۆڤ ڕەگەزی نێر بێت یان مێ، زۆرپێویستە ئیرادەی کارکردنی هەبێت، چونکە کاتێک ژنان ویست و ئیرادەی بەشداری سیاسیان نەبێت هەرگیز ناتوانرێ بە شێوەی دامەزراندنیان و تەعین کردنیان یان بە شێوەی سیستەمی کۆتا بۆ پڕکردنەوەی (الذ×اب القانونی) تایبەت بە ژنان جێگە و پێگە و پایەیان پێبدرێت، هەموو ئەوانە ڕۆڵێکی باش نابینن لەبەشداری سیاسی ژنان لەناوەندەکانی بڕیاردا؟ بەڵکو لە هەموو ئەوانە گرنگتر و پێویست تر ئەوەیە بەرلەوەی ئەرکێک یان فەرمانێک بگرنە ئەستۆ پێویست ترە وویستی بەشداریەکی کارای سیاسی گرنگیان هەبێت لەناوەندەکانی دەسەڵات دا...

(توانین) گومان لەوەدا نیە کە ڕەگەزی مێ ینە یاخود بڵێین ژنان بە هیچ شێوەیەک توانا و لێهاتوویی و کارامەییان لە هی پیاوان کەمتر نیە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چونە چەند نمونەیەکی زیندوو دەهێنینەوە: وەکو کچە کوردە قارەمانەکانی قندیل لەناو ڕێکخراوی پەکەکە ئەوان هاوشان و هاوسەنگەری هاوسەنگەرە پیاوەکان درێژە بە خەبات دەدەن تەنانەت لە هەموو بوارەکانی فکری و پەروەردەیی و چالاکی هۆشیاری و چالاکی سیاسی و چالاکی چەکداری و ئەنجامدانی داستان و سەروەرییەکان، هاوشانی پیاوان ئەرک و ڕۆڵیان هەیە نمونەی ترمان هەیە ژنە ستەمدیدەکانی پاشماوەی ئەنفال لە باشوری کوردستان بە بێ ئامادەبوونی شووەکانیان پیاوەکانیان لە ناهەموارترین دۆخی باری قورسی ئابووری توانیان وەکو پیاوان ئەرک و ڕۆڵ ببینن لە قیادە کردنی خێزان و خانەوادەکانیان هەروەها زۆر سەربڵندانە کوڕو کچەکانیان پەروەردە کرد و پێگەیاند، ئەمانە نمونەی زیندوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری کە ژنان توانا و وزەیان بارتەقایی توانا و وزەی پیاوانە، بۆیە ئەرکی ژنان خۆیانە ئەو توانا و وزەی کە هەیانە بەکاری بێنن لەپێناو بەشداری کردنێکی چالاکانەو کاریگەر و کارایان هەبێت لە نێو دەسەڵات دا وە سەبارەت بە بەو ژنانەی کە پێویستیانە لە بوارێکی دیاری کراو زیاتر خۆیان پەروەردە بکەن یاخود برەو بە تواناکانیان بدەن چەندین کەناڵ هەن کە دەکرێ ژنان سوودی لێوەربگرن بۆ زیاتر خۆ پێگەیاندنیان، وەکو بەشداری کردنیان لە کۆڕ و سیمینارەکان و خستنەرووی سەرنجەکانیان لەو کۆڕ و سیمیانارانە و بەشداریان لە وۆرک شۆپ و چالاکی مەدەنیانە لەو بوارانە کە مرۆڤ سوودی لێ دەبینێ بۆ قیادەکردن هەروەها هەوڵدانێکی بەردەوام لەبواری خوێندنەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن هەروەها ئەو ژنانەی ویستی بەشداری سیاسیان هەیە پێویستە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن یاخود کار کردن لە نێو یەکێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەوەی خۆیان تەواو پڕ توانا بکەن هەمیشە ئامادەو ساز بن بۆ قیادەکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرپرسیاریەتیان لە نێو دامەزراوەکانی دەسەڵات دا...

(وێران) بوێری بنەمایەکی گرنگە و پڕبایەخە بۆ ئەو ژنانەی کەوا بڕیار دەدەن کاری سیاسی یان کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام بدەن، بوێری خەسڵەتێکی جوان و جوانمەردی ژنانە بۆ ئەوەی هەمیشە بە بوێری و جرائەتەوە بەشداربوێکی کارا و کاریگەر بن دەبێت بەبێ سڵ کردنەوە لەو ئاست تەنگ و بەربەستانەی کە دێنە بەردەم کارەکانیان وە هەوڵدانیان بۆ ئەوەی بە بوێری و جورئەتەوە زاڵ بن بەو شێوەیە ژنان دەتوانن ڕووبەرووی ئەو هێزو لایەنانە ببنەوە کەوا خاوەنی کلتوری دژە ژنن و دژایەتی هاتنە پێشەوەی ژنان دەکەن لەنێو کایە سیاسیەکان گەر ژنان بەو پەڕی بوێرییەوە کارنەکەن بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابن لە ئاست ئەو هەموو هێزانەی دژی ژنان هەن، بۆیە بوێری و وێران ڕەگەزێکی ئەساسیە بۆ پیادەکردنی تواناکانی ژنان و بەشداریان...

(هێشتن) ڕێگەپێدان بۆ ئەوەی بەشداری سیاسی ژنان لەدوو ئاستەوە دەکرێ شی بکرێتەوە ئەوانیش ڕێگەپێدان و هاوکاری خانەوادەو کەس و کاری ژنان بۆ ئەوەی ژنان ڕێگەیان پێ بدرێت بێنە ناو کایەکانی کارکردن ئەوە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ڕێگەیان پێ بدەن لەلایەن ئەو حزب و یان ڕێکخراوە یان ئەو دام و دەزگایانەی کە ژنان خواست و ویستی کارکردنیان بۆی هەیە ئەمانە هۆکاری گرنگن کە پێویستە ڕێگەیان بۆ خۆش بکرێت و زەمینە سازی هەبێت لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەم زەمینەسازیە هەنگاوێکی هاندەرو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ژنان بەشێوەیەکی چالاکانە و کاراو کارامانە درێژە بە بەشداری کردنێکی چالاکانەیان بدەن لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سوقڕاتی بریندار

(ن:م.ق ) (و:حەلیمە ڕەسوولی)

بێرتۆڵد برێشت (١٨٩٨-١٩٥٦) لە نووسراوەیەکی کورتدا بەم چەشنە باس لە سوقرات دە کاو دە لێ: شە ڕ جیا لە بە ڕژە وە ندیی تاقمێک سوودی دیکەی نیە ؛ قارەمانەتییش وە ک هە موو کارێکی دیکە کارە. نموونە بە هۆی داواکاری خە ڵکەوەیە کە دارتاشو نانەواو دوکتورو ........کار دەکەن .بە بڕوای برشت تەنیا شت کە لە ئاکامدا دەرخەری ئەوەیە کە کێ تاجی قارەمانی لە سەر دەکات هەم شانسوبەختو هەم ئەو ڕاستییەیە کە تاکەکان لە گۆڕەپانی ململانێدا بۆ وەپێشکەوتن زۆر جار ناچارن بۆ بە قارەمانبوونی مرۆڤە بێکەڵکەکانیش هەوڵ بدەن . ئەم چیرۆکە باس لە چەندین بوارو لایەن دەکا: لە بواری دەروونناسیی کۆمەلایەتیدا (ئەرکی پەروەردەو ڕاهێنانی پاڵەوان) کۆمەڵناسی (فەرماندە، لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا، حازرە گوڵ بدا بە پینەچیی فەیلەسووفیش ، بۆ ئەوەی خۆی نە کەوێتە بەر پەلاماری تانەو تەشەری خەڵکو هەر وا دەسەڵات بەدەست بێ)، هەروەها دەرونناسی تاکەکەسی (سوقرات بۆ هەڵخەڵەتاندنی خۆی دەست دەداتە کارێکی سەرنەکەوتووانە، بەلام لەئاکامدا بۆی دەردەکەوێ کە خەسارەکانی ئەو کارە لە قازانجەکانی زیاترە: زانستو فەلسەفەی سوقرات لەداوی فێڵوتەڵەکە ڕزگار ناکەن، لەڕوودامان لە بەرانبەر هاوسەرەکەیدا، و ئەو دڵەڕاوکێیە کە لەمەودوا ناچارە بەردەوام ڕۆڵ دەرێنێو دوو کەسایەتی بنوێنێ، ڕزگاری دەکا .باس لە ڕووداوێکی کورت کە لە تەمومژدا دەست پێدەکاو تەواو دەبێو کەس بە جوانی تێیناگا کە بە ڕاستی چی ڕووی داو چییان کرد، بەلام جێژنی بۆ دەگێڕنو پە خشانی بۆ دەنووسن، لەگەڵ ئەو پەڕی پڕوپووچیدا، هێمای سەرسوڕهێنەرە، لە شەڕوو خوێنڕشتن، لە هەستە ڕەسەنەکانی مرۆیی ( ترسو دڵەڕاوکێ ) لەبەر انبەر کردەوە دەستکردەکانداو هەروەها لە مەیلی سروشتیی مرۆڤ دوورکەوتنەوە لەڕووداوە ناخۆشەکانو دوورکەوتنەوە لە کردەوە سەپێندراوەکان . سەردار دەتوانێ لە کێشەکە خۆی دوور بخاتەوە بەو هۆیە کە سوارە. سوقرات کوڕی ژنێکی مامان بوو،ئەو وەها دەدواو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد کە جەماوەر پێیان وابوو کە ئەوە قسەی خۆیانە نەک سوقرات، لە نێو یۆنانییەکاندا نەک هەروەک مرۆڤێکی زیرەک بەڵکوو بە بوێریش ناوی دەرکردبوو. بۆ ئەم ڕاستییەش تە نیا ئەوەندە بەسە کە ئەفلاتوون نووسیویەتی کە ئەو چەند بوێرانە پەرداخە ژەهرەکەی خواردەوە کە دەسەڵاتداران بۆ ڕێز لە تەواوی زەحمەتەکانی دەرخوارد یان دا . هێندێک لە لایەنگرانیشی باس لە ئازایەتیی ئەو لە گۆرەپانی شەڕدا دەکەنو دەڵێن: لە ڕاستیدا ئەو لە شەڕی دلیۆمدا بەشدار بوو. هەڵبەت وەک هێزی پیادە چونکە ئەو مرۆڤێکی پینەچیو فەیلەسووفێکی دەستکورت بوو هەر بۆیەش نەیدەتوانی بچێتە ڕیزەکانی سەرووتر، بەلام بەو حاڵەش بوێرییەکەی ناوی دەرکردبوو . بەیانیی ڕۆژی شەڕ سوقرات بە باشترین شێوە خۆی بۆ شەڕێکی خوێناوی ساز کرد، واتە بە جوینی پیواز کە بە بڕوای سەربازەکان دەبوو بە هۆی بوێری. دڕدونگیی ئەو لە زۆر بواردا دەبوو بە هۆی نەفامیی ئەو لە زۆر بواری دیکە دا، دژایەتی لەگەڵ گومان دەکردو لایەنگری ئەزموونی کردەوەیی بوو، هەر بەو پێیە بڕوای بە خواکان نەبوو بەلام هەرلەوکاتەدا بڕوای بە پیواز بوو . بەداخەوە لەو بوارەدا کاریگەریی ڕاستەقینەی هەست پێ نەکرد، هەربۆیە وەشوێن گرووپێک شمشیروەشێن کەوت کە دەیانەویست بچنە نێو مەزرایەکەوە کە بەرەکەی هەڵگیرابۆوە، بە مەبەستی هەڵویستگرتن. کوڕانی ئاتنی کە بە ڕیز بەشوێن یەکتریدا دەڕۆیشتن پێیانگوت کە قەڵغانەکانی ئەو شەڕە بۆ ئەو نابێن چونکە ئەو زۆر قەڵەوە. خۆشی هەر وای بیر دەکردەوە بەلام بەمجۆرە کە ئەو قەڵغانە بچووکانە بۆ پیاوانی چوارشانە نابن. هەروا لەگەڵ هاوڕێیانیدا خەریکی گۆڕینەوەی بیروڕا بوو کە لە پڕدا گوێیان لە هاوارێک بوو کە گوتی: درێژ بن ، تەواویان ڕاکشان، یەکێک لە فەرماندەکان سوقڕاتی سەرکۆنە کرد کە بۆچی ویستوویەتی لە سەر قەڵغانەکەی دابنیشێ. ئەوەندەی لە پرتەوبۆڵەی فەرماندەکە ناڕەحەت بوو ئەوەندە لە ئەسڵی سەرکۆنەکە ناڕەحەت نەبوو. وا وێدەچوو کە دوژمن زۆر دوور نەبێ. لە تەمومژی سەرلەبەیانیدا هیچ دیار نەبوو، بەلام بە خشەخشی قاچو زرمەوکوتی کەرەسەکانی شەڕدا ڕوون بوو کە ئەو دەوروبەرە پڕە لە ئینسان. سوقرات بە پەژارەیەکی یەکجار زۆرەوە بیری لە وتووێژی شەوی ڕابردووی خۆیو ئەو پیاوە گەنجە جوانە کە ئەفسەری هێزی سوارە بوو دەکردەوە، کەگوتبووی گەلالەی سەرەکی ئەوەیە کە حازر بنو گوێ ڕابگرن، هەر کات گوێتان لە فەرمانی هێرشی دوژمن بوو، بە ڕێگای دۆڵەکەدا لە پشتەوە هێرشیان دەکەینە سەر، ئەو گەلاڵەیە بە بڕوای سوقرات باش بوو یان لانیکەم خەراپ نەبوو . ئاساییە کە لەکاتی ئاوادا گەلاڵە دادەڕێژن بە تایبەت کاتێک کە دوژمن بە هێزتر بێ. بەلام ئەگەر باشی لێک بدەینەوە، تەنیا دەبێ شەڕ بکەیو شمشیر بشکێنی، هە موو کاتێکیش شەڕ بە پێی گەلاڵە ناچێتە پێشێ، تەنیا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە دوژمن لە کوێ بە ڕێگادا دەڕوا. بەلام ئێستاش لەو بەیانییەدا سوقرات گاڵتەی بەو گەلاڵەیە دەهات، لەو شەڕەدا بۆمرۆڤێکی ئاسایی تەواوی پیوازی نێو بازاڕیش بۆخواردنی کەمە، چەندە نائاساییە کە مرۆڤ بەو بەیانییە زوویە لە جیاتی لەنێو جێگادا بێ لە نێوەڕاستی ئەو دەشتە کاکی بە کاکیە بێ، هەروەها بە لانی کەمەوە پێنج کیلۆ ئاسنیشی لە گەڵ تەورێکی تیژی گەورە بەدەستەوە بێ. دیارە بەرگریکردن لە شارێک کە هێرشی کراوەتە سەر زۆر بە جێیە، بە لام بۆچی هێرش کراوەتە سەر ئەوشارە؟ بەوهۆیە کە خاوەنانی کەشتییە گەورەکان،خاوەنانی بێستانەکانو بازرگانانی کۆیلە دەبوونە لەمپەر لە سەر ڕێگای کەشتیدارو بێستاندارو تاجرانی ئێرانی .....بەڵگەی باشە! لە پڕدا هەموویان دانیشتن. لە لای چەپەوە، لە نێوان تەمومژدا دەنگی گرمەگرم دەهات. دوژمن هێرشی کردبوو .دەستەی شەڕ هەستانە سەر پێ، هەموو بە چاوی زەقو دەرپەڕیوەوە دەیانڕوانیە تەمومژەکە، دە هەنگاو لەو بەرەوە پیاوێک چۆکی داداو ورتەورتێکی لێوە هات، وەک بڵێی داوای شتێکی لە خواکان دەکرد. بە بڕوای سوقرات تازە بۆ ئەوکارە درەنگ ببوو . لە پڕدا دەتگوت وەلامی کابرایان داوەوە دەنگێکی یەکجار تۆقێنەر بەرز بۆوە. هاواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پاراستن بوو به دەنگی گیان‌دەرچوون . سوقڕات دەسکێکی ئاسنی دی کە لەنێو مژەکەوە دەیان‌وەشاند، وا دیار بوو کە سەرنێزە بوو. دواتر چەند پیاوی چوارشانە کە لە نێو مژەکەدا بە باشی نەدەدیتران، هاتنە بەر دەمیان..... دوژمن . سوقڕات کە پێی وابوو دەبوو زۆر پێشتر هەستابایە بە دەستەوستانی هەستایە سەر پێ. فەیلەسووف بە هانکەهانک وەنێو زەوی‌یەکە کەوتو ڕای‌دەکرد، ئەگەر کوڕە ئازاکان هێندێک بەریان بە هاتنە پێشی هێزەکە نەگرتبایە بۆسوقڕات زۆر باش دەبوو، لە پڕدا هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد. پاژنەی قاچی وەها زیرڕاندی، کە چی دیکە خۆی بۆ ڕانەگیراو بە سەر زەوی دا کەوت، بەڵام دیسان نەڕاندی‌و هەستایەوە سەر پێ، وەبیری هاتەوە کە چی لێ بەسەر هاتوە . چاوی دەرپەڕاندبوو و دەی‌ڕوانی کە کەوتۆتە نێو دەشتێکی پڕ لە دڕکودالْ . لەوانەیە دڕک چووبێتە نێو قاچیەوە، بە چاوی پڕلە فرمێسکەوە دەی‌ڕوانی‌و لە شوێنێک دەگەڕا لێی دابنیشێ، دەبوو بە خێرایی دڕکەکەی لە قاچی دەرکێشابایە . بەسەرنجەوە گوێی بۆ دەنگەدەنگی نێو گۆڕەپانی شەڕەکە هەڵخست : لە هەر دوو لاوە دەنگ دەهات، ئەگەرچی دەنگەکە هیچ نەبێ سەد هەنگاو لێی دوور بوو

بە لاَم وردە وردە لێی نیزیک دەبۆوە. سوقڕات نەی‌دەتوانی نەعلەکانی دابکەنێ دڕکەکە لە و پێستە ئەستوورەی پاژنەی چووبووە خوارێ،و چووبووە نێو قووڵایی گۆشتەکەیەوە . چۆن دڵیان بڕوای دەدا نەعلی ئەوها ناسک بە سەربازانێک بدەن کە بەرگری لە وڵاتەکەیان دەکەن ؟ ئازارێکی یەکجار زۆری بوو، نەی‌دەزانی چی بکا ؟چاوی بە شمشیرێک کەوت کە لە لای کەوتبوو. بیرێکی باشی کردەوە، نەی‌دەتوانی لە شمشیرەکەی وەک چەقۆ کەڵک وەربگرێ؟ هەڵی‌گرت . لە و کاتە دا گوێی لە دەنگی قاچ بوو کە بەرەو ئەو دەهات . گرووپێکی بچووک هاتبوونە نێو دڕکودالّەکەوە . شوکر بۆ خواکان کە ئی خۆیان بوون ! کاتێک کە ئەویان دی بۆ چەند ساتێک ڕاوەستان . گوێی لێ‌بوو کە گوتیان کابرا پینەچی‌یەکەیەو ڕۆیشتن. بە لاَم ئێستا دەنگە دەنگێک لە لای چەپەوە دەهات . دوایەش نەڕەی دەستوورێک بەزمانی بێگانە . ئێرانی‌یەکان ! سوقڕات بۆ جارێکی دیکە هەوڵی دا لە سەر قاچی ڕاستی ڕاوەستێ . پاڵی بە شمشیرەکەیەوە دا، بەڵام هێندێک کورت بوو . دواتر لە لای ڕاست، لە چۆڵایی‌یەکی ڕووتەن، چاوی بە گرووپێک پیاو لە جلی شەڕکردن‌دا کەوت . دەنگی ئاهونالّەی قووڵو دواتر دەنگی

وێک‌کەوتەنی ئاسنی گوێ لێ‌بوو. بە بێ‌هیوایی لە سەر قاچە ساغەکەی بە شەلەشەل دەستی کرد بە ڕۆیشتن . دیسان قاچە بریندارەکەی لە سەر زەوی داناو ناڵاندی‌و بە سەر زەوی‌یەکەدا کەوت. کاتێک کە گروپی شەڕکەران کە زۆریش نەبوون ڕەنگە بیست یان سی کەسێک دەبوون گەیشتنە لای فەیلەسووف لە نێوەڕاستی زەوی‌یەکە دانیشتبوو و هیوابڕاوانە دەی‌ڕوانیە دوژمن . نەی‌دەتوانی بۆ جارێکی دیکە هەستێتەوە سەر قاچ. پێی باشتر بوو هەر وا دابنیشێ، نەی‌دەزانی چی بکا. لە پڕ دەستی کرد بە نەڕاندن .گوێی لە دەنگی خۆی بوو کە دەی‌نەڕاند.........دەی کوڕینە وەخۆ کەون ... شمشیرەکەی بە دەستەوە گرتو هەڵی سووڕاند، چونکە لە بەرامبەری‌دا سەربازێکی ئێرانی بە سەر نێزەوە ڕاوەستا بوو، سەرنێزە بەربۆوەو پیاوەش گیانی دەرچوو . سوقڕات هەروا د ەی‌نەڕاند: کوڕینە پاشەکشە نەکەن تەنانەت هەنگاوێکیش ! چاک وەچنگمان خستن ! کراپولوس گوردانی شەش بێنە ژورێ !نۆلۆس بۆ لای چەپ هەر کەس تەنانەت هەنگاوێکیش بکشێتەوە لەتوکوتی دەکەم !بە سەر سوڕمانەوە دیتی کە دوان لە پیاوانی هێزەکانی خۆیان لە لای ڕاوەستاون‌و بە واقوڕماوی لێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڕوانن ، بە هێواشی گوتی ئێوەش بنەڕێنن! بەخاتری خوا بنەڕێنن! یەکیان لە ترسان وشک ببوو، ئەوەی دیکەش دەستی کرد بە نەڕاندن. دووسێ پیاوی ماندوو بە هانکە هانک لە زەوی‌یە ڕووتەکە وەدەر کەوتن . نەڕەنەڕەکەیان بوو بە هۆی هەڵاتنی ئێرانی‌یەکان. لە وە ترسابوون کە داو بێ. یەکێک لە هاووڵاتی‌یەکانی سوقڕات کە هەروا لە سەر زەوی دانیشتبوو لێی پرسی : لێرە چباسە ؟ سوقڕات گوتی : هیچ باس نیە . هەروا بە دەمی کراوەوە سەیری من مەکە . باشترە ڕابکەی‌و فەرمان بدەی بۆ ئەوەی نەزانن ئێمە لێرە چەند کەسین. کابرا بە گومانەوە گوتی وا باشترە پاشەکشە بکەین. سوقڕات گوتی هەرگیز، ئەوە ترساوی ؟ لە پڕ دەنگی سمی ئەسپ‌و نەڕەنەڕیان گوێ لێبوو .ئەویش بە یۆنانی ! هەموو زانیان کە ئێرانی‌یەکان بە قورسی تێک شکاون . کاتێک کە ئالسیبادس، فەرماندەی هێزی سوارە گەیشتە نێو دڕکودالّەکە دیتی گروپێک لە ئەندامانی هێز پیاوێکی بەخۆوەیان خستۆتە سەر دەستیان. سوقراتی ناسیەوە، سەربازەکان بە باشی تەواوی ڕووداوەکەیان بۆ گێڕایەوەو باسی ئازایەتیی سوقڕاتیان دەکرد، بە سەرکەوتوویی‌یەوە ئەویان بردە لای عارەبانەیەکی پڕ لە گیا بەپێچەوانەی ویستی خۆی سواری عارەبانەیەکیان کرد،و لە گەڵ سەربازە ماندووەکان بەرەو پایتەخت گەڕانەوە . سوقڕاتیان بردەوە بۆ ماڵە بچووکەکەی. خێزانی گزانتیپ سووپی فاسۆلیای بۆ ساز کرد، لەکاتێک دا کە بەو دوو لێوە ئەستوورەی فووی لە ئاگری ئاورگەکە دەکرد جار جاریش چاوێکی لە سوقڕات دەکرد .سوقڕاتیش هاوڕێکانی چۆنیان دانابوو هەر وا دانیشتبوو. هاوسەرەکەی بە گومانەوە لێی پرسی ئەو ڕووداوەی تۆ چییە ؟ سوقڕاتیش لە ژێر لێوەوە گوتی هیچ نیە . هاوسەرەکەی دەیەویست شتێکی گیر بکەوێ، گوتی ئەی ئەو قسانە چین کە لە سەر ئازایەتیی تۆ دەیانگێڕنەوە ؟ سوقڕات گوتی درۆ دەکەن .... بەڕاستی بۆنەکەی خۆشە . ژنەکەی بە توورەیی گوتی ئێستا ئاگرەکەم هەڵنەکردوە چۆنت بۆن بۆ هات ؟ پێموابێ دیسان گاڵتە بە خۆت دەکەی، سبەی کە چووم بۆ نانکڕین دیسان دەکەومە بەر پەلاماری گاڵتەی خەڵکی. هیچ گاڵتەیەکم بە خۆم نە کردوە، شەڕم کردوە . مەست بووی. نا. کاتێک دەیانەویست پاشەکشە بکەن کارێکم کرد کە قایم ڕاوەستن . هەرکە ئاگرەکە هەڵبوو ژنەکە هەستاو گوتی

ئەتۆ بۆخۆشت نا توانی قایم ڕاوەستی، ئەو قاپە خوێیەی سەر مێزەکەم بدەیە . سوقڕات بە لە سەرەخۆیی گوتی نازانم بخۆم یان نەخۆم، هێندێکیش دڵم پێکدا دێ . هەر ئەوەی گوتم ئەتۆ مەستی، هەستە هێندێک بە ڕێگادا برۆ زوو باش دەبیەوە . سوقڕات ئەوجار توورە بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەی‌دەویست وا نیشان بدا کە ناتوانێ قاچی لە سەر زەوی دابنێ . ژن سەر قاڵی ئاگردان‌و مەنجەڵ بوو، لەگەڵ کارکردنیش قسەی بۆ سوقڕات دەکرد . سوقڕات لە پەنجەرەکەوە دەی‌ڕوانیە دەرێ‌و چاوی بە خەڵک دەکەوت کە لەنتەریی سپی‌یان بە دەستەوەیەو جێژنی سەرکەوتنیان گرتوە . گزانتیپ گوتی : پێیان باش بووە کە پینەچی‌یەک لە ڕیزی پێشەوە بێ . دڵنیات بکەم کە هیچت بۆ ناکەن، دەڵێن پینەچی‌یەو با هەر پینەچییش بێ . دەنا چۆن دەتوانین بچینە دوکانە پیسەکەو چەندین کاتژمێر قسەی لەگەڵ بکەین . باشە بەتەما بە. پێت وایە پێت دەڵێن با پینەچییش بێ. بەڵام گەورەکان لە لای دادەنیشن‌و باسی فەلسەفە دەکەن، بەڕاستی کە هەمووی گاڵتەیە! سوقڕات لەسەرەخۆ گوتی ناوی فەلسەفەیە . ژن بە ڕقەوە چاوێکی لێکرد . ئەوەندە ئیرادم لێمەگرە . دەزانم دەرسم نەخوێندوە . ئەگەر دەرسم خوێندبایە ئەوکات ئەتۆش کەست نەدەبوو تەشت‌و ئاوت بۆ بێنێ تا قاچت بشۆری. سوقڕات زۆر تێکچووبوو، پێی‌خۆش نەبوو ژنەکەی لە بارودۆخی ئەو تێبگا . بە هیچ چەشنێک نابێ بزانێ قاچی بریندارە، شوکر بۆ خواکان دیسان دەستی کردبۆوە بە زۆربڵێیی. باشە ئەگەر مەست نەبوویێتی کە واتە کوشت‌وکوشتاری باشت کردوە. دەستت بە خوێن سوور بووە، ! ئەگەر ئەمن جاڵجاڵووکەیەک بکوژم تۆ دەقیژێنی ! باوەڕ ناکەم وەک پیاوێک شەڕت کردبێ، لەوانەیە فێڵێکت کردبێ . هەر وایە دەنا ئەوەندەیان بە سەردا هەڵنەدەگوتی بەڵام غەم مەخۆ درەنگ یان زوو دەزانم. سووپ حازرە. بۆنێکی خۆشی هەبوو . ژنە بە لۆیەکی تەنوورەکەی دەسکی قابلەمەکەی گرت‌و لەسەر مێزەکەی داناو دەستی کرد بە تێکردن . سوقڕات بیری کردەوە کە لە پاش ئەو هەمووە قسەیە نانخواردنێک خراپ نیە، بەڵام چوونەسەرمێزی لا زەحمەت بوو. هەستی بە حەسانەوە نەدەکرد . دەی‌زانی کە قسەی کۆتایی هێشتا نە گوتراوە. بەڵام زۆر ناخایەنێ کە هێندێک ڕووداوی نا خۆش ڕوو دەدەن .بەم

جۆرەش نیە کە مرۆڤ چارەنووسی شەڕێک لە گەڵ ئێرانی‌یەکان دیاری بکاو وازیشی لێبێنن کە ژیانی ئاسایی بکا. لە وکاتەدا لە گەرماوگەرمی سەرکەوتن‌دا کە هەڵبەت هیچ کەس بیر لە هۆکاری سەرکەوتن ناکاتەوە، هەموو لەبیری ئەوەدان کە تاریفی ئازایەتیی خۆیان بکەن . ئەگەر بێت‌و سوقڕات وەک هۆکاری سەرکەوتن بناسێنن ئەوە ئەو کات زۆرکەس لە بازنە دەردەچن . چەند خۆش دەبێ کە بە ئالسیبادس بڵێن بەڵێ، ئەتۆ شەڕت کرد بەڵام ئەوە پینەچی بوو کە سەرکەوتنی بۆ بەخەڵات هێناین . ژانی دڕکەکە لە هەموو کاتێک زیاتر بوو . ئەگەر نەعلەکانی دانەنێ لەوانەیە قاچی ئیلتهاب بکاو تووشی پیس‌بوونی خوێن بێ. بێ‌ئەوەی ئاگای لێبێ بە ژنەکەی گوت ئەوەندە مڵچەمڵچ مەکە. ژنە کەوچکەکەی بە دەستەوە ڕاگرت‌و گوتی ئەوەندە چی نەکەم؟ بە مشەووەشی ویستی ژنەکەی هێور بکاتەوە . هیچ ! بیرم هەر لێرەش نەبوو. ژنە وەها توورە بوو کە هەستایە سەرپێ‌و مەنجەڵکەی بە ئاورگەکەدا داو ڕۆیشتە دەرێ . سوقڕات هەناسەیەکی بە ئاسانی هەڵکێشاو لە سەر کورسی‌یەکە هەستا،و لە کاتێکدا کە بە دڵەڕاوکێوە دەی‌ڕوانیە ئەملاولا بە قاچێک خۆی فڕێدایە سەر قەرەوێڵەکەی . کاتێک ژنەکەی هاتەوە ژوورێ بۆ هەڵگرتنی لەچکەکەی بە سەرسوڕمانەوە سەیری سوقڕاتی کرد کە ڕاکشاوە . هیچی پێ‌نەگوت لە ژورەکە دەرچوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنی دراوسێ بڕوا بۆ سەیری ئاهەنگەکە . سوقڕات ئەو شەوە زۆر خراپ خەوت‌و بەیانییش بە دڵەڕاوکێوە لە خەو هەستا، نەعلەکانی داکەندبوون بە لام نەی توانیبوو دڕکەکە لە قاچی دەربێنێ . قاچی زۆر ئاوسابوو .ژنەکەی ئەو بەیانی‌یە هێندێک مات بوو. شەوی ڕابردوو گوێی لێببوو کە جەماوەر چۆن بە باشی باسی سوقڕاتیان کردبوو. دەبێ چی بووبێ کە خەڵکی ئاوا باسیان دەکرد . ئەوە کە هاوسەرەکەی توانیویەتی بەر بە هاتنی هێرشی ئێرانی‌یەکان بگرێ جێگای بڕوا نیە. لە بەر خۆیەوە دەیگوت : ئەوە لەو پیاوە ناوەشێتەوە . بەڵام ئەوە بەباشی لە دەستی دێ کە بە پرسیارکردن لە خەڵکی نەهێڵێ کەس قسە بکا . بەڵام لە گۆڕەپانی شەڕدا نا، ئەو پیاوی مەیدانی شەڕ نیە، باشە دەبێ چی بووبێ کە خەڵکی باسی دەکەن ؟ ژنە وەها سەری سوڕمابوو کە نەی‌دەزانی چی دەکا . سوقڕات هەوڵی نەدا هەستێ . ژنەکەی گوتی ناچیە دەرێ . سوقڕات لە ژێر لێویەوە گوتی تاقەتم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیه . ئەو چەشنە وەڵامە بۆ هاوسەرەکەی نائاسایی بوو، بەڵام ژنە بەدڵی نەگرتو گوتی لەوانەیە پێی خۆش نەبێ خەڵکی سەیری بکەن . بەڵام هەر بەو بەیانی‌یە زوویە چەند کەس لە ناسیاوانی وەژوور کەوتن، کە هەموویان لە کوڕانی دەوڵەمەندی شار بوون. ئەوان وەک مامۆستایەک سەیری سوقڕاتیان دەکرد، تەنانەت هێندێکیان کاتێک سوقڕات قسەی دەکرد، وتەکانی‌یان دەنووسیەوە . ئەوان پێیان‌گوت کە ناوبانگی ئاتێنی داگرتوە . ئەوە رۆژێکی مێژوویی‌یە بۆ فەلسەفە. ئەوان گوتیان سوقڕات سەلماندی کە پیاوی گەورە لە گۆرەپانی شەڕیش‌دا هەر گەورەیە .سوقڕات جیاواز لە جاران گوێی بۆ هەموو قسەکانیان ڕاگرت . لە پڕ سوقڕات گوتی هەمووی درۆیە ئەمن هیچم نەکردوە . هەموو سەیری یەکتریان دەکردو زەردەیان دەهاتێ، دواتر یەکیان گوتی : ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمەش دەمان گوت، دەمان‌زانی کە هەڵسوکەوتی تۆ ئاوا دەبێ . لە بەردەمی هۆڵی وەرزشەکە لە ئوسوپولوسمان پرسی ئەو هەڵاوهەرایە چیە سازتان کردوە، دە ساڵە سوقڕات گرنگترین کارە هزری‌یەکان دەکا بەڵام کەس سەر هەڵنابڕێ تەنانەت سەیریشی بکا . بەڵام ئێستا لە شەڕێکدا سەرکەوتوەو تەواوی ئاتێن باسی دەکەن . گوتمان نازانن کە ئەوە چەندە حەیاچوونە ؟ سوقڕات گوتی بەڵام ئەمن هەر سەر نەکەوتووم . ئەمن تەنیا لەبەرامبەر هێرشی ئەوان‌دا بەربەرەکانیم کرد ئەویش بۆ پاراستنی گیانی خۆم . ئەمن ئەو شەڕەم پێ خۆش نەبوو. نازانم هەر بۆچییش شەڕ دەکەن ؟ تەواویان مات بوون، گوتیان ئێمەش هەر وامان گوتوە، گوتوومانە کە تۆ تەنیا پارێزگاریت لە خۆت کردوە. ئەوە هێمای سەرکەوتنی تۆیە. لەسەر ئیزنت دەچینەوە بۆ لای وەرزشگاکە هێندێک قسەمان ماوە دەبێ بیان‌کەین تەنیا هاتین بزانین چۆنی ؟ هەستان بە دەم قسەوە ڕۆیشتن . سوقڕات لەسەر ئەنیشکی درێژ ببوو، سەیری میچە دووکەڵاوی‌یەکەی دەکرد . پێشبینی‌یەکانی دروست دەرهاتبوون . ژنەکەی بێدەنگ لە سووچی دیوەکە دانیشتبوو خەریکی پینەوپەرۆی جلە کۆنەکان بوو . لە پڕ لەسەرەخۆ پرسی دەی باشە چی لە پشت پەردەدایە باسی بکە ؟ سوقڕات بە جۆرێک دانیشت کە بیهەوێ قسە بکا، بە چەشنێک سەرسووڕمانەوە سەیری ژنەکەی کرد . ژنەکەی ژنێکی لاوازی چاوبە قووڵداچوو بوو . ئەگەر چی سوقڕات بۆ ژنەکە هاوسەرێکی بە کەڵک



نەبوو، ئەو هەرگیز لە لای خەڵکی گلەیی نەدەکرد ، بەڵام جارجار لە لای خۆی گازندەی دەکرد بەوحاڵەش زۆری ئاگا لە سوقڕات بوو . سوقڕات گوتی نازانم باسی بۆ بکەم یان نا . بەڵام ئەوەشی لە بیر بوو کە خەڵکی وەک ئەوانەی ئەو بەیانی‌یە دێنە لایو لەسەر قارەمانەتی‌یەکانی قسە دەکەنو ئەویش ناچار دەبێ درۆیان بۆ بکا. خێزانیشی ئاگای لە هەموو ئەو شتانە دەبێو کاتێک ڕاستی‌یەکان بزانێ ئەو ناتوانێ لە بەر ڕێزی ژنەکەی درۆ بکا . هەر بۆیە هیچی نەگوت، تەنیا گوتی ئەو سووپەی دوێنێ بۆساردی کردوەو هەموو ماڵەکەی داگرتوە، ژنە دیسان بەچاوێکی گوماناوی‌یەوە سەیرێکی کرد . تەبعەن لە بارودۆخێکیش‌دا نەبوو کە بتوانێ چێشتی ماوە برێژێ. تەنیا هەوڵی دەدا کە باسەکە بگۆڕێ . گومانی ژنەکەی ئەو کەڕەتە زیاتر بوو. بۆ لە سەر جێگاکەی هەڵ ناستێ ؟هەمووکات درەنگ لە خەو هەڵدەستێ هەڵبەت درەنگیش دەخەوێ .دوێنێشەو زوو خەوت . خەڵکی شار جێژنیان گرتوە، تەواوی دوکانەکان داخراون. سوقڕات شوێنی گشتیی پێخوشە .

لە بارودۆخی ئاوادا هەر نەدەهاتەوە ژووری، لە گەڵ خەڵک قسەی دەکرد. ئەی بۆ ئێستا هەڵناستێ؟ لە پڕدا چوار پیاوی ناسراوی شار وەژوور کەوتن هەر چواریان لە ناوەندی ژوورەکە ڕاوەستابوون، یەکیان زۆر بەڕێزەوە گوتی فەرمانیان هەیە کە هەتا ئارئوپاگوس ببنە حیمایەی سوقڕات . فەرماندە ئالیسیپادس پێشنیاری کردوە کە بۆ ڕێزلێنان لە کارە نیزامی‌یەکانی سوقڕات بانگهێشت بکرێو ڕێزی لێبگیرێ .لە دەرەوەش دراوسێکان کۆببوونەوەو هەراهەرایان بوو. سوقڕات هەستی کرد کە تەواوی لەشی وەسەر ئارەقە گەڕاوە . دەیزانی کە دەبێ هەستێ تەنانەت ئەگەر لە گەڵیشیان نەڕوا، هەر دەبێ هەستێ، هەر نەبێ تا بەردەرگایان بەڕێ بکا. دەشی‌زانی کە توانای هەنگاونانی نیە . ئەگەریش هەستێ هەموان دەزانن‌و لە قاقای پێکەنین دەدەن. هەربۆیە زیاتر خۆی بە قەنەفەکەوە نووساندو بە ترشاوی گوتی: ئەمن پێویستیم بە ڕێزلێنان نیە بەخەڵکی بڵێن سەعات یازدە لەگەڵ دۆستانم کۆبوونەوەمان لەسەر باسێکی فەلسەفی هەیە. هەر بۆیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەداخەوە ناتوانم بێم. ئەمن بۆ ئەو کارانە باش نیم ....زۆریش ماندووم. بەشی دووهەمی لەبەر ئەوە کرد کە پێی خۆش نەبوو بە درۆباسی فەلسەفە بکا، بەشی ئەوەڵیش لەبەر ئەوە کە هیوادار بوو بەم جۆرە دواندنە لەکۆڵی بنەوە . پیاوەکان تێیگەیشتن، هەر بۆیە سەریان داخستو ڕۆیشتن. ژنەکەی بە تووڕەیی گوتی : لەو ڕۆژانەدا فێرت دەکەن کە لە گەڵ ئەوانە دەبێ چۆن بدوێی،و ڕۆیشتە مەتبەخەکە. سوقرات ڕاوەستا تا ژنەکەی چووە دەرێ . دواتر هەوڵی دا هەستێ بەڵام بێئاکام بوو. سەرلەنوێ ڕاکشایەوە. نیوسەعاتێک بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، دواتر ئانیستنسی هاوڕێی وەژور کەوت. گوتی ئەوە هێشتا هەر لەجێگادای؟ پێموابوو تەنیا گزانتیپ لە ماڵەوەیە. هاتووم بزانم چۆنی. سەرمام ببوو هەر بۆیەش دوێنی نەهاتم بۆ لات . سوقرات گوتی دانیشە. ئانیستنس لەسووچی ژوورەکە کورسی‌یەکی هێناو دانیشت . ئەمشەو دەست دەکەمەوە بە دەرس. چی دیکە پێویست بە ڕاگرتن ناکا. -ناکات؟ -هەڵبەت لای خۆم دەمگوت بڵێی کەس بێ ؟ ئەمڕۆ ڕۆژی جێژنو میوانداری‌یە . بەڵام لە ڕێگا تووشی فایستۆن بووم، کاتێک پێمگوت ئەمشەو دەرسی جەبرم هەیە پێی‌خۆش بوو . پرۆتاگوراسو ئەوانەی دیکە کاتێک بزانن ئەمشەو واتە شەوی پاش شەڕ دەرسی جەبر لە ماڵی ئانیستنس درێژەی هەبووە هەر شێتیش دەبن! سوقرات زۆری پێ سەیر بو، گوتی کەسی دیکەشت دی ؟ زۆر کەس. سوقرات بە بێحاڵی سەیرێکی میچەکەی کرد . باشە دەبێ لە بنەوە هەموو شتێک بۆ ئانیستێنس بگێڕێتەوە ؟ زۆریشی لێ دڵنیا بوو . ئەو بۆ دەرس‌گوتنەوە پارەی وەرنەدەگرت هەربۆیە غەنیمی ئانیستێنس نە بوو. ڕەنگە وا باش بێ هەمووشتێکی بۆ بگێڕێتەوە. ئانیستێنس بەو چاوە گچکانەیەوە سەیرێکی سوقراتی کردو گوتی : گورگیوس بە هەموو کەس دەڵێ کە ئەتۆ لە کاتی ڕاکردن‌دا ڕێگاکەت لێ هەڵە بووەو! سوقرات ئەو قسەیەی زۆر پێ ناخۆش بوو، بە ڕەنجاوی‌یەوە گوتی درۆیە بۆ ساتێک گوتی ئەگەر ڕاستی‌یەکان بدرکێنێ خاڵی لاوازی خۆی دەداتە دەست غەنیمەکەی. شەوی ڕابردوو بیری دەکردەوە بڵێی بتوانێ وا نیشان بدا کە هەموو شتێک تاقی‌کردنەوەیەک بووە بۆ ئەوەی بڵێ کە مرۆڤەکان چەندە ساکارن . بیست ساڵە بە هەموو جۆرێک دەرسی ئاشتی‌و تەبایی دەڵێمەوە، هەر ئەوەندە بەسە

کە قوتابی‌یەکانم بەو پڕوپاگەندانە من بە مرۆڤێکی شەڕانی بناسن ..... بەو حیسابەش نەدەبوو لە شەڕدا سەربکەوتبایەن، ئەوە بە ئاشکرا ساتێکی ناخۆشە بۆ ئاشتی‌خوازی. دوای بەزینێک تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە ئەوینداری کوشتن‌و بڕینیشن بۆ ماوەیەک دەبنە ئاشتی‌خواز . لە شەقامەکەوە دەنگی سمی ئەسپ دەهات، سوارەکان لە بەر دەرگا ڕاوەستان‌و ئالسیبادس وەژور کەوت. بە ڕووخۆشی‌یەوە گوتی بەیانیت باش ئانیستنس. وەزعی فەلسەفە چۆنە ؟ سوقرات هەڵایەکی زۆر لە سەر وەڵامەکەی تۆ لە ئارئۆپاگۆس وەڕێ کەوتوە. ئێستاش، پێشنیارەکەی خۆمم گۆڕیوەو گوتوومە لە جیاتی تاجە گوڵینە پەنجا زەربە شێلاقت لێبدەن . دەی هەستە دەبێ بێی دەڕۆین بۆ پیاسە. سوقرات هەناسەیەکی هەڵکێشا . پەیوەندیی لەگەڵ ئالسیبادسی گەنج زۆر باش بوو، زۆر کات پێکەوە دەیان‌خواردەوە . ئێستاش گەورەیی کردبوو کە هاتبوو بۆ لای، بە دڵنیایی‌یەوە ئەویش پێی خۆش نەبوو کە دڵی خەڵکی بێشێنێ . ئالیسپدیس پێکەنی‌و کورسی‌یەکی هێنایە پێشی، بەرلەوەی دابنیشێ بۆ ڕێزدانان بۆ گزانتیپ کە لە بەر دەرگای مەتبەخەکە ڕاوەستابوو دەستی بە تەنوورەکەی وشک دەکردەوەسەرێکی دانەواند. بە هێندێک بێتاقەتی‌یەوە گوتی : ئێوە جەماعەتی فەیلەسووف مرۆڤگەلێکی سەیرن. دەزانم کە لەوانەیە پەشیمان بی کە هاوکاریی ئێمەت کردوە کە لە شەڕدا سەرکەوین ! دەتوانم بڵێم کە ئانیستنسیش پێی گوتووی کە هیچ هۆیەکت بۆ ئەو کارە نەبووە . ئانیستێنسیش بە پەلە گوتی ئێمە لەسەر جەبر دەدواین، کۆخەیەکیشی کرد . ئالیسبادیس بزەیەکی هاتێ . پێموابوو کە ئاوای لێدێ. بۆخاتری خوا با لەم بارەیەوە نەدوێین . بە بڕوای من بوێری بوو، بەس . ئێستاش ئەتۆ هەر بڵی گرنگ نەبوو. بەڵام تاجە گوڵینەیەکیش هەر هیچ نیە . دان بە جەرگت‌دا بگرە پیرەپیاو . زوو تەواو دەبێ‌و ئازاریشت نادا . دواتریش سەرێک گەرم دەکەین . دوای ئەو قسانە بە سەرنجەوە ڕوانیە سوقرات. سوقرات بە پەلە بیری دەکردەوە . شتێک بە بیری‌دا هات . دەیتوانی بڵێ دوێشەو یان ئەو بەیانی‌یە قاچی وەرگەڕاوە . ئەو چیرۆکە دەیتوانی ئاکامی هەبێ . دەکرێ بڵی کاتێک جەماوەر هەڵیان هێنامە سەر شانیان لە داگرتن‌دا وام لێ‌هاتوە .ئەمەش خۆی دەبێتە بەڵگەیەک کە بڵێ دڵسۆزیی خەڵکی جاری وایە دەبێتە هۆی

دەردەسەر . سوقرات خۆی قیت کردەوەو خەریک بوو دەست بە قسە بکاو گوتی لە ڕاستی‌دا قاچی من هەر وای گوتو چاوی بە ژنەکەی کەوت کە لە بەر دەرگای مەتبەخەکە ڕاوەستابوو .قسەکەی ڕاگرتو ویستی بی‌گۆڕێ کە قاچی هیچی نیە . هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی گوێ ڕابگرە ئالیسبیادس ڕاستی ئەم شتە لەو شەڕەدا شتێکی دیکەیە .کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، کاتێک ئەمن چاوم بە یەکەمین ئێرانی کەوت، یەکسەر ڕامکرد، ئەویش بۆ دواوە. بەڵام ئەوێش زەوی‌یەکی پڕدڕکوداڵ بوو . دڕکێک چووە قاچمەوەو نەم‌توانی هەستم، دواتر هەر وەک شێتان شمشیرەکەم بە سەر سەرم‌دا دەسووڕاند . خەریک بوو دوو سێ دانە لە سەربازەکانی خۆشمان لە نێو بەرم . لە بەر بێ‌هیوایی هەر لە خۆوە هێندێک شتم دەگوت کە گۆیا ئێمە لەوێ زۆربووین . بۆترساندنی ئێرانی‌یەکان، کە هەڵبەت بێسوودیش بوو چونکە خۆ ئێرانی یۆنانی نازانن . لەو کاتەدا پێموابێ ئە وانیش هێندێک تووڕە بوون، بە بڕوام نەیان‌دەتوانی لەو بارودۆخەدا تەحەمولی ئەو دەنگە دەنگە بکەن . بۆساتێک ڕاوەستان لەو کاتەدا هێزەکانی خۆمان گەیشتنێ هەمووشتێک ئەوەندە بوو. تەواو . ژوورەکە بۆ ماوەیەک بێدەنگی‌یەکی بەسەردا هات . ئالسیبیادس چاوی لە سوقرات نەدەترووکاند. ئانیستنس دەستی بەدەمیەوە گرتبوو و ئەو کەڕەتە بە ڕاستی دەکۆخی . لە مەتبەخەوە دەنگی قاقا بەرز بۆوە . دواتر ئانیستنس بە ساردی گوتی: هەربۆیەش نەت‌دەتوانی بچی تاجەگوڵینەکە وەربگری، تێدەگەم . ئالیسپادس گوتی ئەی بۆ باست نەکردوە . سوقرات گوتی چونکە دڕکەو چۆتە قاچمەوە . ئالیسپادس گوتی کە ئاوا بووە . خێرا هەستاو چووە لای جێگاکەی سوقرات: بە داخەوەم کە تاجەگوڵینەکەم لەگەڵ خۆم نەهێناوە داومە بە خزمەتکارەکە هەڵی‌بگرێ . دەبوو بم‌هێنابایە. ئەتۆ بە رادەی پێویست بوێری . بڕوام پێ‌بکە. کەس ناناسم وەک تۆ ئاوا چیرۆک بگێڕێتەوە، بە پەلە ڕۆیشتە دەرێ. گزانتیپ کە دواتر قاچی سوقراتی شوتو دڕکەکەی دەرهێنا بە تووڕەیی‌یەوە گوتی: لەوانە بوو ئەوە خوێنت ژەهراوی بکات. فەیلەسووف گوتی لەوانەیە خراپتریش .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## جۆرج ساند:

# ئەو ژنەی لەبەرگێکی پیاوانەدا دەنگی ژنانی بەکۆمەڵگاکەی ناساند

ئا: ماجد محەمەد مستەفا

" رۆژێک دێ جیهان باشتر لەمن تێبگا بەڵام، ئەگەر ئەو رۆژە هەر نەشهات ئەوە زۆر گرنگ نیە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە ئەوکات توانیومە رێگا بۆ ژنێکی ترخۆش بکەم". ئەمە ئەو دێڕە بوو کە ژنە نووسەرو چیرۆکنووسی فەرانسەیی جۆرج ساندی بەدونیا ناساند لەسەردەمێکدا کە ژنان نەیاندەتوانیو بۆیان نەبوو دەنگی ئازادیو دادپەروەری لەنێو کۆمەڵگاکانی خۆیاندا بە ڕووی هەموو ئەو ستەمو جیاوازییانەدا بەرزبکەنەوە کە دەرهاویشتەی عەقڵیەتی پیاوسالاری ئەو کاتی زۆرێک لەکۆمەڵگا ئەورووپیو جیهانییەکان بوو.

پێناسەی کەسییەتی "جۆرج ساند" چی دەڵێت؟

جۆرج ساند ناوی خوازراوی (ئۆرۆ ئەرماندین دوبان)ە یەکێک لەبەناوبانگترین ژنە چیرۆک نووسو نووسەرانی وڵاتی فەرانسەیە .. ساڵی ١٨٠٤ لەپاریسی پایتەختی فەرانسەو لەخێزانێکی ئەروستۆقراتی لەدایک بووە، باوکی یەکێک لە گەورە ئەفسەرانی سوپای ناپلیۆن بووە بەڵام، هەر لە تەمەنی منداڵی‌یەوە بەهۆی لەدەستدانی باوکی لەنازی باوک بێبەش بووە، دواتریش ئەرکی پەروەردەکردنی کەوتووەتە ئەستۆی دایە گەورەی کە دانیشتووی یەک لە دێیەکانی نزیک پاریس بووە بەو شێوەیەش" ئەرماندین" ژیانی مەدەنی‌یانەی شاری بەجێهێشتوەو ڕووی لەسەوزاییو شاخوداخی وڵاتەکەی کردوەو ژیانی نوێی لەنێو کۆڕی دانیشتنەکانی جووتیاران بەسەر بردوە.. ئەو کۆڕانەی کە دواتر بوونە سەرەتایەک بۆ دەرخستنی ئەرماندین لەنێو دونیای ئەدەبو نووسیندا.

سەرەتاکانی ئاشنابوونی ساند بە دونیای ئەدەبو نووسین.

هاورێیەتیی ساند لەگەڵ نووسەری گەورەی فەرانسەیی " جۆل ساندۆ " سەرەتایەک بوو بۆ تێکەڵبوونی ئەم خانمە لەگەڵ دونیای ئەدەبو نووسین، ساندۆ توانی جێدەستی خۆی لە ژیانی ئەدەبیی ساند بنەخشێنێتو یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم بەرهەمی ئەم خانمە بەتوانایە لەبواری چیرۆک نووسیندا بەناوی " گوڵی سپی" .. هەر ئەو هاوکاریو هاورێیەتی‌یەش بوو کە بووە هۆکارێک بۆ هەڵبژاردنو دیاریکردنی نازناوی ساند لەژیانی ئەدەبیی ئەم خانمە گەورەیەدا.

چی لەبارەی " ساند" ەوە دەگوترێ؟

ساند لەسەردەمێکدا ژیاوە کە مافەکانی ژنانو بانگەشەکردن بۆ ئازادیی بیروڕادەربڕین هێڵێکی سوور بووەو بەزاندنی مەترسی‌یەکی کاریگەر بووە بۆسەر پێکهاتەی کۆمەڵگای فەرانسە لەو سەردەمەدا.. بۆیە ئەو تایبەتمەندی‌یەی ئەو ژنە مەزنەی لەژنانی سەردەمی خۆی جیا کردووەتەوە ئەوە بووە کە ناوبراو هەموو ئەو بابەتو نووسینانەی بڵاوی کردوونەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەموو لەژێر ناوێکی خوازراوی پیاوانە " جۆرج ساند"دا بوون، ئەمە جگە لەوەی مەترسی‌یەکان لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە لەو سەردەمەدا هێندە زەق بوون وایان کردوە کە ئەم چیرۆکنووسە بەناوبانگە لە هەموو رووەکانەوە بەجلوبەرگو ستایلێکی پیاوانەوە خۆی دەربخا تەنها لەپێناوی ئەوەی بتوانێ




لاپەڕی ٣٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# «دوو ژن بە پیاوی فەقیر بەخێو نابن»!



نەسرین یوسف زادە

فەریدەی چاوگەشی جوان تازە بە تەمەنی مێرمندالّی گەیشتبوو کە پێیان گوت دەبی ژن بۆ برا گەورەکەی بکا. ئەو زۆر مندالّ بوو , بەڵام زۆر جار ژیان مرۆڤ زووتر لەوەی کە هەیە گەورە دەکا، بۆیە فەریدەش زۆر زووتر لە هاوتەمەنەکانی دیکەی خۆی گەورە بوو. فەریدەی مندالّ و بێ گوناهیان بە دەستێک لیباس و چەند تیکە زێری بێ بایخ هەڵفریواند و ناردیانە مالّە مێرد و نایانە بەر کار و کوێرەوەری و تانەو تەشەری مالّە مێردی خراپ.

مالّی مێردەکەی خێزانیکی زۆریان هەبوو و هەر وەک لە قەدیمەە گوتوویانە: مالّی پڕ خێزان کاریشی زۆرە، مالّی مێردە کەی فەریدەش کاریان زۆر بوو بۆیە دەبوو هەر کەسێک لەو مالّەدابێ زۆر زیاتر لە توانای خۆی کار بکا. تا دەیانتوانی کاری قورسیان پێدەکردو ئازاریان دەدا.

فەریدە یەکەم سالّی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ مێردەکەی زگی پڕ بوو بەڵام ئێستا بە سێ مانگ نەگەیشتبوو کە مندالّەکەی لە بەر چوو.

ئەو کات نە مێردەکەی و نە هیچ کەسێکی دیکە بۆیان گرنگ نەبوو کە هۆی ئەوە بزانن. ئەو خۆی لە هیچ کارێکی قورس و گران نەدەپاراست و بۆ ئەوەی کەس لێی نارازی نەبێ بێ ماندووبوون کاری دەکرد و دەستی دەدا شتی قورس، بۆیەش کاتێک کە بۆ جاری دوایی زگی پڕ بوو هەربە شێوەی جاری پێشوو پێش ئەوەی بە سێ مانگ بگا، مندالّەکەی لە بەر چوو.

ئەم جارە بە پێچەوانەی جاری پێشوو کە بۆ کەس گرنگ نەبوو هەر کەس لە لایەکەوە قسەی دەکرد و نەزری دەدا. بە مێردەکەیان دەگوت: (دروستە فەریدە ژنی چاک و ئازا و کار کەرە بەڵام چۆن دەبێ ژن مندالّی نەبێ، ژن بەمندالّەوە ژنە دەنا هەر نەبێ چاکترە)، زۆر جاریش بە مێردەکەیان دەگوت: کە (یان فەریدە تەڵاق دا یان ژنێکی دیکە بێنێ تا مندالّی ببێ). چەند جاریکیش ژنیان بۆ دیبۆوە، بەڵام ئەو دەیگوت: (کاکە ئەمن پیاوی دوو ژن نیم، دوو ژن بە پیاوی فەقیر بەخێو نابن).

ئاخرەکەی قسەو قسەلۆکی ئەم و ئەو بوو بە هۆی ئەوە ی کە فەریدە و مێردەکەی لە مالّێ جودا بوونەوە و لە دێی هاتنە دەری و لە میراوای بۆکان خانویەکیان بەکرێ گرت و دەستیان کرد بە ژیانێکی ئاسایی، بەڵام چونکە مێردەکەی فەریدە تەنیا کاری دێی دەزانی زۆر دەستتەنگ و هەژار بوون، بڕیاریان دا بچن بۆ کوورەخانە و کار بکەن. بە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان لەشار و گوندەکانی خۆیان بێکارن ناچارن روو بکەنە کوورەخانەو لەشارەکانی دیکەی ئێران کار بکەن. فەریدە بۆ جارێکی کە زگی پر بۆوە بەڵام بێ ئەوەی بۆخۆی بزانێ ینا کەسێکی شارەزا پێی بڵێ کە نابێ دەست داتە کاری قورس بێماندوو بوون بەیانی تا ئێوارێ قالّبەخشتی هەڵدەگرت، جا ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە بۆ جارێکی دیکە فەریدەی بەستەزمان مندالّەکەی لەدەست دا.

ئەوان چەند جارێک چووبوون بۆ لای دوکتۆرو پێیان گوترابوو کە نابی فەریدە کاتی دووگیانی کاری قورس بکا، بەڵام مێردەکەی فەریدە دەیزانی کە بەبێ ئەو هیچ کارێکی پێ ناکرێ و ئەگەر فەریدە کاری لە گەڵ بکا زووتر بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگاو زووتر دەوڵەمەند دەبێ. دژایەتیی قسەی دوکتۆری دەکرد و دەیگوت جا بۆ ئەو هەمووە ژنە مندالّیشیان دەبێ و هیچ پێویستیش ناکا نۆ مانگ لە جێگادا بخەون. فەریدە بۆ ئەوەی مێردەکەی هیچی پێنەلّێ وێرای ئەو قسەکانی بۆپشت راست دەکردەوەو دەیگوت: جا باشە با ئەو





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیروڕاکانی بەشێوەیەکی ئازادو بەئاشکرا بڵاو بکاتەوە .. هەروەها ساند بەوە ناسراوە کە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبووە لەبارەی نووسینی نامەوە، وەکوو ئاماژەشی پێدەکرێ ژمارەی ئەو نامانە کە ناوبراو نووسیونی دوو ئەوەندەی ژمارەی ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی بووە، ئەمە جگە لەوەی کە بەیەکێک لە سەرسەختترین ئەو کەسانە هەژمار کراوە کە تەواوی هەوڵەکانیان بۆ داکۆکیکردن لەژینگەو پاراستنی لەمەترسییە جۆراوجۆرەکان خستۆتە گەڕ.

ئەمانەو چەندین تایبەتمەندیی دیکەی ئەم خانمە گەورەیەش هەموو پێکەوە وایان کردوە کە گەورەنووسەرانی ئەو سەردەمەی ئەورووپا هەریەکەو بەستایشێکی جوانترو گەورەترەوە پێناسەیەک بۆ ئیشوکارەکانی ساند لەو سەردەمە تاریکەدا دابنێن هەروەکوو مێژوونوسی بەناوبانگی فەرانسەیی دەڵێ "بابەتە دەگمەنەکانی جۆرج ساند لەپاش سێ سەدەش هەر دەمێننەوەو دەخوێندرێنەوە".

فیکتۆر هۆگۆش دەڵێ " ئەو ژنە مەزنە لە هیچی کەم نیە، ئەو خاوەنی دڵێکی فرەوانو بیرێکی مەزنە .. ئەو تایبەتمەندیی‌یەش کە نووسینەکانی ئەو لەکەسانی دیکە جیا دەکاتەوە دووشتە : نەرم و نیانیو بانگەشەکردن بۆ چاکەو چاکسازی".

ئەو بەرهەمانەی " ساند"یان بە جیهان ناساند

مێژووی ئەدەبیی ئەم ژنە چیرۆکنووسە پڕە لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیی کاریگەر کە لەرێگای هەموو ئەوانەوە توانیویەتی لەگەڵ ئازارو مەینەتی‌یەکانی ژنانی سەردەمی خۆیدا ئاشنایەتیی تەواو پەیدا بکاو لەو ڕووەشەوە ببێ بە دەنگێکی بوێر بۆ خستنەڕووی هەموو ئەو نەهامەتی‌یانە، گرنگترین ئەو بەرهەمانەش کە ئەم خانمە مەزنەی بە جیهان ناساندوە نووسینی چیرۆکێک بوو لەژێر ناوی " ئەندیانا" و تیێدا باس لەژیانی ژنێکی گەنج دەکا لەپاش پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کە چۆن تەمەنێکی پڕ لەئازار بەرێ دەکا.. هەروەها ئەو چیرۆکە تیشک دەخاتە سەر هەستە سێکسی‌یەکانی ژنان، ئەو بابەتەش بەتایبەت لەو کاتانەدا ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی زۆر بووەتەوە بەحوکمی نێوەرۆکی بابەتەکە کەباسی لە جیهانە شارەوەکانی ژنان کردوە.

ئەمانەو چەندین بابەتی دیکە لەژێر ناوەکانی "فادێتی بچووک " و " چیرۆکی ژیانم" و " جان"وەهەروەها دەیان چیرۆکی دیکەش کە لەرێگای هەموو ئەوانەوە توانی ببێ بە نووسەرێکی گەورەو لەو ڕووەوە مێژوویەک بۆ خۆیو گەلی فەرانسە بنووسێتەوە، هەروەکوو خۆشی ئاماژەی پێدابوو لەژیانی‌دا نەهامەتیو ئازارێکی زۆری چەشتبوو و لەو بارەیەشەوە گوتبوی " لێمگەڕێن با بنووسم، با زیاتر ئیش بکەمو ماندوو بم .. بەڵکوو بتوانم بەو شێوەیە خۆم لە دڕۆکانی خۆشی ژیان دەربازکەم !".

بەو شێوەیەش ئەم خانمە مەزنە تا دواساتەکانی ژیانی خۆی بەردەوام بوو لە کۆڵنەدان لە بواری نووسینو بەرهەمهێناندا .. لای خۆشیەوە سینەمای فەرانسە وەکوو ڕێزلێنانێک بۆهەموو ئەو ئەرکو ماندووبوونە کە ئەم خانمە مەزنە لەسەردەمێکدا بەوڵاتی فەرانسەی بەخشیوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی ژیانی لەرێگای چەند فیلمێکی سینەمایی‌یەوە کە دواهەمینیان فیلمی " اولاد القرن" بوو و ژنە ئەکتەری فەرانسەیی "جۆلێت بینۆش" ڕۆڵی جۆرج ساندی تێدا بینیوە.

سەرچاوە: ڕێوان

## درێژەی: ژن ئەستێرە

ساڵیش بچین بۆ کوورەخانە، خودا گەورەیە تا ساڵێکی کە، بەڵام هەرلەو کاتەدا جەرگی جەرگی دەخواردو ئاواتی لە باوەش گرتنی منداڵێک لە مێشکی نەدەچۆ دەرێ. دوای لانی کەم دە دوازدە ساڵ کار و ژیانی پڕچەرمەسەری لە کوورەخانەو کرێکاری توانیان بە یەکێک لە ئاواتەکانیان کە ئەویش کڕینی خانوویەک بوو بگەن.

فەریدە دوای چەندین ساڵ بۆ جارێکی دیکە زگی پڕ بۆوەو ئەو جارە هەر چۆنێک بوو توانی مێردەکەی ڕازی بکا کە ئەو ساڵە نەچێ بۆ کوورەخانە تاکوو ببێ بە هۆی ئەوەی کە ئەو جارە منداڵەکەی لە دەست نەداو هەرواش بوو و خودا دوای چەندین ساڵ منداڵێکی جوانی بە فەریدەو مێردەکەی دا و ماڵەکەیانی لە بێدەنگی هێنا دەرێ. ئیدی ئەو جار فەریدە بە تەواوی ئاواتو ئارەزووەکانی گەیشتبوو بە ڵلام هەروەک دەزانین هیچ خۆشیەک بەردەوام نیە، خۆشی‌یەکانی فەریدەی بەستەزمانی بێنازیش تاسەر نەبوو و زۆر زوو ماڵی ئاواتو ئارەزووە کانی بە وێرانەی بێوەفایی گەیشت. تەنیا حەوت ڕۆژ لە منداڵبوونی تێپەڕ ببوو کە مێردەکەی هاتەوە ماڵێو پێی گوت: دەیهەوی گوێزەبانە بۆ منداڵەکەیان بکاو چەند کەسێکی بۆ شەو بانگهێشتن کردوە. فەریدە بێ خەبەر لە وەی کە قەرارە چی بەسەر بێ دەست دەداتە قاپوقاچاغو دەست بە سازکردنی چێشتونان دەکا. بۆ شەو مێردەکەی لەگەڵ چەند کەسێک دێتەوە ماڵێ کە ژنێکی جحێڵیش لە گەڵیانە. ئێستا ڕەنگی بزەی خۆشحاڵی منداڵ بوون و دوای چەند ساڵ زەحمەت و کۆرەوەری کڕینی خانویەک لە سەر لێوەکانی بوو کە ماڵی ئاوات و ئارەزۆکانی بە هاتنی ژنێکی دیکە بۆ لای سەرێی ماڵەکەی بە وێرانەیێک گەێشت. فەریدە لەو کاتەدا ئەوەی وەبیر هاتبۆوە کە چەند ساڵ لەوە پێش کاتێک بە مێردەکەیان دەگوت ژنێکی کە بێنێ تا منداڵیان ببێ لە جوابدا دەیگوت: (دوو ژن بە پیاوی فەقیر بەخێو نابن) بەڵام ئێستا بە هۆی کارو ماندووبوونی فەریدە دەوڵەمەند ببوو و ببووە سێحەبی خانوو و مڵکو بەئاسانی دوو ژنی بۆ بەخێو دەبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کڵاویک بۆ بەهار

## شانۆ نامە



ن: خەبات ڕەسووڵی

ئەکتەرەکان: ئامینە(کچێکی جحێڵی دێهاتی؛ مام ئەحمەد (باوکیئامینە)

پەردەی یەکەم

نوێنو بانێک کراوەتە دەستەنوێنو وەک پشتی دانراوە؛ بەرەیەک، یان موکێتێک ڕاخراوە، سەماوەرێک، کۆمەڵێک ئیستیکانی لە تەنیشتەو خەریکە دەکوڵێ. عەلادینێک قابڵەمەیەکی لە سەرەو هەڵمی لێهەڵدەستێ. پەنجەرەیەکیدار هەڵواسراوە. کچێکی تەمەن هەژدە ساڵە ی ڕەشئەسمەری کزی بەلەباریکە، پاتۆڵێکی ڕەشی لەپێداو کراسێکی شینی ژنانەی کوردی لە سەرەوە لەبەردایە، پاتۆڵەکەی بەسەرکراسەکە هەڵکیشاوەو لەچکەیەکی قاوەیی لە سەرەو پاڵی بە دەستەنوێنەکەوە داوەو سەری بەرداوەتەوەو خەریکی چنینی شتێکە. دەنگی بارانو وشەوشی بای دەرەوە دێ.

پاش ماوەیەک هەڵدەستێو دەچێتە تەنیشت پەنجەرەکەو چاو لە دەرێ دەکا.

چاوی لە دەرێیە، بەڵام بە خەیاڵ فڕیوەو لەو ژوورە نەماوە. لە پڕ ئاوڕ دەداتەوەو چاوێک بە ژوورەکەدا دەخشێنێو کاموکاەی دەبینێو دەچێتەوە سەر جێگاکەیو دەست دەکاتەوە بە کارەکەی خۆی.

مام ئەحمەد بە کۆخە کۆخ و بۆڵەبۆڵ دێتەژوورێ. هێشتا لاقی نەهێناوەتە نێو ژوورەکەوەبانگ دەکا:

ئامین، کچم، چایەکم بۆ تێکە ڕۆڵە.

پاشان دەچێ لەپەنا عەلادینەکە دادەنیشێو باڵتەکەی دادەکەنێو گۆچانەکەی فڕێ دەداتە لای باڵتەکە. ئامین بە پەلە هەڵدەستێو چایەک بۆ باوکی تێدەکاو لە پێشی دادەنێ.

–ئەوە خەریکی چی کچی خۆم؟

–بابەی گیان خەریکم کڵاوێک دەچنم. کڵاوێکی پیاوانە.

–زۆر باشە بۆ کێی دەچنی؟

–وەڵڵا بابەی گیان بەهارێ کە کوڕەکان هاتنەوە بە دیاری دەیاندەمێ.

–هەیهو...هەیهو........... کوڕی چیو بەهاری چی، ڕۆڵەی گیان ئەو فکرە قۆرانە لە مێشکت بێنە دەرێ. تازە چاویان بەو دێهاتانە ناکەوێتەوە. لە خۆوە خۆت ماندوو مەکە. ئێوارێ چووبوومە پایەگا، شکایەتم لە حەمە نەوتە کرد، گوتم ئەو مەزرایەی لێ داگیر کردووم نامداتەوە. چوومە لای سەروان شیرازی شکایەتم لێکرد. ئەویش زۆر گفتی دامێ هاوکاریم بکا. سووکە خوازبێنییەکی تۆشی لێکردم.

( ئامین سوور هەڵگەڕێو بە تووڕەییەوە دەڵێ ):

–ئەوە دەڵێی چی بابە، هەر ئەوەم مابوو شوو بە پاسدارێک بکەم.

کچێ خۆم سەروان شیرازی پیاوێکی خوێندەوارو لە خواترسە، بێجگە لەوە بەڵێنی داومێ زەوییەکانم لە حەمە نەوتە بستێنیتەوە. دوایی مێردی پێبکەی دەتباتە شاری دەحەسێیەوە بەرخم.

(ئامین وەک شێتان لە ژوورەکەدا دێو دەچێو پاش بێ دەنگییەکی کەم دەڵێ):

–بابە ئەتۆ چیت پێگوت؟

–گوتم بیری لێ دەکەینەوە.

–بیری چی لێ دەکەیەوە، ئەتۆ نازانی ئەمن بە خوێنی سەری تینووم، یانی پێتوایە ئەمن مێرد بەوە پاسدارە دەکەم؟

ئەمن پێم عەیب بوو یەکسەر بڵێم کچەکەمت دەدەمێ، دەنا هەر ئەوڕۆ قسەمە لەگەڵ تەواو دەکرد، ئەتۆش باوکو فەرزەندایەتیت لەبیر نەچێ، گەورەو چووکەیی لە بیر خۆت مەبەوە. جارێ جحێڵی خوێنت گەرمە، وڵاتی ئێمە سەدان ساڵە، بە بیر کەس نایە.......... ئێمە هەر لەبەر دەستی ئەوانـدا بووین، ئەوانە هەر ئاغا بوونو ئێمە هەر خزمەتکار. هەزار کچ خۆزگە بە تۆ دەخوازن لە کیسی خۆتی مەدە کچم. وەڵڵا دەبێ قوڕاوخۆریش بی.

بابە، ئەتۆ دەڵێی لە گوێی گادا نووستووی، یان ئەمن ناناسی ، ئەمن ئەوە خەریکم کڵاو بۆ پێشمەرگە دەچنم، ئەتۆش دەڵێی مێرد بە پاسدارێک بکە، ئەوە چەندی بە چەندە، زۆر سەیرە.

–بێ ئەقڵی بۆیە کڵاو بۆ پێشمەرگە دەچنی. سەروان شیرازی دەیگوت، حکوومەت ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکوومەتی ئەولا کردوە، تازە مەگەر هەر بە خەون بیانبینیتەوە.

–هاهاهاهاها

–بۆ پێدەکەنی کچەتیو؟ ( بە دەنگیکی لەرزۆکەوە)

–دەزانی بۆ پێدەکەنم! سەروان شیرازی پێیوایە کورد هەر ئەو چەند پێشمەرگەیەیەو ئەوان نەهاتنەوە ئەو جار دەتوانن بە کەیفی خۆیان تەراتێن بکەن.

–بۆ وانیە، کێ دەوێرێ بڵێ لەل؟

( ئامین لە پەنا باوکی دادەنیشێو دەستەکانی باوکی دەگرێو چاو لە چاویەوە دەبڕێ )

–بابەی گیان، ئەمن نابێ ئەو قسانە بۆ تۆ بکەم، دەزانم ئەتۆ لە فکری زەوییەکەتدای، دەزانم لە فکری بەختەوەری مندای، بەڵام خۆ بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، ئەی هەموو ساڵێ ئەو کادرو پێشمەرگانە قسەیان بۆ دەکردین قسەکانیانت بۆ لە بیر چۆتەوە، یان لە بیر خۆت بردوونەتەوە.

–کچم ئەوانە هەر بەو قسانە منداڵی خەڵکیان بە کوشت داو خۆیان هەڵاتن. –خۆیان بۆ کوێ هەڵاتن؟ ئەتۆ ناڵێی ڕێککەوتنێکی شاراوە کراوە، بۆ خۆت نەشارەزا دەکەی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–گوێ ڕابگرە ئەو قسە زلانە بۆ منو تۆ نەهاتوونو بۆمان نابنە نانوئاو. ئەمن سبەینێ، ڕاسپاردەیەک دەنێرمە لای سەروان شیرازی با بنێرێ بۆ خوازبێنیت، ئەتۆش زۆری پێ لێهەڵێنی دەمت دەشکێنم، نەڵێی باوکم پیرە و برای لە خۆم گەورەترم نیە، وەڵلا بێ قسەییم بکەی چاوت دەردێنم. ئامین دەستی باوکی بەردەداو وەک لەبەر شتێکی ترسناک هەڵێ بە پەلە هەڵدەستێو لە باوکی دوور دەکەوێتەوەو بەرەو دەرگاکە دەڕواو دەچێتە دەرێ.

پەردەی دووەم

ئەکتەرەکان: ئامینە، ڕەحمان، سەروان شیرازی، سەربازێک.

شوێن: نێوپایەگا، ژووری سەروان شیرازی.

ژوورێکی نیوە تاریک، پەتووی سەربازی لە جیاتی پەردە بە پەنجەرەکەدا دراوە، میزو سەندەڵییەک لە نێوەڕاستی ژوورەکەیە، تەختێکی سەبازییش لە قەراغ دیوارەکەیەو نوێنو بانێکی لە سەر ڕاخراوە، وێنەیەکی خومەینی بە دیوارەکەوەیە. سەروان شیرازی دانیشتوە. لە پڕ سەربازێک دێتە ژووری چەستێکی بۆ لێدەداو دەڵێ کچی مام ئەحمەد هاتوە کاری پێتە. سەروان بە بیستنی ناوی ئامین لە جێی خۆی ڕادەپەڕێو بە پەلە بەرەو دەرکە دەچێو دەیانهێنێتە ژوورێو بە پەلە بە سەربازەکە دەڵێ دوو سەندەڵییان بۆ بێنە . سەربازەکە دوو سەندەڵی دێنێو لەپەنا مێزی سەروان دایاندەنێ.

ئامین هەر بە پێوە سەیری سەروان دەکا، سەروان پیاوێکی چلوپێنج ساڵەی ڕەشتاڵەی، سەروڕیشهاتووی چڵکنە، بە بینینی ئامین، بزەیەکی زۆڵانە هاتووەتە سەرلێویو ناتوانێ خۆشحاڵیی خۆی بشارێتەوە، هەست دەکا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێناوە. بە لەبزێکی خۆمانە دەڵێ:

–چەندجارێک بە دوربین تۆم دیتبوو، دەمزانی زۆر جوانی، بەڵام لە پێشەوە جوانییەکەت سەد هێندە بووە. فەرموو دانیشە. دادەنیشن.

–نەهاتووم بە سەرمدا هەڵبڵێی هاتووم کارێکم پێتە.

سەروان بە بیستنی ئەو قسەیە چاوێک لە چاوی ئامین دەکاو ڕقو تووڕەییەکی لە ڕادەبەدەر لە چاویدا دەبێنێو زوو برێک خۆی گورج دەکاتەوەو بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێ، ڕوو دەکاتە ڕەحمانو دەڵێ:

–ئەوە براتە، نەمزانیبوو براشت هەیە؟

–وەک برام وایە، کوڕی جیرانمانە.

–ئەها ئەی ئەوت بۆ هێناوە؟

–ئەمن نەهاتووم زۆر بمێنمەوە، هاتووم قسەیەکت لەگەڵ بکەم.

–فەرموو گوێم بۆ شل کردووی.

–باوکم باسی خوازبێنیکردنی تۆی کرد، دیارە بەڵێنت پێداوە زەوییەکەی بۆ وەربگریەوە. ئەمن بە تەمانیم مێردبکەم.

–با لە پێشدا ئەوە بڵێم، ئەمن لەبەرامبەر مێردکردنی تۆدا بەڵێنم پێنەداوە زەوییەکەی بۆ وەربگرمەوە، ئەوە باسێکی قانوونییە، ئەمن وەک بۆخۆم حەز دەکەم قسەت لەگەڵ بکەم، نەک وەک فەرماندەی ئەو پایەگایە.

–زۆر باشە، مادام ئاوایە، ئەمن جاری بە تەما نیم مێرد بکەم، گوتم با پێت ڕابگەیەنم.

–بۆ ناتەوی مێردم پێ بکەی؟ نەکا ڕقت لە پاسدار بێ ها؟

–خۆ چاوهڕوانی ئەوە نی بڵێم ناوەڵڵا پاسدارم زۆر خۆش دەوێ؟

–بۆچی خۆشت ناوی، ئێمە پارێزەری نامووسو شەرەفی ئێوەین.

–بۆیە بە دووربین چاومان لێدەکەن؟

–نا، ئەوە باسێکی دیکەیە، ئەمن تۆم خۆش دەوێ، ئەمن عاشقی تۆم.

–گوێ ڕابگرە سەروان شیرازی، نازانم لە چەند دێو چەند کچی بەستەزمانی کوردت بەو قسانە هەڵفریواندوە، بەڵام ئەو قسانە بەکەڵکی من نایەن. خوا لە جێگەیەکی دیکە ڕزقت بدا.

(سەروان چاوەکانی دەردەپەڕێنێو وردە وردە سوور هەڵدەگەڕێو لەحنی قسەی دەگۆڕدرێ):

–ئەتۆ خۆت پێ چییە کچێ، پشتت بە کێ ئەستوورە؟ هەستە کوڕە هەستە بڕۆ دەرێ، ئەمن لەگەڵ ئەو خاتوونە دوو قسەی خۆمانەم هەیە، دەبی بیکەین.

–دانیشە ڕەحمان، ئەمن قسەی شاراوەم نیە.

–هەستە هەتیوە بڕۆ دەرێ.

(ڕەحمان بە ناچاری هەڵدەستێو دەڕواتە دەرێ، سەروان لە پشتیەوەدەرگاکە دادەخات. بە تەقەی دەرگاداخستنەکە ئامین هەست دەکات کە کەوتووتە تەڵەوەو ترس سەرتاپای دادەگرێو دەست بۆ گیرفانی دەباو بە هەستکردن بە چەقۆکەی گیرفانی برێک دڵی دادەسەکنێ.

_ مادام ناتەوێ مێردم پێبکەی، ئەمنیش هەروا سووکوئاسان نایەڵم بڕۆی.

وردەوردە لە ئامین نزیک دەبێتەوە. ئامین هەڵدەستێتە سەرپێو پاشەوپاش دەکشێتەوە.

_ چیت لێمدەوێ، لە کۆڵم بەوە، دەقیژێنم ئەو دێیەت وەسەر دەگەڕێ.

–هەهە دەنگت ناگاتە هیچ کوێ خۆت ماندوو مەکە.

ئامین پاشەوپاش دەکشێتەوە، تا دەگاتە دیوارەکەو پاڵ بە دیوارە کەوە دەدا.

_ بۆ خاتری خودا لێم گەڕی با بڕۆم.

_ خودا کێیە؟ خودا منم، نایەڵم بڕۆێ.

_ مەلعوون، کافر، بە ناوی ئیسلام بوونەتە کەڵەگا لە سەرمان.

_ تازەت زانیوە؟ درەنگت زانی خاتوون.

دەستی درێژ دەکاو لەچکەکەی دەکێشێ، لەچکەکە بەردەبێتەوەو قژو سەروملی ئامین وەدیار دەکەوەێ.

ئامین دەقیژێنێ، ڕەحمان دەرگا وەبەر شەقو مست دەدا، دەنگی زللەیەک دێو ڕەحمان بێدەنگ دەکرێ.

سەروان سنگی بە سنگی ئامینەوە دەنێ، لە پڕ ئامین چەقۆکەی گیرفانی دەردێنێو تا دەسکەکەی دەسنگی سەروان ڕۆدەکا.

خوێن فیچقە دەکاو ژورەکە پڕ دەبێ لە خوێن. سەروان دەکەوێتە سەر ئەرزی. دەنگی دەرگاکە دێو سەربازێکو ڕەحمان بە پەلە دێنە ژوورێ.

ڕەحمان غار دەداتە لای ئامینو باوەشی پێدا دەکا. سەربازەکە سەرەتا حەبەساوە پاشان وەخۆ دێتەوەو دەمانچەکەی دەردێنێ. ڕەحمانو ئامین وەبەر گوللە دەدا.

تەرمی بێگیانی ئامینو ڕەحمان بەسەر کەلاکی سەرواندا دەکەوێو خەڵتانی خوێن دەبن.

**تێبینی: ئەو شانۆنامەیە لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩١ ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا ئیجرا کرا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جەستەو رۆح وەک هێمایەک بۆ ژنو پیاو

**شەماڵ**

وەک مێژوو، جەستە مێژوویەکی سەربەخۆو تەمەنێکی درێژی نیە. فەلسەفەو بیری رۆژئاوادا بە گشتی سەرقاڵی فکر، ئاوەزو رۆح بووە نەک لەش، جەستەو پراکتیک. دیارە ئەم پشتگوێخستنەش هۆکاری خۆی هەیە. یەک لە هۆکارەکانی کە رەنگە ئاماژەپێدانی بێسوود نەبێ، پەیوەندیی پیاو و پیاوەتی بە فکرو رۆحەوەیە. لە حاڵێکدا ژن بە گشتی لە خانەی مادەو جەستەدا پێناسە کراوە. واتە پیاو، هێمایەک بووە بۆ کەلتوورو ژن هێمایەک بۆ سروشت؛ پیاو هێمایەک بووە بۆ فکرو تیۆریو ژن بەپێچەوانە، وەک هێمای جەستەو پراکتیک سەیری کراوە. لە ڕووی مێژوویی‌یەوە، فەلسەفەو فکری رۆژئاواش تا ئەم دوایانە، زیاتر گرنگیی بە تیۆریو بە رۆحو عەقڵ داوە تا جەستەو پراکسیسو هەست. رەخنەی فێمینیستییش لەم دایکاتۆمی‌یە، واتە لەم دابەشینە باڵابەندی‌یە لە نیوان جەستەو رۆحدا وەک هێمایەک بۆ ژنو پیاو، زێتر لەم ڕووەوەیە کە بە گوێرەی ئەم چەشنە شیکردنەوانە، ژن وەک هێمایەک بۆ سروشت دەبێتە نموونەی بوونەوەرێک کە خاوەنی ئیرادە نیە؛ بوونەوەرێک کە رەفتارەکانی شیاوی پێشبینی‌کردن نینو لە چەشنی سروشت، پڕە لە شپرزەییو ئاژاوە. هەربۆیەش، ژن نەتەنیا وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژیک سەیری کراوە کە خاوەنی لۆژیک نیە، بەڵکوو تەنانەت سێکسوالیتیەی ژنیش هەمیشە وەک شتێکی ترسناکو پڕمەترسی بینراوە. بەپێچەوانەش، پیاو وەک دژبەری ژن، وەک بوونەوەرێکی ئاوەزمەند، خاوەن لۆژیک. بۆیەش شیاوی پێشبینی‌و وەک سەرچاوەی کەلتوورو بەرهەمهێنان وێنا کراوە. ئەم وێنەیە هەر لێرەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە درێژەی ئەم تێگەیشتنە لە ژن‌دا، ئەو وەک بوونەوەرێکی ناسەربەخۆ سەیری کراوە کە هەمیشە بە گوێرەی هەست، هەوەسو غەریزەکانی رەفتار دەکا، نەک بە گوێرەی عەقڵو تێفکرین. بۆیە لە ئاستێکی سیاسییشدا، ژنان زۆر درەنگتر لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا توانیان مافی دەنگدانو بەشداریی چالاکانە لە سیاسەتدا پەیدا بکەن. ئەمە هەرلەو کاتەدا، ئاقارێکی ئەخلاقییشی بەم پرسە بەخشیوە، چونکوو لە فەلسەفەی رۆژئاوادا، مورالو ئەخلاق بە شێوەیەکی چڕ بە ئاوتۆنۆمی‌و سەربەخۆیی‌و هەروەها توانستی خۆبژێوی ئابووری‌یەوە بەستراوەتەوە. ژنان وەک بەشێک لە موڵکی پیاو، ئەم توانستەیان تێدا نەبینراوەو بۆیەش تەنانەت لای فیلسووفێکی وەک ئیمانوئێل کانت، کە بنەمای فەلسەفەکەی لەسەر ئەسڵی ئەخلاقێکی یونیڤەرساڵ و ئازادیی تاکەکان ڕاوەستاوە، ژنان، بە بێ هیچ شیکردنەوەیەک، دەخرێنە دەرەوەی سیاسەتەوە. کانت پێی وایە سروشتی ژنان لە گەڵ ئازادی یان سیاسەت نایەتەوە. بۆیەش زۆر سەیر نیە کە ئەم ڕوانینە، بنەمای لیبرالیزمی لە دابەشینی بواری خسووسی‌و گشتی‌دا پێک هێناوە. ئیمڕۆ رەنگە لە ئاستێکی فەلسەفی یان سیاسی‌دا، کەمتر کەسێک بەم شێوەیە بدوێ یان بە هاسانی ژنان لەم بوارانە دەرهاوێژێ، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاسەواری ئەم فکرانە هەر دیارەو لە پراکتیکو ژیانی رۆژانەدا بە دەیان شێوە لەو تێڕوانینە لە ژن وەک بوونەوەرێکی هەستیارو ناسەربەخۆ بەرهەم دێنەوە. هەڵبەت ئەمە تەنیا خودی پیاوان ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەم تێڕوانینە دەبێتە بەشێک لە کەلتوورو لە مێنتالیتەی پیاوانو ژنانو هەر دوو جنسیش لەم بەرهەمهێنانەوەیەدا بەشدارن.

با ئێمە دوو نموونەی زەقی ئەم چەشنە تێڕوانینە لە ژیانی رۆژانەدا باس بکەین. سێکسوالیتەو جەستەی ژن سێکسوالیتەی ژنان یەک لەم بوارانەیە کە تا ئێستاش ترسو نیگەرانی دەخولقێنێ. فرۆید کاتی خۆی کە باسی سێکسوالیتەی ژنی دەکرد، وەک کیشوەری رەش (Dark Continent) ناوی دەبرد کە مەبەستی ئەوە بوو تێگەیشتن لەم سێکسوالیتە بەپێچەوانەی سێکسوالیتەی پیاوان، شتێکی هاسان نیە، چونکە سێکسوالیتەی ژن پەیڕەوی رێسایەک نیە. ئێمە ئێستاش زۆر جاران بە شانازی‌یەوە باسی پیاوێکی بەتەمەن دەکەین کە لە رووی جنسی‌یەوە چالاکەو هێشتا هەستو هەوەسی جنسیی خۆی پێشان دەدا، لە حاڵێکدا، پێشاندانی ئەم چەشنە هەستە لای ژنێکی بەتەمەن، نەتەنیا شانازیی لەگەڵدا نیە، بەڵکوو وەک شوورەیی‌و سووکیی ئەم ژنە دەبینرێ. با دوور نەڕوێن، ئێستاش ئێمە لە ژیانی رۆژانەمان‌دا کەم وایە حەساسییەت بە جلوبەرگ یان دیاربوونی گۆشەیەک لە لەشو جەستەی کۆڕەکان یان پیاوان نیشان بدەین، لە حالێکدا، پێمان وایە جەستەی ژنو دیاربوونی هەمیشە ئەمرێکی ئەخلاقی‌یە، چونکوو دەبێتە هۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی پیاوان. ئێستاش ئێمە تەنانەت کە ژنێک دەستدرێژیی بۆ دەکرێ، دەیان پرسیار سەبارەت بە جلوبەرگو شێوەی هەڵسوکەوتی ژنەکە دێنینە گۆڕ، هەر وەک جەستەو لەشی ژن هۆکارێکی سەرەکیی ئەم دەستدرێژی‌یە بێ، نەک خودی پیاو هەڵوێستو ڕوانگەی ئەو. ئەمانە راستەوخۆ پەیوەندی‌یان بەم تێگەیشتنە لە ژنەوە هەیە کە ئەو بەپێچەوانەی پیاو، وەک بوونەوەرێک دەبینین کە سروشتێکی ئاژاوەیی هەیەو بۆیەش ئەگەر بەردەوام کۆنترۆڵی لەسەر نەبێ، گیروگرفتو ئاژاوە دەخولقێنێ. لە حاڵێکدا پیاو بە پێی سروشتی خۆی‌و بە هۆی ئەوەی خاوەنی ئیرادەیە، خۆی دەتوانێ کۆنترۆلی خۆی بکا .

ژن و مەسرەفگەرایی .نموونەیەکی دیکە، مەسەلەی پەیوەندیی ژن بە مەسرەفگەرایی‌یە. ڕوانینی باوو تەنانەت لۆژیکی خودی بازاڕیش، تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر ئەم بنەمایە ڕاوەستاوە کە ژنان لە مەسرەفگەرایی‌دا، خاوەن کۆنترۆڵو ئیرادە نینو بۆیەش کڕینو خەرجکردنی ئەوان زیاتر بە گوێرەی هەوەسو خولیایەو پەیڕەوی هەستێکی ئیمپالسیڤە (impulsive). بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە ژنان ناتوانن پێشی خۆیان بگرنو هەر کە پارەیان دەست کەوت، بە پەلە لە شتی بێخودو بێسوودی خەرج دەکەن. ئەم وێنەیە، بەشێکی لە سۆنگەی فەرهەنگێکی کۆنە کە لەودا ژنان تەنیا لە ئاستی کڕینی شتوومەکی نێوماڵدا توانستی بڕیاریان هەبووەو بەشێکیشی لە سۆنگەی ئەم وێنەیەیە کە ژن وەک بوونەوەرەێکی هەستیارو ئیمپالسیڤ دەزانێ کە خاوەنی ئیرادە نیەو ناتوانێ کۆنترۆلی لەسەر هەستەکانی خۆی هەبێو بۆیەش بە گوێرەی هەوەسو خولیاکانی رەفتار دەکا. لێرەش دووبارە هەر ئەو وێنەیە لە ژن وەک بوونەوەرێکی ناسەربەخۆ، ناعەقڵانی و بەدەر لە کۆنترۆڵ بەدی دەکرێ. بوونەوەرێک کە بەردەوام دەبێ لە لایەن پیاوەوە کۆنترۆڵ بکرێ یان ئەگەریش بە هەڵە کارێکی کرد، ئەم هەڵەیە وەک شتێکی سروشتی‌و بەشێک لە سروشتی ژن ببینرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەسەرهاتی کچێکی ١٢ ساڵانە

جیهان بێتوشی

هەموو نەتەوەو گەلێک خاوەن کۆمەڵێک کەلتوورو دابونەریتی خۆیەتی. کۆمەڵگەی کوردەوارییش لەگەڵ چەندین دابونەریتی جوان کۆمەڵێک دابونەریتیشی هەن کە ناشیرینن‌و پێویستە لەلایەن نەوەی ئێستاوە بگۆردرێن. ئەمن وەکوو کچێک کە تەمەنم ١٧ ساڵە بیر دەکەمەوەو هەوڵ دەدەم ئەم دابونەریتە خراپانە لە نێوبەرم، وەکوو ژن بەژنەو بەزۆر بەشوودانی کچان.

دەمەوێ بەسەرهاتی ئەو کچە ١٢ ساڵانەتان بۆ بگێڕمەوە کە لە خۆشی‌یەکانی ژیان بێ‌بەش کرا. ئەمن کاتێک گوێم لە چیرۆکی شۆخان بوو هەستم کرد بەشێکم لەو، هەستم بە چەوسانەوەی خۆم کرد.

لە قەد پاڵی چیاکاندا گوندێکی رازاوەو جوان هەبوو. کاتێک لەو گوندە بەهار دادەهات هەروەک بەهەشتی خوا بوو. لەو گوندە کچێک هەبوو کە لە جوانیدا بێ وێنە بوو. ئەم کچە شۆخ‌وشەنگە تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، وەکوو فریشتەیەک لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکرد. لە ناکاو دایکی بانگی کردو گوتی وەرەوە ماڵێ. شۆخان نەی‌دەزانی بۆچی‌و لەبەرچی بانگی دەکەن کە لە دەرگا چووە ژوورەوە بینی لە ژوورەکەدا خەڵکێکی زۆر دانیشتوون. هەر ئەو رۆژە دایکو باوکی شۆخان، شۆخانیان بەشوو دابوو بێ ئەوەی شۆخان بە هیچ شتێک بزانێ‌و دە مانای ژن‌ومێردایەتی بگا. ئەو هێشتا منداڵێک بوو کە حەزی لێ‌بوو لەگەڵ منداڵەکانی ئاوەدانی یاری بکا بەڵام دایکو باوکە بێ رەحمکەی شۆخان خۆشی‌و ئاواتەکانیان لێ زەوت کرد. شۆخان بێ ئەوەی هیچ شتێک بزانێ چووە ماڵی هاوسەرەوەو لەگەڵ ئەوەی منداڵ بوو دەبوو خەسوو وخەزووریشی بەخێو بکا. رۆژەکانو ساڵەکان تێ‌پەڕین .شۆخان ئێستا تەمەنی ١٥ ساڵە. ئەم چوار ساڵە ناخۆشترین ژیانی هەبووە. ماڵی خەسووی زۆر لەگەڵی خراپن. بەشێوەیەک کە هەست بە بوونی شۆخان ناکەن. هەرچەندە شۆخان لەلای دایکو باوکی گلەیی دەکا ،بەڵام گوێی پێنادەن. شۆخان لەتەمەنی ١٥ ساڵی‌دا دەبێتە دایکو خاوەنی کورێک. شۆخان خۆی هێشتا منداڵەو دەبێ منداڵێکیش بەخێو بکا . بیر دەکەمەوە دەبێ شۆخان لەو کاتەدا هەستی بەچی کردبێ؟

رۆژەکان تێ‌دەپەڕن، شۆخان تەمەنی دەبێتە ١٦ ساڵ، کە هاوسەرەکەی ژنی بەسەردێنێ. ئەمە گەورەترین بەدبەختی بوو بۆ شۆخان. چونکە هاوسەرەکەی دەیگوت تەڵاقت دەدەم. شۆخان بەمە رازی نەبوو. چونکە خاوەنی منداڵێک بوو و دڵی نەدەهات کورەکەی جێ بێڵێ. بەڵام بەزۆر لە ماڵەوە دەریان کرد. مەجبور چۆوە ماڵی باوکی . تاکە کەس کە ئەو چەند ساڵە یارمەتیی داوە برای مێردەکەی بووە کە ئەویش لەم کاتەدا بەهۆی ڕووداوێکەوە کۆچی دوایی دەکا. شۆخان کەسی نەما کە پشتی پێ ببەستێ.



شۆخان رازی بوو کە تەڵاق وەربگرێ بەو مەرجە کورەکەی پێ بدەن، بەڵام ماڵی خەسوی رازی نەبوون. شۆخان بەو تەمەنەوە تەڵاقی وەرگرت، دوای چەند مانگێک کەس نازانێ چۆنو بە چ شێوەیەک کورەکەی نەخۆش کەوتو مرد. دوای ئەوەی کورە هەناسەی لەبەربڕا، بەشۆخانیان گوت. ئەو دوای بیستنی ئەم هەواڵە تووشی نەخۆشیی خەمۆکی هاتو ئێستا لەگەڵ هیچ کەس قسە ناکا. شۆخان لە تەمەنی ١٧ ساڵی بووە دایکێک کە کورەکەی لەدەست دابوو، ژنێک کە تەلاقی وەرگرتبوو. ئەمەش یەکێکە لەو چیرۆکانە کە رۆژانە ڕوودەدەن بێ ئەوەی کەس بزانێ. ئەمن ئێستا دەخوێنم، جگە لە خۆشی‌یەکانی ژیان بیر لە هیچ شتێک ناکەمەوە. شۆخانیش لە تەمەنی منداڵیدا. بەڵام تا دەمرێ دەبێ هەموو ژیانی بە بیرکردنەوە لە منداڵەکەی‌و منداڵیی خۆی بەسەربەرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامەی دڵداری

ئومێد عەلی

............

نامەکانی من لە زۆر شوێندا دەشاردرانەوە

لە ناو گیرفانو کیفی پارەو ژێر کڵاودا

لە ناو ستیانو لە بەینی مەمکەکاندا

تەنانەت هەندێکیان لە ناو پرچیاندا دەیانشاردەوە

من بەر لەوەی شاعیر بم نامەنووس بووم

سڵاو نازەنین

لە دڵەوە هیوا ئەخوازم باش بیت

ئەو دەمانەی منداڵ ئەبمەوەو لە گەڵ سێبەرەکەی خۆما وازی ئەکەم

ئەو ساتانەی بە دیار تریفەی تەنیاییمەوە دائەنیشمو

بە حونجە پیت بە پیت چەندین جار ناوی تۆ ئەڵێمەوە

کاتێک کە لە خۆمەوە چیرۆک دروست ئەکەمو

تۆ ئەکەمە پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانو خۆم ئەبمە سێبەرت

لەو ئانو ساتانەدا پاک پاک ئەبمەوە

هێندەی منداڵێکی پاک کە تازە لە دامەنی دایکی کەوتبێتە سەر زەوی

ئا لەوێدا نزای خۆشبەختیت بۆ ئەخوێنم

دەست بۆ ئاسمان بەرز ئەکەمەوەو دەمەوێت قەزاوەگێرت بم

بەدبەختی ئەوە نیە کە مرۆڤ عشقەکەی بدۆڕێنێت

بەدبەختی ئەوەیە مرۆڤ عشقەکەی ون بکاتو ئیتر نەیدۆزێتەوە

من تۆم دۆزیەوە

تۆ لێرەی لای چەپی جەستەم

کۆشکێکم بۆ چێ کردووی لە وشەو

چواردەوریم تەنیوە بە درەختی سەوزی ئەوین

ئێستا کە دەمەوێت بۆ ماوەیەکماڵئاواییت لێ بکەم

تووڕە مەبەو دەستی میهرەبانیت ڕامەوەشێنە

با بەر دیواری دڵم نەکەوێت

ئەترسم دیواری ڕەقی دڵم دەستی ناسکت ئازار بدات

........................

من پێش ئەوەی شاعیر بم نامەنووس بووم، بیرمە کوڕگەلی گەڕەکو هەندێ جاریش کچان بۆ نووسینی نامەیەک خەزێنەی پڕ لە نهێنیی دڵیان بۆ هەڵئەڕشتمو منیش پارچە شکاوەکانی دڵیانم کۆ دەکردەوەو بە چەند دێڕێک مەعدەنێکی ترم لە دروست ئەکرد کە پێیان دەوت نامەی دڵداری

نامەکانی من لە زۆر شوێندا دەشاردرانەوە

لە ناو گیرفانو کیفی پارە و ژێر کڵاودا

لە ناو ستیانو لە بەینی مەمکەکاندا

تەنانەت هەندێکیان لە ناو پرچیاندا دەیانشاردەوە

بەم جۆرە نامە بە سەدان ترسو لەرزەوە دەگەیشتە دەستی دڵدار

هەر بە یادی ئەو ڕۆژانەوەو لە داخی دونیای ساردوسڕی تەکنەلۆجیا

ئەم نامەیەم بڵاو کردەوە و خستمە بەر دیدەی پڕ لە نوورتان

**پەیجی ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سووراوی لێو

شنۆ محمەد

سووراوی لێوم لە سەر گونات بەجی دەهێڵم
تا بزانن عاشقێکت هەیە
نا، نا،
لە سەر سینگت بەجێی دەهێڵم
نا، نا،
چیمەنەکانی سینگت دای‌دەپۆشی
لە سەر شانەکانت بە جێی دەهێڵم
نا، نا،
کراسی شینت داي‌دەپۆشی
لە سەر لێوانت بە جێی دەهێڵم
کە هەزاران وشەی عاشقانەی لێی
هەڵئەقوڵی

## پێیان وابوو بۆ ژنیەتیم

گەر کراسی ژنیەتیم
بە نێو شاردا ڕەکێش بکەن
هەتک کراوم
دەسماڵ و پشتێندم
لێ بفرێنن
ڕووت دەبمەوە حەیام دەچێ
نەیان‌زانی حەیا بەرەم
ڕەشیان دەکەم
نەیان‌زانی دەسماڵ و پشتێندەکەم
بۆ خنکانی دۆژمنانە
کراسی بەرەم بۆ کوێریی چاوی نەیارە
نەیان‌زانی
نەیان‌زانی ئەمن ژنم
دایکم ژنە
نیشتیمان ژن
نەیان‌زانی سالانێکە
ئالام دزرا ، خاکم گیرا
بەڵام ئەمن هەر سەربەرزم

بە کوێریتان
باشووری ژن تیتۆلێکی سووردەنێری
باکووری ژن پشتێندی زەرد ڕادەفات
ڕۆژهەڵاتی ژن سوخمەسەوزی پێشکەش دەکات
ڕۆژئاوای ژن کۆڵوانەی سپی خەڵات دەکات
لێکیان بدروون
بۆ ئالایەک
لە سەر سینگی دایکی نیشتمان هەڵی‌دەین

**كامران شافعی**
**١٨,٠٤,٢٠١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چاوەڕێتم



کوێستان عومەرزادە

وەختە لەنێو

ئەم تەومژو ئەو کزە بایەدا،،،،

بخنکێم.

وەختە خەونی فڕین بەسەر پێدەشتی دڵتا،،،،

هەڵدەم.

لە دوا شەوی پێکەوە بوون‌دا

تیشکی مۆمێک خەیاڵم پڕدەکات لە لەنجەی

،،،

ڕووناکی.

بەسەر دەفری پڕلەتاسەی لاربووەدا،،،،،

خۆم کۆدەکەمەوە .

هەر لەوی، لەوێندەر

کراسی خۆزگەی کچێنیم

بەسەر شەوقی پڕ شەبەقی چاوەکانتا

جێ‌دێڵم

تا جار جار بیرم کەیتەوە.

تا لەپی دەستەکانیت پڕکەم لە سوێی ،

ئامێزێکی گەرم.

من دەڕۆم لەو دیو پەنجەرەکەوە ،،،

دەڕوانم

لە حەسرەتی ئاوردانەوەی تۆدا

مەست مەست دەبم .

دەڕۆم بە خەیاڵی دەرکەوتنی سێبەری دەستەکانت،

لەودیو پەنجەرەی دڵمەوە.

ملوانکەی چاوەڕوانی دەهۆنمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرپۆشە شڕەکەی دایکم



ژیلا حوسێنی

دەسبەرداری سەرم نابێ‌و

ئەڵێ: من هی داپیرەتم

ڕەنگە ئەویش لە داپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ

سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمانە

حەزئەکا ڕۆژان میوانداریی هەتاو بکات

شەوانیش مانگ‌و ئەستێرە.

چاویلکەیەکی قەترانییش لە دایکم بۆ ماوەتەوە

ئەڵێ: دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەی‌بینی

لەگەڵ هەر گرمەی هەورێکا، قارچکی سەد پرسیاری

دووپات‌و تازەش

لە چاوانما هەڵئەتۆقێت.»

# شنەی زەردە

ئەمین گەردیگلانی

تاکەی لە خەیاڵی دەمەکە و ماچی تەڕا بم؟

کۆڵان‌و شەقامێ نییە بۆ تۆ نەگەڕابم

بشکێنە ئیتر کەوشەنی شەرم‌و وەرە بۆلام

تا کەنگێ لەگەڵ یادو خەمی تۆ لە شەڕا بم

بێ چاوی گەشت لێڵە ژیانم، ڕەشە ئاسۆم

بێ تامی دەمت تاڵە مەزەم، ژارە شەڕابم

تۆخۆری، منی پیرەزەویی بەستوو هەتاکەی

بۆ دیتنی ئەو چاوە گەشانەت لە گەڕا بم

مردم بە خەمی قورسی بە ئیشقت نەگەیشتن

بێژی بە شنەی زەردەیە دیسانەوە ڕابم؟

بۆ من کە بەیانی تەمەنە زەردەیەکی تۆ

شەو دوورە لە من گەر لە دەمی زەردەپەڕا بم

تاوێ کە لە باوەش بگرم بەژنی گوڵ‌ئاسات

چش با بمرم نامەوێ قەت پیروغەڕا بم.

# کچی بەیان



سوارە ئیلخانیزادە



من ئەڵێم:

پەپولەیەک فڕی بە باڵی سەوزو سوورەوە

من ئەڵێم:

گوڵی بەدەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت

تۆ ئەڵێی:

چ بوو پەپوولەیەک فڕی

یانە سوورەگوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی

من ئەڵێم:

هەتا هەتایە دەوری جوانییە

ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگرو گڕی

مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک

پڕ لە خاڵو قۆپەنە

جەنگەڵی کە جیژوانی پۆلە پۆڕی بارییە

جێگە مولی کەمتیارو گورگو ڕێوییە

شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێنەشەو شنە

زەلکە گەر تەیاری تیرو قۆشەنە

خۆشەویستەکەم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.

باسی شەو مەکە نە شایەری شەوم

باسی خەو مەکە لە لای هومێدی فێرە سەرڕەوم

بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ

بۆنی دەشتی بەختیاریی باوەشی چیای، بە دەستی با

بە گوڵچناوی لێوە دێ

بۆنی سەر سەکۆی بە کاگلی، بەئاوپڕاوی لێوە دێ

پێم مەڵێ کە داکەوم

پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێخەوی چرە

پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون

مەگری بۆ خەساری بێگەڕانەوە

ڕێگەمان دوورو سەختو قاقرە

خۆشەویستەکەم!

ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین

فێر نەبووین بەزینو دابەزین

ڕانەهاتوە

چاوی قارەمانی کورد

بە شەونمی گرین

خۆشەویستەکەم!

لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«پەپوو الف» دە نووسێ:

جل و بەرگە جوانەکەی دایک و بابانم شانازیت پێدەکەم.

١-شانازی دەکەم بەدەسماڵە ناسکەکەی سەر سەروسەرشانم کە وەک هەوری سپی لەنێوئاسمانی شیندا بەسەر ۴ گۆشەییێکی زوڵمڵێکراوی ئەو دنیا پانوبەرینەدا ڕادەژێ !

٢- شانازی دەکەم بەپشتێندەکەم کەباسی درێژایی مێژووی گەلە چەوساوەکەم دەکا ؛ وەبیر خەنجەری بەر قەدی شێرەکوڕان دەکەومەوە کە پێم دەڵێن دوژمن زۆر نیزیکە.

٣- شانازی دەکەم بەکراسەکەم ؛کەزۆرتر وەک شەپۆلی دەریاکانو ئۆقیانووسەکان دەچێ ؛کە بێوچان خۆ بە هەموو شوێنێکدا دەدەن ؛ بەڵکوو ...جێگەییێکی گەورەتر پەیدا بکەنو ئۆقرە بگرن !

دەنگی کراسەکەم ؛ مووسیقاییێکی تایبەتیی تێدایە ؛ بۆ گەورەکردنی کۆرپە کوردەکەم .

بەڵام بەداخەوە ! تەختە تەختە کراوە !

٤- شانازی دەکەم بە کەواکەم ؛ کە چوار پهلم لێک نیزیک دەکاتەوە ؛ ناهێڵێ لێک هەڵبڕێن !

٥- شانازی دەکەم بەئاواڵ کراسەکەم ؛ کە شاراوەی کردووم تا دوژمنی چاوحیز نەتوانێ چاوم لێ بکا !



٦- شانازی دەکەم بەکڵاوەکەم ؛ کە وەبیر لووتکەی چیاکانی کوردستانم دەخاتەوە ؛ کە هەلۆکان هەموو کاتێ ؛ تێیدا بەرزەفڕن.

٧- شانازی دەکەم بە قەتارەی سەر ملم ؛ کە وەبیرچوارچرایەم دەخاتەوەو گوریسی سێدارەکەی !

ئینجا دەبێ بڵێم: دایکو بابی کوردی خۆشەویستم : سپاستان دەکەم بۆئەوجلوبەرگە بێ وێنەو بەنرخەی بۆتان بەجێ هێشتم.

سوێند دەخۆم ؛ بەدانەدانەی جلوبەرگە بێ وێنەکەم بەوپەڕی ئەمانەتدارییەوە، بۆ ڕۆڵەکانمی بەجێ هێڵم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چۆن گورچیلەکانت پاک دەکەیتەوە؟

به درێژایی تەمەن گورچیلەکانمان کاری پاڵاوتن‌و پاککردنەوەی خوێن‌و نەهێڵانی خوێیەکان‌و ژەهرەکان ئەنجام دەدەن.

بەڵام بە تێپەڕینی کات خوێیەکان‌و ماددە زیان بەخشەکان لەگورچیلەکانماندا کۆ دەبنەوە. لەبەر ئەوە پێویستی‌یان بە پاککردنەوەی بەردەوام هەیە. بەڵام چۆن ئەم کارە بکەین؟

دەسکێک کەرەوز ئامادە بکەو پاک بیشۆوەوپاشان وردی بکەو بیکەرە مەنجەڵێکەوەو ئاوی خواردنەوەی پاکی تێبکەو بۆ ماوەی ١٠ خولەک بی‌کوڵێنە، پاشان وازی لێبێنە هەتا سارد دەبێتەوە. دوایە بیخە یەخچاڵەوەو هەموو ڕۆژێ پێش نان‌خواردن کووپێکی لێ بخۆوە، هەست دەکەی هەرچی گیروگرفت هەیە لە نێو گوچیلەت‌دا نایهێڵێ‌و هەموو ڕۆژێ هەست بە پشوویەکی ئاسوودە دەکەی کە لەوەو پێش نەت‌دیوە.

کەرەوز یەکێک لەو گیایانەی بەوە ناسراون کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر پاککردنەوەی گورچیلە هەیە و بۆ پاککردنەوەی گورچیلەکان بە باشترین دەرمانی‌سروشتی دادەنرێ.



## خۆشەویستی لە شوێنی کارکردن دژی نەخۆشیی قەندە

توێژینەوەیەکی پزیشکی گەیشتووەتە ئەو باوەڕە کە بوونی هەستی هاوڕێیەتی‌و سۆزو خۆشەویستی لە شوێنی کارکردن، مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشیی قەند (شەکرە) کەم دەکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو توێژینەوە پزیشکی‌یە، کە ئاژانسی شەرقولئەوسەت–ی چاپی میسر ئەنجامەکەی بڵاوکردووەتەوە، ئەو کەسانەی کارێکی قورس‌و تاقەتپڕووکێن دەکەن‌و هاوڕێی سەرکارەکانیان گیانی خۆشەویستی‌و سۆزو هاوڕێیەتی‌یان لەنێودا نیە، ئەگەری تووشبوون بە جۆری دووەمی نەخۆشیی قەندیان زیاترە.



توێژینەوەکە ئاماژە بەوەش دەکا کە ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە کارەکەیاندا دەمێننەوەو پەیوەندیی دۆستایەتی‌و خۆشەویستی‌یان لەگەڵ دەوروبەریاندا هەیە، بە ڕێژەی ٢٢٪ کەمتر مەترسی‌یان لێدەکرێ تووشی جۆری دووەمی نەخۆشیی قەند ببن.

بەپێی توێژینەوەیەک دەرکەوتوە کە کاریگەریی بیستنی هەواڵی ناخۆش لەسەر ژنا ن زیاترە تا پیاوان. بەپێی هەواڵێکی پێگەی ئەلیکترۆنیی زانستیی (لایف ساینس)ی ئەمریکایی، دوو لێکۆڵەری زانکۆی ئەووڵاتە توێژینەوەیەکیان لەبواری کاریگەریی هەواڵ لەسەر مرۆڤ ئەنجام داوەو گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە بیستنی هەواڵی ناخۆش کاریگەریی لەسەر ژنان زیاترە تا لەسەر پیاوان‌و بۆ هەر لەوکاتەدا کاریگەریی هەواڵی خۆشیش لەسەرژنان زیاترە وەک لەسەر پیاوان.

ئەمەو ئەو دوو لێکۆڵەرە توێژینەوەکەیان لەسەر ٥٦ پیاوو ژن ئەنجامداوەو ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کاتێک ژن هەواڵێکی ناخۆش دەبیستێت هۆرمۆنێک بەناوی (کۆرتیزۆل) بەڕێژەی زیاتر دەردەکات و کاریگەری دەروونی خراپی لەسەربەجێ دەهێڵێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێگای ئاسان بۆ بەرگری کردن لە بەسەرچونی هەموو جۆرەکانی خۆراک

هەموو ساڵێ ( ٧٦) ملیۆن تەن ماددەی خۆراکی لە ئەمەریکا ماوەی بەکارهێنانی بەسەر دەچێ‌و (٥) هەزار کەس بەو هۆیەوە بە نەخۆشی‌یە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە خۆراکی ماوەبەسەر چوو گیان لەدەست دەدەن. بێگومان ئەو دیاردەیە لەنێو منداڵان‌و بەساڵداچووان‌و ئەو کەسانەی سیستەمی خۆراکیی لەشیان لاوازە، زۆرترە . پزیشکە ئەمریکایی‌یەکان بۆ بەرگریکردن لە بەسەرچوونی خۆراک هۆشیاری دەدەن‌و پێیان وایە کە ئەگەر خەڵک لە کاتی کڕینی خۆراکەکاندا چەند هەنگاوێکی سادە لەبەر چاو بگرن دەتوانن خۆراکی سالم و دورلەهەر جۆرە نەخۆشی‌یەک بەدەست بێنن . هەر ئەو پزیشکانە (٦) ڕێگای سادە بۆ ئەو کەسانەی خۆراکو جۆرەکانی‌یان بەلاوە گرنگە . پێشنیار دەکەن:

١- بە وریایی‌یەوە شتەکان بکڕن .

هیچ کاتێک بەپەلەو بە هەڵەشەیی خواردنەکانتان لە دوکان‌و سۆپەرمارکێتەکان مەکڕن . لەکاتی کڕینی ئەو شتانەدا دەبێ مرۆڤ لەوپەڕی سەبرو ئارامی‌دا بێ، بۆ ئەوەی بەوردی سەیری کاتی دەرچوون‌و بە سەرچوونی بکا . خاڵێکی گرنگی دیکە لەکاتی کڕینی خۆراکدا ئەوەیە کەهەمیشە لەسەرەتای هەفتەو سەرەتای ڕۆژدا خواردن بکڕن، چونکە ئەو دووکاتە باشترین کاتن بۆ ئەوەی بتوانی خۆراکێکی تازەو ماوەبەسەرنەچوو بکڕی . ئەگەر خواردنێک لەسەری نوسرابوو دوای (٦) مانگ بەسەر دەچێ‌و ( ١) مانگی مابوو بۆ بەسەر چوون نەیکڕن‌و سوود لەشتی تازە تر وەرگرن

٢- شۆردنەوەی هەموو جۆرە خۆراکەکانتان بیر نەچێ‌و بەبایەخەوە سەیری بکەن :

هەموو جۆرە خۆراکێک پێویستیی بەشۆردنەوە هەیە . وەک جۆرەکانی سەوزەو میوەو برنجو گۆشتو ماسی‌و هەتا خۆراکە لە قوتوونراوەکانیش . چونکە بۆی هەیە لەڕووکاری دەرەوەی قوتووەکان میکرۆبی زیانبەخش هەبێ. دەبێ میوەو سەوزە بەئاوی زۆرومەوادی پاککەرەوە بشۆرێتەوەو بەچەقۆیەکی پاکو دەستێکی پاک خۆراکەکان پاک بکرێن‌و ورد بکرێن . خۆراکە لە قوتوونراوەکانیش وەک پەنیرو ماستو شیرو ساردی‌و دۆشاوی تەماتەو هتد ... پێش ئەوەی بخرێنە نێو سارد کەرەوە دەبێ بەجوانی بشۆرێنەوە .

٣- لەکاتی کڕینی شتەکاندا گۆشتی کاڵ بەجیا لە خۆراکەکانی دیکە هەڵگرن :

هیچ کاتێک گۆشتی سوور ، مریشک ، ماسیی خاو لەگەڵ کیسی سەوزەو میوە لەبازاڕ تاماڵەوە پێکەوە هەڵمەگرن . هەتا لەکاتی ئامادەکردنیشدا چەقۆکانیان دەبێ جیاواز بێ . واتە ئەگەر گۆشتت پێ لەت کرد تا نەشۆرێ‌و خاوێن نەکرێتەوە شتێکی دیکەی پێ لەتمەکەن هەموو ئەو کارانە لەبەر ئەوەیە کە ئەو میکرۆبو بەکتریایەی لەنێو گۆشتەکەدا هەیە نەگوازرێتەوە بۆ جۆرەکانی دیکەی خۆراک. ئەگەر لەسەرەتاوە جیاکردنەوەی خۆراکەکان بەگرنگ سەیر نەکەن دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ خراپ بوون‌و زوو بەسەر چوون .

٤-کاتی پاکڕاگرتن‌و هەڵگرتنی خۆراکەکان بزانن :

ئەو بەکتریایەی لەنێو گۆشتدا هەیە تەنها بە پاککردنەوەی گۆشتەکەو کوڵاندنی‌و هەڵگرتنی لەنێو فرێزەردا لەنێو دەچێ‌و نامێنێ . لەبەرامبەر ئەمەداو بۆ سەلامەتی پرۆتیناتی خواردنەکان ڕەچاوی دەرەجەی ساردکردنەوەو گەرم کردنەوەی بکەن کە لەسەر خواردنەکە نووسراوە . دەبێ ئەوەش بزانین کە کەباب یان سوورکردنەوەی گۆشت بەتایبەت گۆشتی ماسی هەندێ بەکتریا لەنێو نابەن هەتا نەکوڵێندرێن.

٥- لە ڕشتنی پاش ماوەی خواردنەکانتان دڵگران مەبن :

هەندێ‌خەڵک لەکاتی خواردندا ئەو خواردنەی دەمێنێتەوە لەنێو قاپێکی پاکو سەرداپۆشراودا هەڵدەگرن بۆ کاتێکی دیکە . تائێرە باشەو ئاسایی‌یە . تایبەتمەندانی بواری خۆراک دەڵێن خۆراکە ئامادەکراوەکان لە دوای دووکاتژمێر لەهەوای دەرەوەدا ماوەیان بەسەر دەچێ، ئەگەر سەر داپۆشراویش بن . لەبەر ئەوە هەمیشە خواردنەکانتان لەنێو سارد کەرەوەدا هەڵگرن . تایبەتمەندانی ئەو بوارە تەئکید لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کە هەڵگرتنی خواردنە خاوەکان بەتایبەت گۆشت بۆ زیاتر لە (٤) ڕۆژ، ماوەیان بەسەر دەباو خواردنیان دەبێتە هۆی دەرماندراوبوون (تسمم) و ئازاری گەدە . ئەو خواردنەی تەنیا یەک ڕۆژی ماوە بۆ بەسەرچوون بەکاری مەهێنن‌و هەروەها میوەیەک کە بڵ وشل بووبێ بۆ خواردن ناشێ.

٦- لە ڕێستۆران‌و چێشتخانەکاندا بە وریایی خواردنەکانتان هەڵبژێرن :

کاتێک دەچنە چێشتخانەکان یان ڕێستۆرانەکان ئاگاداری ئەو خواردنە بن کە دیاریی دەکەن بۆ خواردن . چونکە ئێوە لەبەرامبەر خواردنی ئەو خۆراکانەدا پارەیەکی باش دەدەن . لەبەر ئەوە هیچ شتێک نەبێتە ڕێگر کاتێک دەزانی کە ئەو خواردنەی بۆیان هێناوی ماوەی بەسەر چووە یان ڕەنگی زەڵاتەکە گۆڕاوە یان خواردنەکە بۆنی ناخۆشی هەیە . دەبێ لەخزمەتکاری نێو خواردنگەکە داوا بکەی بۆتی بگۆڕێ . ئەگەر پاش تەواوبوون لە خواردنەکەت هەندێ خواردنت ماوەو دەتەوێ بیبەیتەوە، دەبێ لەنێو دەفرێکی پاکو سەرداپۆشراودا هەڵی بگری . بەهیوای تەندروستی‌یەکی باش بۆ هەموو لایەک.

سەرچاوە / ئینتەرنێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەپێ ڕۆیشتن.. باشترین وەرزش

بەپێ ڕۆیشتن یەکێکە لە وەرزشە هەرە گرینگەکان بۆ مرۆڤ، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لە قۆناغی سەرەتایی وەرزشکردنیدان.

بۆ ئەنجامدانی وەرزشی بەپێڕۆیشتن پێویستە سەرەتا جلێکی فراوانو لەلۆکەدروستکراو بپۆشین، ڕۆژانە لەسەرەتادا پێویستمان بە (١٠_ ١٥) دەقیقە هەیە بۆ ئەوەی بەپێ بڕۆین، پاشان دەتوانین تا ٤٥دەقیقە زیادی بکەین.. پێویست دەکات لە تێکڕای هەفتەیەکدا (٣_٥) جار ئەم وەرزشە ئەنجام بدەین.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم وەرزشە پێویست ناکات زۆر بەخێرایی بڕۆین، چونکە دەبێتە هۆی خێرا لێدانی دڵ..

بەپێ ڕۆیشتن وەرزشێکی ئاسانەو دەبێتە هۆی چاکبوونەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی، بەتایبەتی بۆئەوانەی لە قەراغ دەریایەک یان باخێک ئەنجامی دەدەن..

لەو چارەسەرانە::

-چارەسەری نەخۆشی دڵ دەکات.

_ دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی کۆلسترۆلی زیادە لە لەشدا.

-چارەسەری بەرزبوونەوەی (التوسر الشریان) [ئەمە چیە؟ عەرەبیەکەی غەڵەتەو ناشزانم چیی لێبکەم] دەکا.

_ ڕێگری لە زیادبونی کێش دەکا.

_ دەبێتە هۆی نەمانی ئازاری دەمارو جومگەکان.

_ دەبێتە هۆی چالاک کردنی کۆئەندامی هەرس.

_ کرداری هەناسەدان ئاسان دەکات.

ئەم وەرزشە نابێ لەشوێنێک ئەنجام بدرێ کە ڕووناکیی تێدا نیە.

_ نابێ بەتەنها ئەنجام بدرێ، بەتایبەت بۆ ئەوانەی نەخۆشیی قەندو دڵیان هەیە.

_ خواردنی ژەمێکی سووک.

_ نابێت ئەم وەرزشە لە نیوەڕۆیان ئەنجام بدرێت لە هاویندا، یان کاتی خۆڵبارین.

ڕێنماییو ئامۆژگارییەکان:

_ لەبەرکردنی پێڵاوی بن نزم.

_ خۆگەرم کردن لە سەرەتا.

_ خاوکردنەوەی لەش لەپاش وەرزش.

_زانینی ئەو ماوەیەی کە وەرزشەکەی تێدا ئەنجام دەدەین.

_ دەبێ لەژێر چاودێریی پزیشکدا ئەنجامی بدەین.

_ بەکار نەهێنانی هیتفۆن لە کاتی وەرزشکردن.

_ لەکاتی ڕۆیشتندا پێویستە سەرت بەرز ڕابگری لە ئاستی سنگدا.

سوودەکانی ئەم وەرزشە:

_ زیادبونی چالاکیو ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی ئاسان.

_ هەستکردن بە ئاسوودەییو دڵخۆشی.

_ کەمبوونەوەی شڵەژانی دەروونیو دڵەڕاوکێ.

_ کەم بوونەوەی تووڕەبونو زووهەڵچون.

_ نوستن بە ئارامیو خەوێکی قووڵ.

_ بەهێزبونی ماسوولکەکانی لەش.

_دابەزینی چەوریی لەش.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاگاداری بەكارهێنانی سووراو بن

توێژینەوەیەكی نوێ لە زانكۆی (بێركێلی) كالیفۆرنیا دەریدەخا كە زۆر لە سووراوە باوەكانو بریسكەكان بە چینێك لە كانزای ژەهراوی ڕووپۆش كراون. بەكارهێنانی هەندێك لەو كەرەستە جوانكارییانە لەلایەن ژنانەوە پێدەچێ ڕووبەڕووی بەركەوتنی ڕێژەیەكی ترسناك لە ماددەی كانزایی (كرۆمیۆم)یان بكاتەوە- كە ماددەیەكی كیمایییەو لە توانایدا هەیە ببێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەكانو هەروەها پەیوەندیی بە شێرپەنجەی گەدەوە هەیە.

هەروەها توێژەران هۆشیاری دەدەنە ئەو كەسانەی ڕێژەیەكی زۆر لە هەندێك جۆری ئەو ڕەنگو بریسكانە بەكار دەهێنن كە پێدەچێ بكەونە بەر مەترسیی ڕێژەیەكی زیانبەخش لە ماددەی كانزایی ئەلەمینیۆمو مەنگەنیز. ئەمەش لەكاتێكدا دێ كە هەندێك توێژینەوە بەركەوتنی كانزای ئەلەمینیۆم دەبەستنەوە بە تووشبوون بە نەخۆشیی لەبیرچوونەوە (ئەلزایمەر)وەو هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە كانزای مەنگەنیز ببێتەهۆی تێكچوونی باری دەروونیو دروستبوونی كێشە لە بەشی یادگە (میمۆری) لە مێشكداو هەروەها لەدەستدانی هاوسەنگی جەستە. توێژینەوەكە لەسەر نزیكەی ٣٢ بەرهەمی جوانكاری ئەنجام درا كە لە وڵاتی ئەمریكا كڕدرابوونو لەو كەرەستە جوانكارییە باوانە بوون كە كچە گەنجەكان بەكاریان دەهێنن.

هەرچەندە ناوی (ماركە)ی ئەو كاڵایانە ئاشكرا نەكراوە بەڵام بەپێی توێژینەوەكە لە (ماركە زۆر باوەكانن)و بەشێوەیەكی بەرفراوان لە كۆگای كەرەسەی جوانكاریو دەرمانخانەكاندا هەن ، هەروەها هەرزانترین نرخی ئەو كەرەستانە نزیكەی (٣ دۆلارونیو)ەو گرانترینیان نرخەكەی نزیكەی ١٥ دۆلارە.

بەڕێوبەری توێژینەوەكە لە زانكۆی (بێركێلی) ڕادەگەیەنێكە ئەوان نایانەوێ ئەنجامی توێژینەوەكە وەك ترسێنەرێكی گەورە لەسەر ئافرەتان و كچان بێ ، بەڵام ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاگاداركردنەوەی بەكارهێنەرانی ئەم كەرەستە جوانكارییانەیەو هەروەها بەخەرهێنانەوەیەكە بۆ بەرپرسانی بواری تەندروستی.

سەرچاوە: خەندان





# خواردنەوەی سێ لیوان چا لە ڕۆژدا سوودی زۆری هەیە

خواردنەوەی چای سەوزو ڕەش بە شێوەی ڕۆژانە بۆ خۆپاراستن لە چەندین نەخۆشی وەك نەخۆشیی دڵو خوێنبەرەكان یارمەتیدەرە كە دەگەڕێتەوە بۆ پێكهاتەی چا لە فلافۆنۆیدات.

ئەم ڕاستییانە لە ڕاپۆرتێكدا ئاشكرا كران كە لە ماوەی رابردوودا لە كۆنگرەی تایبەت بە تەندروستیی دڵ لە پاریس ئەنجام درا. جۆزیف فۆرییە، مامۆستای وانەبێژ لە زانكۆی كیمیای ژیان لە باشووری فەڕانسە، گوتی: بۆ وەرگرتنی كاریگەریەكان، پێویستە مرۆڤ ڕۆژانە ٣ كووپ چا بخواتەوە. بەپێی ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە، چەندین توێژینەوە كە لە ماوەی رابردوودا كراون، دەڵێن: چا مرۆڤ لە نەخۆشییەكانی قەند (شەكرە)و قەڵەوی دەپارێزێو كاریگەریی لەسەر كەمكردنەوەی مەترسییەكانی نەخۆشیی دڵو خوێنبەرەكان هەیە. هەروەها هەندێك توێژینەوە دووپاتی دەكەنەوە كە چا جەڵتەی مێشك بە ڕادەی ١٣ تا ٢٣ لەسەد كەمدەكاتەوە.





كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سوودەكانی كەنگر بزانە



كەنگر یەكێكە لە ڕووەكە دڕكاوییەكان سەر بە بنەماڵەی ئەستێرەیەكانە ، بە زۆری لە ناوچە شاخاوییەكان دەڕوێ و بە خۆڕسكو بە تۆویش زیاد دەبێ و بەرزیی ئەم ڕووەكە ٢٠-٤٠ سم دەبێ، گەڵاكانی تیژو پەلهاوێژو دڕكاوی و دانـدانن. ڕەنگی گەڵاكان سەوزی تۆخی بریقەدارەو گوڵەكەی لە شێوەی فڵچەدایەو بە ڕەنگی مۆرو زەرد دەردەكەوێ ، بە جیاوازی شوێنەكان و ساڵەكان لە دوامانگی زستانەوە دەست پێدەكا، واتە ئەم ڕووەكە لە بەهاراندا هەیە، ئەو بەشەی كە بۆ خۆراك بەكاردێ قەدەكەیەتی، ئەم ڕووەكە لە زۆر وڵاتدا هەیە وەك عێراق و سوریاو ئێران و توركیا. لە كوردستاندا لە كاتی پێگەشتنیدا زۆر جۆر خۆراكی بەتامی لێ دروست دە كرێ وەك كەنگرماسی، كەنگروماست.





سودە تەندروستیەكانی كەنگر بریتین لە:

– بۆ كرداری هەرسكردن لە گەدەدا بەسوودەو ئارەزووی خواردن زیاد دەكا .

–ڕێگرە بەرامبەر تووشبوون بە جۆرەكانی شێرپەنجە وەك شێرپەنجەی مەمكو ئەندامەكانی هەرسو سییەكان .

– جگەرچالاك دەكاو وەك دەرمان لە چارەسەری زەردوویی و كەم خوێنیدا بەكاردەهێنرێ .

– سودێكی زۆری بۆ ئەو كەسانە هەیە كە تووشی نەخۆشیی قەند بوون، چونكە دەبێتە هۆی باڵانسكردنی هۆرمۆنی ئەنسۆلین .

–وەك چارەسەر بۆ كەمكردنەوەی تا بەكاردێ .

– دەبێتە هۆی چالاككردنی سیستەمی میزكردن .

–دەوڵەمەندە بە خوێ و ڤیتامین E، B، A و كانزاكان وەك مۆتاسیۆم و ئاسن .

– بەسودە بۆ ژنی دووگیان، بەڵام ئەو كەسانەی كە هەستیارن بەرامبەر ئەم ڕووەكە یان ئەو كەسانەی كێشەی گورچیلەو جگەریان هەیە پێویستە لە بەكارهێنانی ئەم ڕووەكە دووربكەونەوە.

–دەبێتە هۆی گەشەكردن و چالاككردنی خانەكانی مێشك بەتایبەت خانەكانی بیرەوەری (memory cells) .

– تۆوەكەی بۆ وەستاندنی خوێنبەربوون بەكاردەهینرێ ،هەروەها وەك چارەسەرێك بۆ نەخۆشیی مایەسیری بەكاردەهێنرێ .

–لەبەر ئەوەی مادە چەورییەكەنی تێدا نیە بۆ دابەزینی كێشی لەشیش بەكاردەهێنرێ .

–كوڵاندنی تۆوەكەی و خواردنەوەی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باسێک لەسەر تووڕە بوون

لەنیا جەمال خوێندکاری کۆلێژی دەروونناسی / ئەمەریکا

مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی خاوەنی دیاردەیەکی فیسیۆلۆژیو جەستەیین کە بریتیە لە هەڵچوونو پاڵەپەستۆی دەروونیو ئاڵۆزبوونی هەستەکان ،کە ئەویش تووڕەبوونە .کە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ئارامیو ئاسایی مرۆڤ بۆ گرژبوونوگۆرانی تەواو لە جەستەو دەنگو قسەو کرداری تاک .

دروستبوونی هەستی تووڕەیی بە هۆکاری جیاواز جیاوازە ، زۆر جار هەلسوکەوتو گفتوگۆیەک یان کارو کردەوەو ئاکارو رەفتارێک ، یان هەڵەوکەموکورتی‌نواندن لە ئەرکێکدا ، ئازاردانی کەسێک کە دواتر رووبەرووی ئازارێکی ویژدانیمان دەکاتەوەو...دەبێتە بێزاریو تووڕەبوونمان لە خودی خۆمان .

بەلاّم هەندی جار بەهۆی بینینی نەشازێک لەکەسی بەرامبەردا لە کردارێک یان گوفتارێکیدا رێژەی تووڕەبوونی ئێمە دەگاتە لوتکەو رەنگە دڵگرانی‌وناخۆشی‌وزویربوونیشی لێ بکەوێتەوە .

لە هەندی باری دیکەدا تووڕە بوونی ئێمە بەرامبەر بەشێوازی ژیان کردنمانە ، لەرێگەی ئەو نەهامەتیو دەستهێنانە رێگەی کە لەژیان دا بەهۆی یاساو رێساو پرەنسیپەکانی کۆمەلگاو دەسەلاّتو قانوونە دەستکردەکانی ژیانو نەبوونی دادپەروەریو یەکسانی لەمافو ئەرکو هاوئاستی لە پلەو پێگەی کۆمەلایەتی‌دا هۆکارە بۆ تووڕەبوونمان ، یان شکستهێنان و ئەو کۆسپانەی دێنە بەردەم رێگای سەرکەوتنمان لە پرۆسەیەکی وەک خوێندن ،کارکردن ، بەدیهاتنی ئامانجەکاندا

ئایا تووڕەیی سەرچاوەی کێشەکانە ؟ یان کێشەکان سەرچاوەی تووڕەیین ؟

دەگونجێ هەردوو بارەکە دروست بن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ زۆر جار بەهۆی کێشەیەکەوە تووڕە دەبێ، (کێشەی هاورێیەتی ، خێزانی ، کۆمەلاّیەتی ، دەروونی ، سیاسی ، ئابووری )

بەلاّم ،

پێچەوانەکەشی تاڕادەیەک راستە ، لەبەرئەوەی زۆرجار تووڕەبوونێک کە پێویست نیەو لە کاتوشوێنی گونجاودا نیە ،دەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ دروستبوونی کێشەو ناکۆکی‌وپشێوی‌نانەوە .

مرۆڤ بە پێی جۆری تووڕەبوون دەکرێن بەچەند بەشێکەوە:

*هەندێک زوو تووڕە دەبنو زوو ئاشت دەبنەوە .

*هەندێک زوو تووڕەدەبن، بەلاّم درەنگ ئاشت دەبنەوە .

*هەندێک درەنگ تووڕە دەبن بەلاّم درەنگیش ئاشت دەبنەوە .

* هەندێک درەنگ تووڕە دەبن بلاّم زوو ئاشت دەبنەوە .

باشترین جۆریان ئەوانەن کە (درەنگ تووڕە دەبن بەلاّم زوو ئاشت دەبنەوە ) چونکە ئەم جۆرە کەسایەتی‌یە دانبەخۆداگرتنی هەیەو دڵگەورەیەو شتێک زۆر ئازاری نەداو دڵی نەرەنجێنێ تووڕە نابێ . لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەگەر تووڕە بوو ،زوو ئاشت دەبێتەوە .

خراپترین جۆریان ئەوانەن کە ( زوو تووڕە دەبن ،بەلاّم درەنگ ئاشت دەبنەوە ) چونکە ئەم جۆرە کەسە بەرامبەری زۆر ماندوو دەبێ ، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر وشیارانە مامەلەو گفتوگۆی لەگەل بکرێ ، تاکوو زوو تووڕەنەبێو ، وە ئەگەر خوا نەخواستە تووڕەش بوو ، زۆر درەنگ و بەگران دەتوانی ئاشتی بکەیتەوە .

تایبەتمەندی‌یەکانی کەسی تووڕە لەرووی دەنگو زمانی جەستەوە:

دەنگ/

(دکتۆر مارتا دیوس ) لێکۆڵەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانفرانسیسکۆ دەڵێ :

دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی تووڕەبوندا دەلالەت لەوە دەکا کەئەوکەسە هەست بەئاسایشی تەکەکەسی ناکات .ئەوان پێیان وایە ئەگەر دەنگیان زۆر بەرز بکەنەوە ،دەنگیان بەرنە سەروو ئاستی ئاسای خۆیان ، ئەوا خەڵکی زیاتر بەهەندیان دەگرێو بەهێزتر دەبنوخەلک لێیان دەترسێ ، هەروەها پێی وایە ، کە کەسی تووڕە کاتێک دەنگی بەرز دەکاتەوە دەیەوێ لەو رێگایەوە دوژمنایەتیی ناخی سەبارەت بەکەسی بەرامبەر لە رێگای ئاوازی دەنگی بەرزو بلّندو شەڕخوازانەوە دەربرێو، ببێتە ناوەندی هەموو سەرنجی کەسەکانی دەوروبەری .

زمانی جەستە /

(دکتۆر لیلیان گلاس ) لە میامی لە ویلایەتی فلۆریدا ، دەربارەی زمانی جەستەی کەسی تووڕە دەڵێ:

کەسی تووڕە خاوەنی دەستێکی ئۆقرە نەگرتووە ، تەپڵژەنین بە پەنجە یاخود





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جولاندنیان لەسەر مێزێک بەگشتی نیشانەی بێ سەبری و توورەبوونە ، هەروەها یاریکردن بەهەندێ کەرەستەی وەک (ملوانکە، بازنە ،یاریکردن بە قژ ) نیشانەی نەبوونی ئاسایش و دلە راوکێ و نیگەرانین . ئەم حاڵەتانە پێمان دەڵێن : ئەو کەسە دڵنیا نیە بۆ ئەوەی ئارام بێ پێویستە دەستی بەر شتێک بکەوێ .

لەکاتی ڕۆیشتنی کەسی توورەو نیگەران هەنگاوی نیگەران و وشک و بەرز دەنێ ،کە دەربڕی کەسایەتیی ئەوە . ئەوکەسە وردوخێرا هەنگاو دەنێ هەروەها جوولەکانی وشکن .

چارەسەری گونجاو بۆکاتی توورەیی:

یەکەم / دان بەخۆدا گرتن لەدەربرینی توورەییدا، زۆر گرنگە لەهەڵسوکەوتو ئاستی بەرزو نزمی دەنگ ئاگادار بین . دەنگی بەرزو چاوسوورکردنەوەو هاوارکردنو پشێوی نانەوە ، باری توورەبونو هەڵچوونی خۆتو کەسی بەرامبەر بەرزترو ئاڵۆزتر دەکا .

دووەم / کاتێک توورە دەبین تەنها بۆ ئەو ساتە توورە بین ، نەک هەموو ڕابردوی کەسی بەرامبەرو هەموو هەڵەکانی ژیانی ئەو دووبارە بڵێینەوە ، بەیەک جار کەسایەتیی ئەو وردوخاش بکەین ، لەپێناو دامرکاندنەوەی خۆمان و ئاسوودەکردنی ناخماندا .

سێهەم / ئەگەر ڕووی دا لە کەسێکی دیاریکراو لەسەر مەسەلەیەک توورە بووی ، مەڵێ : ئەمن لە فلانە کەس توورەم ، چونکە ئەتۆ لە ڕەفتارێکی ئەوکەسە توورە بووی ، دەستنیشانی بکە بە دیاری کراوی لەکام هەلوێستو کرداری ئەو توورەی ؟ چونکە ئەقڵ مامەڵە لەگەڵ هزرە دیاریکراوەکاندا دەکا .

چوارەم / ڕێگە مەدە توورەبوونت بۆ داهاتوو کاریگەری لەسەر کاڵ بوونەوەی کەسایەتیی ئەو دروست بکا لە ناخت دا ، واتە ئەو ساتە وەختە توورە بونە نەبێتە هۆکاری دوورگرتن  لەو کەسە لەداهاتوودا.

پێنجەم / کاتێک توورە دەبین بەشی ئاشتبوونەوەو لێبوردنو دووبارە قسەکردنەوەی تێدا بهێڵینەوە ، نەک بە قسەو کردار کارێک بکەین کە لە ئاشتبوونەوەماندا هەست بە شەرمەزاری بکەین .

شەشەم / کاتێک کەسێک یان شوێنێک دەبێتە هۆکاری توورە بوونت هەوڵ بدە بۆ ماوەیەکی کاتی بەجێی بهێڵی تاکوو کاردانەوەی سلبیی‌نەبێ و ئارام ببیتەوە ، کە ئەمە دەبیتە هۆی بەخشینی دەرفەتێک بە کەسی بەرامبەر تا بە هەڵەی خۆیدا بچێتەوە .

حەوتەم / نوێژکردنو قورئان خوێندنو زیکرەکان ئارامی بە دڵوناخت دەبەخشن ، لەکاتی تورەبون دا هەوڵ بدە پەنایان بۆ بەری ، تاکو لێبوردەو دڵئارام بی .

هەشتەم / ئەو شتانەی دەبنە هۆکاری توورەبوونت و بێزارت دەکەن ،هەوڵ بدە دەریان ببڕی ، بۆ ئەوەی لەناختدا پەنگ نەخۆنەوەو تووشی خەمۆکیو ئازارو بێزاریت نەکەن ، دەربرینیان لە ڕێگای باسکردنی هۆکاری توورەییت بۆ کەسێکی متمانەپێکراوو نزیکت ، تاکوو بتوانێ ئارامت بکاتەوە ، بەڵام ئەو کەسە ئەو توانایەی هەبێ کە قەبارەی ئەو بێزاری‌و توورەیییەی تۆ بچووک بکاتەوە ، نەک هانت بداو توورە بوونەکانت زیاتر بکاو هۆکارێک بێ بۆ دەمارگرژبوونی زیاترت .

# زیانی دانانی مۆبایل لەژێر باڵنجدا

زۆربەی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی نابێ کاتێک دەخەوی مۆبایلەکەت لە نزیک پشتییەکەت دابنێی. شارەزایان دەڵێن دانانی مۆبایل لەژێر باڵنجەکەتو لەکاتی خەوتنتدا، ڕووبەڕووی ئەو تیشکو شەپۆلە خراپانەت دەکا کە لە مۆبایلەکەوە دەردەچن، کەسەرەنجام کاریگەرییەکی خراپی لەسەر مێشک دەبێ، و تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەت دەکا، بەتایبەت شێرپەنجەی مێشک. لەوبارەیەوە زانایان چەند ڕێنماییەکیان خستۆتە ڕوو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو شەپۆلانەی لە مۆبایلەوە دەردەچنو زیان بەتەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنن. لەوانە پێویستە:

–لەکاتی خەوتنتدا مۆبایلەکەت چەند میترێک دوور لەخۆت دابنێی.

–هەوڵ بدە زیاتر لەڕێی مەسیجەوە پەیامەکانت بگەیەنیو کەمتر بەمۆبایل قسە بکەیت.

بەکارهێنانی هێدفۆن.

ئەگەر شەوانە مۆبایلەکەت لەجیاتی سەعات یاخود بۆ ئاگادارکردنەوە بەکاردەهێنی، دەکرێ بۆ خۆپاراستن لە شەپۆلە زیانبەخشەکان، مۆبایلەکەت بخەیتە سەر حاڵەتی بێ ئانتێن (تا شەبەکەی لێ ببڕێ‌و تەنیا وەک ئامێرێکی ئاگادارکردنەوە کاربکا.







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی «کەمپەینی ژن کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتی» لە پارکی ئازادیی سلێمانی










یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی «کەمپەینی ژن کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتی» بەشدار بوو کە لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنج شەمە ٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی «کەمپەینی ژن کەرەسەیەک نیە بۆ سووکایەتی» بە بەشداریی نوێنەرانو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، چالاکانی ژنانو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتووی باشووری کوردستان کۆبوونەوەیەکیان لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی پێک هێنا. ئامانجی ئەوکۆبوونەوەیە ناڕەزایەتیدەربڕین بە حوکمی دەزگای قەزایی شاری مەریوان بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ ی هەتاویدا لەو شارە هێزە ئەمنییەتیو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سزادانی پیاوێکی بە وتەی خۆیان تاوانبار جلی کوردیی ژنانیان لە بەر کردبوو و بە شوێنە گشتییەکانی شاردا گێڕابوویان.

لەو کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەدا هەلالە محەممەد، فەریبا محەممەدیو کوێستان فتووحی لە چالاکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندییەدا چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد. دواتر پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان لە لایەن نوێنەرانیانەوە پێشکەش کران کە لە نێویاندا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا کە دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی گۆڤاردا چاپ کراوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا چەند شاعیرێک بەم بۆنەیەوە شێعریان پێشکەش کردو ئەم کردەوەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە مەریوان مەحکوومو ڕیسوا کرد.

پێویستە بگوترێ بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، بە نیشانەی هاودەردی لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ژنانی شاری مەریوان بە لەملکردنی شاڵێکی سوور، حوکمی دادستانی مەریوانیان لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو سووکایەتییە بە جلوبەرگی ژنان‌دا، مەحکووم کرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمیناری شانۆی هەڵبژاردن و نەبوونی دەرەتانی ئازادیيە مەدەنی‌یەکان لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێراندا سمینارێکی بۆ خاتوو ئاتووسا مورادی، لێکۆڵەرو کارناسی ئابووری پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ٩ ی جۆزەردانو بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، خاتوو ئاتووسا مورادی بە پوختی باسێکی لە سەر شانۆی هەڵبژاردن لە ئێرانو نەبوونی دەرەتانی ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان لەو وڵاتەدا پێشکیش کرد.

لەو سمینارەدا کۆڕگێر ئاورێکی لە مێژووی پاوانی دەسەڵات لەلایەن بازنەی ئێستای حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا دایەوەو رای‌گەیاند کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا هەڵبژاردنەکان نەک بۆ نواندنی ئیرادەی خەڵک بۆ گۆڕین، بەڵکوو لە پێناو بەخشینی ڕەوایی سیاسی بە دەسەڵات بەڕێوە چوونو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو غەدرێک لە دەنگی خەڵکو مافەکانیان کراوە.

کۆسپە قانوونی‌یەکان لەبەردەم ژنان بۆ خۆپاڵاوتنیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، نێوەرۆکی دژەژنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیو سەرکوتی بەردەوامو توندوتیژی دژی ژنان وەک هۆکارێک بۆ ناچالاکبوونی ژنان لە بارودۆخی ئێستای وڵاتدا چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو باسە بوون کە کۆڕگێڕ بە وردی هاتە سەریان.

شایانی باسە لە دوایین بەشی سمینارەکەدا بەشداران بە سەرنجو



تێبینیو پرسیارەکانیان لە باسەکەدا بەشدار بوون کە دواتر پرسیارەکانیان لەلایەن کۆڕگێڕەوە وەڵام درانەوە.

# کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڤێستڕۆس

رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٥/١٨ کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ، بە بەشداریی بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەو یەکیەتی‌یەو هەر وەها ئەندامانی ناوەندی سوئێدی کوردی لە شاری ڤێستڕۆس پێک هات.

سەرەتا خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ڕاگەیەندرا.

پاشان خاتوو شوعلە قادری دوای بەخێرهێنانی بەشداران، مەبەستی کۆبوونەوەکەی شی کردەوەو باسێکی لەسەر چۆنیەتیی کاری ڕێکخراوی ژنانو شێوەی هاوکاریی نێوان یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو ناوەندی سوئێدی کوردیو هەروەها مافو ئەرکی ئەندامان پێشکەش کرد. لەنێو باسەکەی‌دا ئاماژەی بە هەنگاوهەڵێنانەوە لە بواری بردنەسەری زانیاریو پێویستیی خۆ پێگەیاندنی ژنان تا ڕادەی بەشداربوون لە بڕیاری سیاسی‌دا کرد. لە دوایین بەشی قسەکانی‌دا خاتوو شوعلە باسی کۆنفرانسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێدی کرد کە بڕیارە لە مانگی جوندا پێک بێتو داوای کرد کە ئەندامان زۆر چالاکانە بەشداری بکەن.

برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ دەربڕینی راوبۆچوونی بەشداران کە هەموویان بە نۆرەی خۆیان نەزەراتو تێبینی‌یەکانیان لە هەموو بوارەکاندا لە مەڕ بەڕێوەبردنی کارو چالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنان دەربڕی.

لە دوایین بەشی کۆبوونەوەکە دا نۆرە گەیشتە هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێڕیی تازە کە بە خۆشی‌یەوە پێشوازیی لێکراو هاوڕێیان کۆمیتەیەکی ٤ کەسی (٣ کەسی ئەسڵیو یەک نەفەر وەک هاوکار) بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکیەتیی ژنان لە شاری ڤێستڕۆس هەڵبژێردرا.

لە کۆتاییدا پڕ بە دڵ سپاسی هەموو بەشداربووان دەکەین کە زۆر چالاکانە بەشداری‌یان کردو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆمیتەی کارگێڕیی تازەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڤێستڕۆس دەخوازین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سیمیناری لێکدانەوەی ڕووداوی مەریوان و چالاکی‌یەکانی دوای ئەو ڕووداوە لە سوئێد



سێ ڕێکخراوی ژنانی کورد لە تاراوگە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی مافی ژنی کوردو ژنانی کورد لە ئۆپسالا، ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، سیمینارێکیان بە مەبەستی شی‌کردنەوەو لێکدانەوەی ڕووداوەکەی مەریوان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا شەهلا دەبباغی وەک مۆدێراتۆری پانیلەکان بە کورتی لە سەر سەرهەڵدانی ڕووداوەکەو هەروەها ئەو چالاکی‌و دژکردەوانەی دوابەدوای ڕووداوەکە بە ئەنجام گەیشتوون دوا. دەبباغی پێی وابوو کە ئەو ڕووداوە دەبێ لە لایەن چالاکانی یەکسانی‌خوازو ڕووناکبیرانی تاراوگەنشینەوە خوێندنەوەی جۆراجۆری بۆ بکرێ، هەر بۆیە بە مەترەح‌کردنی چەند پرسیار وەک: ئایا ئەو ڕووداوە توانی شکافێک لە سیستمی نایەکسانی لە ئێران دروست بکا ؟ ئایا توانی ببێتە خاڵێکی وەرسووڕان لە خەباتی یەکسانی‌خوازی‌دا؟ ئایا ئەو حەرەکەتە کاتی بوو یان درێژەی دەبێ؟ بۆ بەردەوامی وەها حەرەکەتێک چ‌دەکرێ یان دەبێ بکرێ؟

لەو سمینارەدا ناهید موکری، چالاکی بواری مافەکانی ژنان باسەکەی خۆی بە چۆنیەتیی پێناسەکردنی جنسیەت لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا دەست پێ‌کرد، کە چۆن هێمای نێرینەبوون ڕەمزی دەسەڵاتەو ڕێزو حورمەتی بۆ دیاری دەکرێ‌و بەشی مێیینەش بە پێچەوانەوە.

موکری لە باسەکەی‌دا ئیشارەی بە مێژووی دووردرێژی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کرد کە پیاوبوون‌و پیاوانەبوون جێگای شانازین‌و ژن‌بوون‌و ژنانەبوون نە تەنیا جێگای شانازی نین بەڵکوو زۆر کات پێچەوانەکەشی دەبینرێ، تا حەددێک کە شێوەی لیباسیشی بۆ دیاری دەکرێ‌و تەنانەت لیباسەکەشی وەک موجازات بۆ پیاوان کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

ناوبراو دوابەدوای قسەکانی باسی لە خاڵە موسبەت‌و مەنفی‌یەکانی دژکردەوەکانی دوای ڕووداوەکەی مەریوانی کرد. هەڵوێستی خەڵک لە کوردستان‌و لە دەرەوە لەسەر ئەو ڕووداوە کە هەڵوێستی کردارییی وەک کەمپین، خۆ پێشاندان، نووسین، هونراوەو تەنانەت لە لایەن پیاوەکانەوە کە بە دەبەرکردنی لیباسی ژنانە هەڵوێستی خۆیان نیشان دا، دەتوانێ وەک خاڵی موسبەتی ئەو ڕووداوە چاو لێ‌بکرێ کە دەری خست خەڵکەکەمان لە سەر هەر بابەتێک‌و ڕووداوێکی ڕۆژ هەڵوێستی پێویست دەگرن.

ناهید موکری بە خوێندنەوەی پەیامی ڕێکخراوی ژنانی مەریوان کە لەسەر ماڵپەڕەکەیانە، کۆتایی بە باسەکەی هێنا.

دووهەم کۆڕگێڕی ئەو سمینارە هێرش ناسری بوو کە باسەکەی بە ئاماژە بە چۆنیەتیی هەڵکەوتنی شاری مەریوان دەست پێ‌کرد کە بۆچی ئەو جۆرە ڕووداوە لەو شارە ڕوو دەداو کەسایەتیی ژنی کوردو بەگشتی کەسایەتیی کورد دێنێتە ژێر پرسیار.

ناسری لە باسەکەی‌دا بە شی‌کردنەوەی هەڵکەوتەی جوغرافیایی شاری مەریوان، باسی لە مێژووی جووڵانەوەی فەرهەنگی‌و مەدەنیی ئەو شارە کردو باسی دوو ڕووداوی گرنگی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانی بە نموونە هێنایەوە کە یەکەمیان دروست‌بوونی یەکیەتیی جووتیاران‌و ئەو ڕۆڵە بوو کە چەپی کورد لەو شارەدا بوویەتی‌و هەروەها یەکەم مەکتەبی قورئان لەو شارەدا دامەزراوەو کاریگەریی ئەو دوو بۆچوونە ڕادیکاڵە لەوشارە لە سەر هەڵسوکەوت یان شێوەی دژکردەوەی ئەو خەڵکە هێنایە بەر باس.

هێرش ناسری لە کۆتایی‌دا باسی پێوەندیدانەوەی ئەو ڕووداوە لەگەڵ مێژووی مەریوانی کرد، کە مەریوان ئەگەرچی پێگەیەکی بە هێزی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هەرلەو کاتەدا پێگەیەکە کە گرنگی‌یەکی تایبەتیی بۆ کۆماری ئیسلامی هەیەو کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بەو جۆرە کارانە ناوچەکانی کوردستان لە حاڵەتی دواکەوتوویی‌و دژە ژنی‌دا بیهێڵێتەوە.

شەماڵ کاوە سێهەم کۆڕگێڕی ئەو سمینارە بوو کە باسەکەی بەو پرسیارە دەست پێ‌کرد: لە مەریوان چی ڕووی دا کە بەو جۆرە ڕووناکبیران‌و یەکسانی‌خوازانی پێ ڕاچڵەکین؟ چونکە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتیەوە تا ئەمڕۆ لە هیچ چەشنە بێ‌حورمەتی‌یەک بە کوردو کەسایەتیی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دریغی نەکردوە.

نابراو لە درێژەی باسەکەیدا باسی لەوە کرد کە ئەوەی لە مەریوان ڕووی دا چەندە پێوەندی بە کێشەی یەکسانی ڕەگەزیو کێشەی فێمینیستەوە هەیەو، باسی لەو شێوە لەو نارەزایەتی دەربڕینە کرد کە لە واقیعدا ئێعترازێکی ناسیونالیست بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو.

دوایین کۆرگێڕی ئەو سمینارە گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە سەردێری باسەکەی ئەو پرسیارە بوو کە دەبێ چ بکەین هەتا ئەو حەرەکەتە یان حەرەکەتی لەم شیوەیە بتوانێ بەردەوام بێ؟

ناوبراو ئاماژەی کرد ئەو ڕاستییەی کە ئەو حەرەکەتە و دژکردەوە دوو لایەنی ناسیۆنالیستی و فێمینیستی یان یەکسانیخوازی هەیە نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام ناکرێ بڵێن لایەن ناسیۆنالیستی بە تەواوی بە زەرەری لایەنی یەکسانیخوازی تەواو دەبێ، بەڵکوو دەکرێ ئەو لایەنە ببێتە یاریدەدەر بۆ هێنانە مەیدانی پیاوان بۆ پشتگیری لە باسی یەکسانیخوازی تەنانەت ئەگەر ئەو هاتنە مەیدانە تەواو ئاگاهانە نەبێو بروای تەواو بە یەکسانی تێدا نەبێ. بەڵکوو ئەو پۆتانسیلە نابێ بە ڕەخنە لە مەیدان بەدەر بکرێ یان ناهومێد بکرێ بەڵکوو دەبێ لە ڕاستای هیدایەت کردن و پەرە پێدان و قوڵتر کردنەوە پشتگیری بکرێ و سەرمایەگوزاری لە سەر بکرێ.

بە بڕوای گوڵاڵە شەرەفکەندی دیالۆگی بەردەوامی دوو لایەنی ناسیۆنالیستی و یەکسانیخوازی تەنیا ڕێگای چارەی کێشەی ژنی کوردە کە تەنیاگرفتی ژن بوون نیە، بەڵکوو ژنی کوردە و پێناسی کوردایەتی گرێدراوی تەواوی هەیە لە گەڵ کێشەی نەیەکسانی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و چارەسەری کێشەکە دەبێ و پێویستە بە خۆماڵی بکرێ. چەند خاڵ سەبارەت بە هاوکاری لە پێناوگەیشتن بە دیالۆگ لە نیوان ژنان و پیاوان بۆ بردنە پێشی خەباتی یەکسانیخوازیبەشی کۆتای باسی ناوبراو بوو.

شایانی باسە کە دوابەدوای باسەکان دەرگای تێبینیو راوبۆچوون بە ڕووی بەشداران دا کرایەوە کە زۆر چالاکانە لەسەر هەموو باسەکان ئالو گۆری بیرو را کرا.

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان









ڕۆژی شەممە، ٢٥ ی جۆزەردان کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سیهەم کۆنفرانسی خۆی بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی خۆی لەو ولاتە پێک هێنا.

ئەو کۆنفرانسە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی نەتەوەکەمانو هەموو شەهیدانی ڕێگای یەکسانیی کۆمەڵگا دەستی پێکردو کۆنفرانسەکە بە وتارێکی کورت لەلایەن سۆزان ئەمینی، ئەندامی لاوی پێگەیشتووی یەکیەتیی ژنان کرایەوە.

پاشان خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی بە ناوی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە باسێکی کورتی لە سەر زەرووەرەتی بوونو شێوەی کاری ئەو ڕێکخراوەیە لە دەرەوە پێشکەش کرد.

پاشان پەیامی کۆمەڵەی ژنانی سەنتەر پارتی لەلایەن خاتوو سۆلڤیە زاندار، نوێنەری ئەو پارتەوە پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانسدا ڕێز لەو کوروکچە کوردانە گیرا کە بەتازەیی دیپلۆمیان وەرگرتوە، یان زانکۆیان تەواو کردوەو دواتر گۆرانییەک بە دەنگی خۆشی باوان کەریمی، ئەندامی لاوی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرا.

لەبەشی دیکەی کاری کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنان لە لایەن خاتوو شوعلە قادری، بەرپرسی ئەم کۆمیتەیەوە خوێندرایەوەو دواتر ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن خاتوو جەمیلە کرمانج، بەرپرسی ماڵیی کۆمیتە پێشکێش کرا.

دوابە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانو دەربڕینی ڕاو بۆچوونو تێبینییەکانی بەشداران لەسەریان، هەر دوو ڕاپۆرتەکە بە تێکڕای دەنگ پەسند کران.

بەشی کۆتایی کاری کۆنفرانس بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی تازە لە وڵاتی سوئێد تەرخان کرابوو.

شایانی باسە کە هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی هەڵبژێردراوادا بە تێکرای دەنگ خاتوو شلێر حەسەنپور وەک بەرپرسی کۆمیتەی تازە دیاری کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ئەنجومەنی زێد لە شاری هەولێر سمینارێکی زانستیی بەڕێوەبرد لەژێرناوی:

# ئاوڕێک لەمێژوو و تێڕامانێک لە بارودۆخی ئێستای ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان







ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ ی بانەمەڕ ئەنجومەنی زێد لەهەولێر لەدرێژەی دژکردەوەکان لەبەرامبەر سووکایەتیکردنی دەسەڵاتی دەزگای قەزایی‌و هێزە ئینتیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەژنی کورددا سیمینارێکی زانستیی لەژێر ناوی «ئاوڕێک لەمێژوو و تێڕامانێک لەبارودۆخی ئێستای ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» بەڕێوەبرد. لەسمینارەکەدا کە بە بەشداریی هەیئەتێکی ڕاگەیاندن‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌و ژمارەیەکی زۆر لەماموستایانی زانکۆو چالاکانان‌و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو، لەیلا قادری، دوکتۆر فرەیدوون ڕەحمانی، ژیلا کەریمی‌و پەروانە محەمەدپوور ڕەهەندە جیاوازەکانی بارودۆخی ژنی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیان خستە بەرباس‌و هەروەها ڕووە قانوونی‌یەکەی حوکمی دادگای شاری مەریوان بەسەر تۆمەتبارەکەشدا تاوتوێ کرا.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا لەیلا قادری، چالاکی بواری مافەکانی ژنان باسێکی لەسەر ڕۆڵو پێگەی ژن لە کوردستان بەگشتی‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

کۆرگێر جەختی لەوە کردەوە کە ژنانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو لە ڕووە سیاسیی و ئەدەبی و کارگێری‌دا ئامادەیی بەردەوامیان هەبووەو هەیە.

لەیلا قادری پێی وابوو کە ژنی کورد هەمیشە پەروەردەیەکی ئاراستەکەری هەبووە،و لەڕێگەی لایەلایەکانی بۆ منداڵان تاکی شۆڕشگێری بەرهەم هێناوەو لەدرێژەی باسەکەی‌دا ئاماژەی بە راوبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسە ئورووپایی و ئەمریکایی‌یەکان کرد، کە باسیان لە پێگەی ژنی کورد کردوە.

دواتر هەر لە پانێلی یەکەمی سیمینارەکەدا پارێزەر پەروانە محەممەدپوور ئاماژەی بەوە دا کە حوکمەکەی دادگای مەریوان تەنانەت بەپێی قانوونەکانی نێوخۆی ئێرانیش ناقانوونی‌یەو،گوتیشی کە چەکدارەکانی نیرووی ئینتزامی بەرپرسیارەتیی حوکمی لەبەرکردنی جلی ژنان لەبەرتۆمەتبارەکەیان لەئەستۆ نیە.

پەروانە محەممەدپوور دەسەڵاتی دادوەریی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو حوکمە لەمەریوان زانی.

لە پانێلی دووەمی سیمینارەکەدا ماموستای زانکۆ دوکتور فرەیدوون ڕەحمانی بە ئامارو داتاوە باسێکی لەسەر بارودۆخی کۆمەلایەتیی ئێران بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەت پێشکێش کرد.

دوکتور فەرەیدوون بە باسکردنی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئێران گوتی لەهیچ قۆناغێکدا نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەڕادەی نەتەوەی کورد ڕێزیان لەژنان نەگرتوە، ئەو پێی‌وابوو کە هەر لە سەردەمی ئاریامێهرەوە بەربەستێکی جیدی لەبەردەم ژنی کورد لەئێران هەبووەو، لەسەردەمی ڕەزاشادا سەپاندنی لابردنی حیجابی ئیجاری ئەنجامی پێچەوانەی هەبووە.

دوکتور فرەیدوون ڕەحمانی لە درێژەی بابەتەکەی‌دا گوتی کە سیستەمی پاشایەتی‌و ئیسلامیی ئێران هیچیان نەیانتوانیوە سیستەمێکی دیموکراتیی کۆمەڵایەتی دابنێن، بەباوەڕی ئەو ماموستایەی زانکۆ ڕەزا شاو محەممەد خاتەمی سەرکۆماری ئیسلاحاتی ئێران هەردووکیان نەک خزمەتیان بەخەڵک نەکردوە، بەڵکوو بنچینەکانی دیکتاتۆری‌یان بەهێزتر کردوە، ئەو ئاماژەشی بەوە دا کە چالاکانی مەدەنی‌و سیاسی‌و قانوونیی ئێران هیچیان نەیانتوانیوە هێزێکی گوشاربن، و بەشیرین عبادییشەوە هیچیان لەگەڵ کارەکانی خۆیان سادق نەبوون،و لەجێگەی ڕەخنەی جیدی لەسیستەم، مودارا دەگەڵ سیستەمە داپلۆسێنەرەکە دەکەن، هەر بۆیەش ئەو ئامارە زۆرە لە لەشفرۆشی‌و تەڵاقو منداڵە بێ سەرپەرستەکانی لێ کەوتووەتەوە.

لەبەشی دووەم لەپانێلی دووەمیشدا ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی ژنان ژیلا کەریمی باسێکی لە ڕۆڵی ژنان لە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا کردو گوتی بێدەنگنەبوونی ئافرەتی کورد ئێستا گەیشتووەتە قۆناغێک کە دژی بڕیارەکانی کاربەدەستان بوەستی‌و خۆپێشاندان ئەنجام بداو دەنگی نارەزایی بگەیەنێتە گوێی جیهانی‌یان‌و بە کەلکوەرگرتن لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی چوارچێوەو سنوور ببەزێنی‌و پیاوان هان بدا تا هاوهەنگاوی ژنان بن تا دەسەڵاتداران تێبگەیەنن کە ئیدی بێدەنگی‌و کپبوون وەک بایەخ سەیر ناکرێ‌و ئەو کەسە سەرکەوتووە کە نەهێڵێ کەس مافی پێشێل بکا. جێگەی ئاماژەپێدانە کە دوای تەواوبوونی پانێلەکانی سیمینارەکە گفتوگۆیەکی کراوە لەنێوان ئامادەبووان‌و هەر چوارکەسی کۆرگێڕدا بەڕێوەچوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بوونی ١٣٠ هەزار ژنی موعتاد لە ناوەندەکانی نەهێشتنی ئێعتیاددا

جێگری ناوەندی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان دەڵێ کە ئێستا، ١٣٠ هەزار ژن لە ناوەندەکانی تەرکی ئیعتیاد لە ژێر چاوەدێریو چارەسەری وازهێنان‌دانو لەسەدا ٢٢ی تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکانیش خاوەن خوێندەواریی بەرزنو بڕوانامەی لیسانسیان هەیە .دین پەرەست، جێگری ناوەندی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان لە ئێران، وێڕای ئاماژە بە وەی کە لە حاڵی حازردا ئێران ١٠ میلیۆن نەخوێندەواری هەیە، دەڵێ تەنیا نەخوێندەواری هۆکاری گیرۆدە بوون بە ماددەی سڕکەر نیە، چونکە بە داخەوە لەسەدا ٢٢ی موعتادەکان لە ئێراندا خوێندەوارنو بڕوانامەی کارناسی‌یان هەیە.

ناوبراو جەختی کردەوە کە بە بێدەنگەو حاشالێ‌کردنو نەدانی ئاماری دروست لە حەشیمەتی موعتادەکانی وڵات بە تایبەت قوتابی‌یانی گیرۆدەبوو بەو بەڵا ماڵوێرانکەرە، کێشەی ئیعتیاد لەم وڵاتە چارەسەر نابێ، هەر بۆیە کاربەدەستان دەبێ ڕێگەچارەی بە کردەوەی بۆ بدۆزنەوە، بە تایبەت لە بواری پێشگیری‌کردن لەم کارەساتەدا پێویستە هەنگاوی بەپەلەو کردەیی هەڵبێننەوە.



دین پەرەست لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە پەرەسەندنی ئیعتیاد لەنێو ژنان‌دا کردو گوتی: لە حاڵی حازردا ١٣٠ هەزار ژن لە ناوەندەکانی تەرکی ئیعتیاد لە ژێرچاوەدێریی وازهێنانو چارەسەردانو ژمارەیەک لە ژنانی موعتادیش بەهۆی هەندی هۆکاری کۆمەڵایەتی ئامادە نین خۆیان بە ناوەندەکانی تەرکی ئیعتیاد بناسێنن. شایانی باسە کە بەپێی ئامارە ڕەسمیی‌یەکان ژنان پتر لە سەدی ١٠ی حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران پێک دێننو هەر بەپێی ئەم ئامارانە کۆمەڵگای ئێران نزیکەی ٤ میلیۆن کەسی گیرۆدەبوو بە ماددە سڕکەرەکانی هەیە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کارناسە سەربەخۆکان دەڵێن ئاماری ڕاستەقینەی تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکان زیاتر لە ٦ میلیۆن کەسە

# کچێکی مێرمنداڵ لە بۆکان گیانی لە دەست دا



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردان کچێک بەناوی «بەفرین مەعرووفی» لە ڕێگەیشاری بۆکان بۆ گوندی کۆستە لەلایەن باوکی خۆیەوە کوژرا..

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە ڕای‌گەیاندوە: بەفرین لە ماشێنەکەی خۆیاندا لەگەڵ باوکی تووشی دەمەقاڵە هاتبوو و لە ئەنجامدا باوکی چەندین مستی لە دەم و چاوی کچەکە داو بەو هۆیەوە کچەکە خۆی لە ماشێنەکە فڕێ دابوو کە بە سووکی بریندار ببوو.
سەرچاوەکە ئاشکرای کردبوو، پاش ئەوەی بەفرین خۆی فڕێ داوەتە خوارێ، باوکی ماشێنەکەی ڕاگرتووەو بە پێلاقە کچەکەی خۆی کوشتووەو لە کاتێکدا گیانی لەدەست دابوو لەلایەن هاونیشتمانانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری بۆکان کرا.
باوکی بەفرین بەناوی «ح. م» لە لێکۆڵینەوەدا ڕای‌گەیاندوە کە کچەکەی بەهۆی خۆفڕێدان لە ماشینەکە گیانی لەدەست داوە.

ئەوش لە حاڵێکدا بووە کە بە وتەی ئەو سەرچاوەیە چەندین کەس لە هاونیشتمانان بینەری ئەو ڕووداوە بوون، هیچ کەس وەک شایەتحاڵ بۆ شایەتی‌دان بانگهێشتی ئیدارەی پۆلیس شاری بۆکان نەکراوە، ئەمەش تووڕەیی بەرینی خەڵکی شاری بۆکانی لێ‌کەوتۆتەوە.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردان تەرمی بەفرین لەلایەن خەڵکی شاری بۆکانەوە ئەسپەردەی خاک کرا..



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زیاتر له سەدا ٩٠ ی ژنانی تووشبوو به ماددەهۆشبەرەکان بێماڵو حاڵن

له حاڵێکدا ئاماره ڕەسمییەکان دەڵێن حەشیمەتی ژنانی تووشبوو به ماده سرکەرەکان له ئێران له ١٣٠ هەزار کەس تێپەڕیوه، ڕاپۆرتەکان باس لەوه دەکەن که زیاتر له سەدی٩٠ی ئەو ژنانه بێئەنواو بێماڵوحاڵن.

فەرید بەراتی سەدە، بەڕێوەبەری گشتیی پێشگیریو چارەسەری تووشبووانی ڕێکخراوی بێهزیستی، له پێوەندی لەگەڵ ژنانی تووشبوو به ماده هۆشبەرەکاندا به ئیلنای ڕاگەیاندوه که لەم ١٣٠ هەزار کەسه له ساڵی ڕابردوودا تەنیا ٣ هەزار کەسیان له ژێر چاودێریو چەتری پێڕاگەیشتنی بێهزیستیدا بوونو ئەمساڵ ژمارەی ئەو کەسانه گەیشتۆته سەروو ٣٠ هەزار کەس، بەڵام بەو حاڵه ئێستاش ١٠٠ هەزار ژنی تووشبوو به ماده سرکەرەکان پێویستییان به پشتیوانیو دالدەدانه.

به وتەی ناوبراو زیاتر له سەدی ٦٠ ی ژنانی تووشبوو له ژێر چاوەدێریی بێهزیستیدا نینو تەنیا لەسەدا ٢٠ ی ژنانی موعتاد له لایەن ئەم ناوەندەوه دالده دراونو یارمەتی دەدرێن.

ئەم کاربەدەستەی بێهزیستی له پێوەندی لەگەڵ چاوەدێرینەکرانی زۆربەی ژنان لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوه گوتی: به سەرنجدان به ئایین‌نامەی پەسندکراوی ساڵی ٩١، ڕێکخراوی بێهزیستی بۆی نیه ناوەندی خەواندنو چارەسەر بۆ موعتادەکان دابنێو ئەم مەسەلەیه له ئەستۆی وەزارەتی بێهداشته، هەر بۆیه نەیانتوانیوه



چاوەدێریی زیاتریان بەسەر حەشیمەتێکی زۆرتر له ژنانی گیرۆدەبوو به مادده هۆشبەرەکاندا هەبێ.

شایانی باسه که بەپێی بۆچوونی کارناسانی کۆمەڵایەتی ئاماری ژنانی موعتاد له وڵات زۆر لەوه زیاتره که بەڕەسمی ڕاگەیەندراوەو شەرمی کۆمەڵایەتیو ڕوانگەی چەوتی کۆمەڵگا بۆ دیاردەی ئێعتیاد به تایبەت له ژناندا وا دەکا ئەو دیاردەیه له ژناندا زۆرتر به شاراوەیی بمێنێتەوه.

# خۆکوژیی ژنێکی لاو له برایمئابادی بۆکان



ژنێکی تەمەن ١٩ ساڵ له ئاوایی برایمابادی بۆکان خۆی هەڵواسی.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرمان ڕۆژی سێشەممە، ١٤ ی جۆزەردان له ئاوایی برایمابادی سەر به ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان ژنێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەناوی مێهری بەرجەسته بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیو نەحاوانەوه لەگەڵ ماڵەمێرد خۆی هەڵاواسیوەو کۆتایی به ژیانی هێناوه.

خۆکوژیی مێهری بەرجەسته له برایمابادی بۆکان له حاڵێک دایه که ڕۆژی چوارشەممە، ٨ ی جۆزەردان کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەناوی فاتمه نیسانی خەڵکی ئیلام بەهۆی به شوودانی زۆرەملی، ئاگری له جەستەی خۆی بەرداو خۆی کوشت.

بەپێی میدیاکانی نێوخۆی وڵات لەهەمان ڕۆژدا کچێکی دیکه به ناسناوی «جادەری» تەمەن ٢٠ ساڵو دانیشتووی شاری دێلوران بەهۆی هەژاری و تووشبوون به نەخۆشییەکی بێ عیلاج خۆی هەڵواسیو کۆتایی به ژیانی خۆی هێنا.

شایانی ابسه ئەو کچه هەتا قۆناخی دیپلۆم درێژەی به خوێندن دابوو که بەهۆی هەژاریو سەختیی باری گوزەران و هەروەها تووشبوون به نەخۆشییەکی بێ دەرمان پەنای بۆ خۆکوژی بردبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرداندن متهم با لباس زنانه و چند ابهام

احسان هوشمند

هفته گذشته در یکی از رویدادهای نادر در کشور یک متهم مرد با حکم دادگاه مریوان با لباس زنانه در سطح شهر گردانده شد. گویا این فرد به همراه دو نفر دیگر از سوی دادگاه محکوم شده‌اند تا با مجازات گردانده شدن در سطح شهر با لباس زنانه روبه‌رو شوند! جدا از این‌که متهم چه اتهامی داشته و برای این اتهامات چه مجازاتی باید در نظر گرفت و آیا مجازات پوشاندن لباس جنس مخالف در اینجا پوشش زنان در انظار عمومی مستندی قانونی دارد یا خیر؟ در اینجا تنها از منظر اجتماعی به بحثی کوتاه درباره این رفتار و حکم اجرا شده پرداخته می‌شود. پوشش و آنچه در زبان محاوره لباس خوانده می‌شود بخشی از فرهنگ جوامع بشری است. در بستر تحولات فرهنگی و اجتماعی و با توجه به کارکردهای اجتماعی و فرهنگی و حتی سیاسی و نیز با توجه به شرایط اقلیمی و جغرافیایی در جوامع گوناگون با تنوعی از پوشش‌های انسانی روبه‌رو بوده‌ایم. بر این اساس، افزون بر تنوع لباس میان جوامع گوناگون، با تفاوت نسبی پوشش و لباس‌های زنانه و مردانه نیز روبه‌رو هستیم. در نگرشی جامعه‌شناختی لباس تنها معرف فرهنگ و مختصات اجتماعی جوامع گوناگون است و عاملی برای برتری یا تحقیر اجتماعی محسوب نمی‌شود. مثلا برخی اقوام یا گروه‌های فرهنگی را می‌توان با لباسشان شناخت یا این‌که برخی مناسک مذهبی با لباس و پوشش خاصی باید انجام گیرد. در جامعه ایران افزون بر این‌که تنوع لباس‌های گروه‌ها و اجتماعات گوناگون به‌نوعی معرف هویت تاریخی و فرهنگی این اجتماعات تلقی می‌شود، لباس و پوشش و نوع آن با دیانت و مذهب مردم نیز پیوند خورده است. یعنی در ایران، لباس و پوشش هم با فرهنگ و تاریخ ایرانیان (همچون دیگر جوامع بشری)و هم با اعتقادات دینی و مذهبی آنان مرتبط است. به‌خصوص این امر یعنی ویژگی مذهبی و دینی لباس برای بانوان وضوح بیشتری دارد. یعنی میزان پوشش و نوع پوشش زنان جدا از ویژگی فرهنگی و قومی و تاریخی ابعاد دینی و مذهبی هم دارد.

این مقدمه گفته شد تا دقیق‌تر دریابیم که اقدام اخیر در شهر مریوان برای مجازات یک مرد آن‌هم با گردانده شدن در سطح شهر با لباس زنانه را چگونه باید تحلیل جامعه شناختی کرد؟ اگر از منظر حکم‌دهنده برای این مجازات لباس تنها معرف منزلت اجتماعی و عاملی برای عزت یا تحقیر انسان‌هاست با این مقدمه می‌توان دریافت این نگرش مردسالارانه نه نسبتی حقوقی دارد نه نسبتی دینی. یعنی از منظر حقوق انسان‌ها، لباس زنانه یا مردانه عاملی برای برتری‌جویی یا تحقیر اجتماعی و جنسیتی نیست. بلکه لباس و نوع آن حقی است که آدمی فی‌نفسه به عنوان انسان داراست و البته در فرهنگ‌های مختلف نوع و کیفیت آن متمایز. از منظر دینی نیز نوع پوشش زن یا مرد نشان و نمادی از عزت و برتری هیچ یک نیست.

حکم‌دهنده این پرونده و نیز دیگر عوامل دخیل در آن احتمالا بدون در نظر گرفتن کارکردهای اجرای چنین دستوراتی صرفا در پی مجازات متهمی بوده‌اند که بتوان به زعم آن‌ها با تغییر لباس جنسیتی وی و گرداندن در سطح شهر و معابر عمومی احتمالا غرور و شخصیت متهم را با چالش جنسیتی درگیر و از این منظر وی را تادیب و مردانگی وی را با پرسش مواجه کنند. گویی مردانگی ارزشی است که با پوشاندن لباس زنانگی درهم می‌شکند.

این مجازات از منظری جامعه‌شناختی موجد خطاهای متعددی است. از سویی لباس و در اینجا پوشش گروه زیادی از زنان را نمی‌توان به نمادی از مجازات مبدل کرد. زیرا لباس بخشی از تاریخ و هویت قومی و اجتماعی و فرهنگی جامعه است نه عاملی برای تحقیر و مجازات. با توجه به این‌که لباس انتخاب‌شده برای مجازات متهم در مریوان پوشش معمول نیمی از اجتماع یعنی زنان است. آیا پوشش این گروه عظیم و بزرگ از جامعه می‌تواند به‌عنوان نمادی برای مجازات انتخاب شود؟ آیا این امر فی‌نفسه توهین به بخش بزرگی از جامعه یعنی زنان نیست که برای مجازات یک خاطی از لباس زنانه استفاده می‌شود؟ آیا برای رفع خطای یک متهم باید از خطای بزرگ‌تر و بااهمیت‌تری سود برد؟ یعنی لباس زنانه به عاملی برای مجازات مردها مبدل شود؟

همچنین در ایران و بسیاری از کشورهای مسلمان لباس و به‌ویژه پوشش زنان بار مذهبی و دینی دارد یعنی حد و حدود لباس و نیز نوع لباس و ضرورت استفاده از لباس جدا از بعد اجتماعی و فرهنگی، بعد دینی نیز دارد و بر این اساس و از این منظر اتفاق روی‌داده در مریوان به نوعی به چالش کشیدن اعتقادات دینی و مذهبی مردم هم می‌تواند تلقی شود. زیرا لباس گروهی از شهروندان که البته ویژگی دینی را در خود مستتر دارد برای مجازات یک متهم و تحقیر وی انتخاب شده است. آیا می‌توان از لباس و به‌ویژه لباس زنان که آشکارا و به صورت کارکردی نمادی دینی و مذهبی است می‌تواند مورد تحقیر قرار گیرد و به عنوان مجازات برای مردها تعریف شود؟ این واقعه درسی برای دست‌اندرکاران قضایی است تا با دقت و حساسیت در برابر چنین احکامی که نافی حقوق شهروندان ایرانی و به‌ویژه زنان این دیاراست روبه‌رو شوند و نگذارند تا لباس و پوشاک مردم ایران و در اینجا زنان در مریوان با تحقیر، کارکردی منفی بیابد و به عنوان معرف مجازات مردان متهم تلقی شود.

***پژوهشگر و جامعه‌شناس مطالعات قومی در ایران**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# (Women don't have to vote for those men who implement rules against them )

However as we get closer to the eleventh presidential election of Islamic republic of Iran, somehow we feel that women movement activists are silent and not active as ever, but this might be a big criticism against the single sex candidates. Within Mahmod Ahmadi Nejad›s leadership, so many rules approved against women and implemented. This year as well the candidates for this post continuously describe the word (feminism) as a western word which is not appropriate for Iran›s society.in this way there is no hope and no program for women even in the future government.

If we go back to Iran›s constitution we see that in clause ١١٥ there is a word (rajol) which means (man), so according to this clause a president has to be a man, a political man who believes in the countries formal religion which is (sheea).

AazamTalaqani) Is a president of Islamic republic society for women,In ١٣٧٦ )

she run for presidential election, but (shuraye negahban) guardian council disqualified her, which means she didn't even get the right to participate.in election of ١٣٨٤ once again she and ٨٩ other women signed up for this post but again guardian council disqualified them. However they showed their disagreement but they got no answer.

This year as well in eleventh presidential election ١٢ women signed up for this post. But this time despite disqualifying them, they have been insulted by guardian council.

(ayatollah mohamad yazdi ) a member of (shuraye negahban) guardian council, announced that these women whom have been signed up for presidential election don't really look like a political individuals ! He said that one of these women had said «if I became a president, the half of the government›s cabinet will be men and the other will be women.

But how would she do that? When she didn't even had right to get elected?

In a country with a democratic government women›s role is so obvious and in an important situation like presidential election of their government they have a fundamental role and in this way they can fight for their rights and get equality in their society.

In Iran women participated in Iran›s revolution in ١٣٥٧ as men did, with a hope that they could rebuild a democratic society, but until now they even haven't got their essential rights and one of them is the right of running for government posts like president.

Those women whom are just like men in all social, economic and scientific aspects, what›s their role in Islamic republic of Iran?

During the ٣٥ years of Islamic republic›s authority women haven't got an appropriate political and social circumstances. The election and voting are two different matters in Iran, women have right to vote but have no right to run for presidential election, which it›s a big offense to women and Iranian women have to feel it and struggle against this rule and all other rules which are a threat to their rights.

The Islamic republic of Iran has showed its backwardness to all and has nothing to hide. So women›s vote will make no change and it›s only giving validity to it›s an equal authority and its dictatorial regime.

Iranian women have to prove that they could have role in authority and essential posts and they are not a tool to fulfill the election boxes but they deserve to be elected. In this way they show that no longer they vote for those men who approve rules against them.

Written by :Editor

Translated by:Begard Alipour



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند وێنەیەک لە کەمپەینی

# " پشتیوانی لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"
















کتێبخانەی ئەلیکترۆنی تەبەری
www.tabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No: 37 Date: June 2013





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org